# دەربارەی
# دادگای
# تاوانی نێودەوڵەتی



# دەربارەی

## دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی

پەڕتووکی (٥)

لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی

**ناوەندی کوردستان بۆ یاسای نێودەوڵەتی (KCIL)**

❁ ناوی پەڕتووک: **دەربارەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی**

❁ وەرگێڕان: **KCIL**

❁ بابەت: **یاسایی**

❁ نرخ: **خۆڕایی**

❁ نۆرەی چاپ: **یەکەم – ٢٠٢٢**

❁ تیراژ: **٥٠٠ دانە**

هەواڵنامەی کتێب

www.kc-interlaw.org

Kc_interlaw

Kcinterlaw

Kc_interlaw

info@kc-interlaw.org

## ناوەندی کوردستان بۆ یاسای نێودەوڵەتی

ناوەندی کوردستان بۆ یاسای نێودەوڵەتی ناوەندێکی ئەکادیمیی کوردیی-ئەڵمانیی ناحکوومی سەربەخۆی قازانجنەویستە. تایبەتە بە لێکۆڵینەوە و بنکۆڵکاریی یاسا نێودەوڵەتییەکان لە کلاوڕۆژنەی مافی پێکهاتەکانی کوردستان و دۆزی کوردستان، هەروەها پاراستن و پێشخستن و چەسپاندنی بنەما گشتییەکانی مافەکانی مرۆڤ و یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی و یاسای تاوانی نێودەوڵەتی لە کوردستان. ناوەند لەبەر ڕۆشنایی بنەما گشتییەکانی ئەو یاسایانەدا، کار بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی لە کوردستان دەکات، ئەمانەش بریتیین لە:

**یەکەم:** پاراستن و پێشخستن و چەسپاندنی مافەکانی مرۆڤ بە لەبەرچاوگرتنی جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ، پەیماننامەی تایبەت بە مافە مەدەنیی و سیاسییەکان، پەیماننامەی مافە ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگییەکان، پەیماننامەکانی مافی ژنان و منداڵان و کەمئەندامان، پەیماننامەکانی دژی ئەشکەنجەدان و بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ و هەڵاوێردی ڕەگەزیی، پەیماننامەی پاراستنی کەمینە نەتەوەیی و ئایینیی و مەزهەبییەکان.

**دووەم:** جێبەجێکردنی بنەما گشتییەکانی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی لە کاتی ململانێ و پێکدادانی چەکداریی، ئەوەش بە ڕەچاوکردنی پەیماننامەکانی ژنێڤ و پەیماننامەی پاراستنی شوێنەوارە کەلتوورییەکان و پەیماننامەی تایبەت بە چەکی کیمیایی و بایۆلۆژیی و چەکە قەدەغەکراوەکانی تر و پرۆتۆکۆلە زیادکراوەکانیان.

**سێیەم:** دەرفەتسازیی دادپەروەرانە بۆ قوربانییان و تۆمەتبارانی تاوانە نێودەوڵەتییەکان، سا ئەمەش لە ژێر ڕۆشنایی یاسای تاوانی نێودەوڵەتی، جا بە ڕەچاوکردنی بنەڕەتنامەی ڕۆمای تایبەت بە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی پەیوەست بە تاوانی جینۆساید و جەنگ و تاوانی دژەمرۆڤایەتیی و شەڕەنگێزیی.

هوالنامه ی کتب

# ناوەڕۆک


پێشەکی ........ ٧

تێگەیشتن لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی ........ ١٠

تێگەیشتن لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی ........ ١١

پێکهاتەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی ........ ٢٧

تاوانەکان ........ ٢٨

شێوەی کارکردنی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی ........ ٢٨

سزاکان ........ ٢٨

بەشداریی قوربانیی ........ ٢٨

قەرەبووکردنەوەکان ........ ٢٨

پاراستنی گەواهیدەرەکان ........ ٢٨

بۆچی ئەندامێتیی لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی گرنگە؟ ........ ٢٨

نووسینگەی داواکاری گشتیی ........ ٢٨

کۆمەڵەی بەرگریکاران ........ ٢٨

قوربانییانی بەردەم دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی ........ ٢٨

سەرۆکایەتیی و دادگاکان ........ ٢٨

دادوەرانی دادگا ........ ٢٨

تۆمارگە ........ ٢٨

بەشی دەستڕاگەشتن بە زانیاریی ........ ٢٨

بەشی دەستبەسەرکردن ........ ٢٨


هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی

بەراورد بە یاسا ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانی تر، یاسای تاوانی نێودەوڵەتیی نوێیە و مێژووکەی چەند دەیەیەکە، لێ هەمیشە ڕەخنەی ئەوەی لە سەرە کە زۆرترین قسەی لە سەر کراوە و لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا سەدان پەڕتووک و هەزاران گفتوگۆ و مێزگردی بۆ سازێنراوە. ئەم یاسایە ئێستا لە زۆربەی زانکۆکانی جیهاندا دەخوێنرێت و گرنگییەکی لە لەکێشبەدەری دەدرێتێ، هەر لە سۆنگەی ئەم ڕژێمی یاسایەوە گەورەدادگاکانی دنیا؛ لە چەشنی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی و دادگای تایبەت بە تاوانی نێودەوڵەتیی بۆ ڕواندا و یوگووسلاڤیا و دادگا تایبەتە نێودەوڵەتییە تێکەڵ و بەنێوخۆکراوەکانی تری وەک؛ دادگای لوبنان و کەمبۆدیا و سیرالیۆن و تەیمووری ڕۆژهەڵات و ئێراق و کۆسۆڤۆی لە سەر دامەزراوە، دادوەرەکانیش خۆبەخۆ تێشوویەکی گەورەتریان بۆ نێو ئەم کاروانە سەربار خستووە.

هەواڵنامەی کتێب

لە ناو ئەم پێشکەوتنە جیهانییە نوێیەدا، گەلان کێشمەکێشیانە چۆنایی ڕۆڵی خۆیان بگێڕن و بەشێک بن لەم ڕەوتە، هەروەها لە گرنگیی و ئاڵۆزییەکانی تێبگەن و پاشان خۆیانی لەگەڵ بگونجێنن، وەلێ لە مێژووی هاوچەرخدا، بنەما گشتییەکانی یاسای تاوانی نێودەوڵەتیی، لە زۆر شوێنکاتی جیاوازدا، بەرانبەر خەڵکی کوردستان پێشێل کراون، لە جینۆساید و شاڵاوی ئەنفال و بەکارهێنانی چەکی کیمیاییەوە، تا زەبروزەنگ و لێسەندنەوەی مافی هاووڵاتییبوون و ئۆپەراسیۆنی سەربازیی دژیان، لە سڕینەوەی کەلتووریی و قەدەغەکردنی زمان و بۆنە نەتەوەییەکان و بێبەشکردنی ماف و ئازادییە مەدەنیی و سیاسییەکانەوە، تا ماف و ئازادییە ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و کەلتوورییەکان، لە بۆردومان و

ســەرهەڵدان و هاشــاوڵی داعش و جینۆســایدی ئێزدییەکان، تا تاوانی جەنگ و تــاوانە دژەمرۆڤــایەتییەکــانی تر، کەچی هەنــدێ هەوڵی تــاکوتەرا و لێرەولەوێی لێ بترازێ، یاســای تاوانی نێودەوڵەتیی بۆ کورد نەبووە بە ڕۆژەڤ. ئەم ڕژێمەی یاســا سـەرەڕای گرنگیی و پێداویسـتییەکەی بۆ کورد، کەچی نە لە زانکۆکانی کوردسـتاندا دەخوێنرێت و نە دەزگای بۆ بنیات نراوە و نە ئاوێتەی زمانی کوردیی کراوە.

زوو یان درەنگ، ئەم یاسایە دەبێتە ناچارییەکی جیهانیی و بنەماکانیشی بەرەو گەردوونیبوونی زیاتر دەکشێت. ئەم ڕژێمی یاسایە تەلیسمەکەی لەوەدایە هەرکاتێک تێکەڵی سیستمی یاسایی ناوخۆ کرا، ئەوا پێکڕا فەلسەفەی یاسایی و سیستمی دادوەریی وڵات دەگۆڕێت و تێگەشتنێکی نوێ بۆ دادپەروەریی دەپشکوێ. سرووشتی یاساکە وەهایە گرنگی بە 'دادپەروەریی ئاشتەوایی'[١] و 'دادپەروەریی ڕاگوزەر'[٢] دەدات، ماف و ژیان و داهاتووی قوربانیی چەقی کارکردنی یاساکەیە و دەیەوێت لە ڕێی پرۆسەکانی دادبینییەوە قوربانیی بەهەند وەربگرێت.[٣] ئەمەش پێچەوانەی 'دادپەروەریی تۆڵەبەند'[٤] و سیستمی یاسایی ئەو وڵاتانەیە وا لە پرۆسەکانی دادبینییدا تاوانبار و سزا بەهەند وەردەگرن و قوربانیی فەرامۆش دەکرێن و پشتگوێ دەخرێن.

بەپێی بنەڕەتنامەی ڕۆمای دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی، دادگاکە 'بنەمای تەواوکاریی'[٥] پەیڕەو دەکات. بەمەش دەوڵەتە ئەنداماکانی ناچار دەکات تا بنەماکانی یاسای تاوانی نێودەوڵەتیی بەنێوخۆیی بکەن، پێی ئەو بنەمایە، ئەرکی لە پێشینە بۆ دەوڵەتە تا تۆمەتباران دادگایی بکات و سزایان بدات، لە کاتێکدا دەوڵەت بە

[١] Restorative Justice.
[٢] Transitional Justice.
[٣] Victim-Centered Approach.
[٤] Retributive Justice.
[٥] Principle of Complementarity.

هۆکاری 'نەیویستن'[6] یان "نەتوانین"[7] دادگایی تۆمەتبارەکانی پێ سەر پێ نەخرێت، ئەوا دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی، دەستێوەردانی یاسایی دەکات و دادبینییەکانی لە ڕەوشێکی دیاریکراودا دەست پێ دەکات. بەمەش دەوڵەتە ئەندامەکانی دادگاکە ئەو ئەو بنەمایانەیان بەنێوخۆیی کردووە و کردوویانە بە بەشێک لە سیستمی دادوەریی خۆیان. هەروەها بەشێک لەو دەوڵەتانەشی وا ئەندامی دادگاکە نین، لە نێو یاساکانی ناوخۆیاندا، یاسای تاوانی نێودەوڵەتیی ڕێک دەخەن. بە هەردوو دیوەکەدا، زوو یان درەنگ، پێویستە کورد دەستوپەنجە لەگەڵ ئەم ڕژێمەی یاسا نەرم بکات.

ئەم پەڕتووکەی بەردەستان، هەوڵێکی (**ناوەندی کوردستان بۆ یاسای نێودەوڵەتیی**)ە بۆ ئاشناکردنتان بە ڕەهەند و تانوپۆکانی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی، ئەم پەڕتووکە یەکێکە لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندەکە و بۆ دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی تەرخان کراوە. پەڕتووکەکە لە چوارچێوەی پرۆژەی "**زەمینەسازیی بۆ بەناوخۆییکردنی یاسای تاوانی نێودەوڵەتیی لە کوردستان**"دایە و وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیای فیدراڵ باربۆی کردووە.

**ناوەندی کوردستان بۆیاسای نێودەوڵەتیی**

[6] Unwilling.
[7] Unable.

# تێگەیشتن لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی




**"ئەو تاوانە مەترسیدارانەی نیگەرانیی بۆ تێکڕای کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی چێ دەکەن، نابێت بێ سزا تێ بپەڕن".**

'بنەڕەتنامەی ڕۆمای دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی'

له ١٧ـــــی تەمـووزی ١٩٩٨ زیـاتـر لە ١٢٠ دەوڵەت لە شـــاری ڕۆمـا بنەڕەتنامەیەکیان پەســەند کرد، ئەمە بە بنەڕەتنامەی ڕۆمای دادگای تاوانی نێودەوڵەتی 'بنەڕەتنامەی ڕۆما' ناسـراوە، سـا بووە هەوێنی دامەزراندنی دادگای تـاوانی نێودەوڵەتیی. دەوڵەتـانی ئەم بنەڕەتنـامەیە، بۆ یەکەم جـار لە مێژووی مرۆڤـایەتییـدا، بڕیـاریـان دا دەســەڵاتی دادوەریی دادگای تـاوانی نێودەوڵەتیی هەمیشـــەیی پەســـەند بکەن، ئەویش بۆ دادگـایی تـاوانبـارانی ئەو تـاوانە مەترسـیدارانەی وا لە سـنووری ئەم دەوڵەتانە یاخود هاونیشـتیمانیان ئەنجام دراوە، ئەمەش دوای کارپێکردنی بنەڕەتنامەی ڕۆما لە ١ی تەمووزی ٢٠٠٢.

دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی جێگرەوەی دادگا نیشـــتیمانییەکان نییە. بەپێی بنەڕەتنـامەی ڕۆمـا، ئەرکی سـەرەکی دەوڵەتـانە دەســەڵاتی دادوەریی تـاوانی وڵاتەکە بە ســـەر ئەو کەســـانەی وا بەرپرســـیاری تاوانە نێودەوڵەتییەکانن، جێبەجێ بکەن.

تەنیا کاتێک دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی دەتوانێت دەستێوەردان بکات، کە دەوڵەتێک نەتوانێت یان ئامادە نەبێت لێکۆڵینەوەیەکی ڕاســـتەقینە ئەنجام بدات و تاوانباران سزا بدات.

شـــائەرکی دادگـای تـاوانی نێودەوڵەتیی، هەوڵـدانە بۆ کۆتـایپهێنـان بە پـارێزبەنـدیی ئەو تـاوانکـارە مەترســیدارانەی وا مـایەی نیگەرانیی کۆمەڵگـای نێودەوڵەتیین، ئەم دادگایە ئاوا لەمپەر بۆ تاوان دەسازێنێت.

گەلێکی هۆشـــیـار دەتوانێـت بەشـــداریی لە دەســـتبەرکردنی ڕێزگرتن و کارپێکردنی بەردەوامی دادپەروەریی نێودەوڵەتیی بکات. ئامانجی ئەم نووســـینە

بریتییە لە بەرزکردنەوەی ئاستی تێگەیشتن لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی، ئەویش لە ڕێگەی پێشکەشکردنی وەڵام بۆ ئەو پرسیارە زۆرانەی وا لەمەڕ دادگاکە دەکرێن.



**"هەوڵدان بۆ بنیادنانی جیهانێکی ئارامتر بۆ داهاتووی مرۆڤایەتیی"**

## ١. دادگای تاوانی نێودەوڵەتی چییە؟

دادگای تاوانی نێودەوڵەتی 'International Criminal Court' یان 'دادگاکە' دادگایەکی نێودەوڵەتی هەمیشەییە بۆ لێکۆڵینەوە و سزادان و دادگایی ئەو کەسانەی کە تۆمەتباری ئەنجامدانی ئەو تاوانە مەترسیدارانەن وا نیگەرانی بۆ تێکڕای کۆمەڵگای نێودەوڵەتی چێ دەکەن، ئەوانیش؛ تاوانی جینۆساید و دژەمرۆڤایەتی و جەنگ و شەڕەنگێزیین.

## ٢. بۆچی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی دامەزرا؟

هەندێک لە تاوانە قێزەونەکان لە ململانێکانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا ئەنجام دران. بەداخەوە، زۆرێک لەم پێشێلکاریانەی یاسای نێودەوڵەتی، سزانەدراو ماونەتەوە. دادگای نۆرنبێرگ و تۆکیۆ پاش کۆتایی جەنگی جیهانیی دامەزران. ساڵی ١٩٤٨، لەو کاتەشدا پەیماننامەی بەرلێگرتن و سزادانی تاوانی جینۆساید پەسەند کرا، لە پەیماننامەکەدا ئەنجوومەنی گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان ئاماژەی بە گرنگیی دادگای هەمیشەیی نێودەوڵەتی بۆ مامەڵە لەگەڵ ئەو دڕەندەییانەی ئەوێ دەمێ ئەنجام درابوون، کردووە.

بیرۆکەی سیستەمی 'دادپەروەریی تاوانی نێودەوڵەتی'[٨] دوای کۆتایی جەنگی سارد سەری هەڵدایەوە. هەرچۆنێک بێت، لە کاتێکدا دانوستانەکان بەپێی بنەڕەتنامەی دادگاکانی تایبەت بە تاوانی نێودەوڵەتی بۆ یوگوسلاڤیا و ڕواندا کە لە نەتەوەیەکگرتووەکان بەڕێوە دەچوو، جیهانیش گەواهیدەری ئەو تاوانە قێزەوناوانە بوو وا لە سەر خاکی یوگۆسلافیای پێشوو و ڕوانداش ئەنجام

[8] Interational Criminal Justice.

درا. لە وەڵامی ئەم دڕندەییانەدا، ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان دەستبەجێ دوو دادگای بۆ ئەو دۆخانە دامەزراند.

مسۆگەر ئەم ڕووداوانە باندۆرێکی باڵکێشیان خستە سەر بڕیاری بەستنی کۆڕبەندی هاوینی ١٩٩٨ لە ڕۆما، جا لەمەوە دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی خەتوخاڵی دا.

## ٣. بنەڕەتنامەی ڕۆما چییە؟

لە ١٧ــی تەمووزی ١٩٩٨، کۆڕبەندێک بە بەشداریی ١٦٠ وڵات، یەکەمین ڕێککەوتننامەی لە سەر بنەمای دادگای هەمیشەیی تاوانی نێودەوڵەتیی دامەزراند. ئەو ڕێککەوتننامەیەی لە ماوەی ئەم کۆڕبەندەدا پەسەند کرا، بە بنەڕەتنامەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی ڕۆما ناسراوە. سەرباری ئەمانەش، ئەو تاوانانە هێڵکێش دەکات وا دەکەونە چوارچێوەی دەسەڵاتی دادوەریی دادگای تاوانی نێودەوڵەتییەوە، لەگەڵ دیاریکردنی شێواز و ڕێکارە یاساییەکان بۆ دەوڵەتانی ئەندام تا پاڵپشتیی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی بن. ئەو دەوڵەتانەی ئەم یاسایانەیان پەسەند کردووە، بە دەوڵەتانی ئەندام ناسراون و نوێنەریان لە ئەنجوومەنی دەوڵەتانی ئەندامدا هەیە.

ئەنجوومەنی دەوڵەتانی ئەندام لانیکەم ساڵی جارێک کۆ دەبنەوە، ڕێسا گشتییەکان بۆ بەڕێوەبردنی دادگاکە و پێداچوونەوە بۆ چالاکییەکانی دیاریی دەکەن. لە ماوەی ئەم کۆبوونەوانەدا، دەوڵەتانی ئەندام پێداچوونەوە بۆ کاروچالاکیی ئەو کۆمەڵانەی وا دەوڵەتان دایانمەزراندوون و پرسەکانی

پەیوەندیدار بە دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی و هەروەها گفتوگۆ لەمەڕ پڕۆژە تازەکان و پەسەندکردنی بودجەی ساڵانە دەکەن.

### ٤. چەند دەوڵەت بنەڕەتنامەی ڕۆمایان پەسەند کردووە؟

١٢٣ وڵات ئەندامی بنەڕەتنامەی ڕۆمان. ئەو وڵاتانە نوێنەرایەتیی هەموو ناوچەکان دەکەن: ئەفریقا و ئۆقیانوسی ئاسیا و ئەورووپای ڕۆژهەڵات و ئەمریکای لاتین و دوورگەکانی کاریبی، هەروەتر ئەورووپای ڕۆژئاوا و ئەمریکای باکوور.

### ٥. بارەگای دادگاکە لە کوێیە؟

بارەگای دادگاکە لە شاری لاهای هۆڵەندایە. بنەڕەتنامەی ڕۆما دەستەبەری ئەوە دەکات، کە دادگا دەتوانێت لە شوێنی تریش دانیشتنەکانی ئەنجام بدات، ئەمە گەر دادوەرەکان بە پەسەندی بزانن. هەروەها دادگاکە بنکەی لەو ناوچانەش کردووەتەوە وا لێکۆڵینەوەیان لێ ئەنجام دەدات.

### ٦. دادگاکە چۆن پاڵپشتیی دارایی دەکرێت؟

دادگاکە لەلایەن دەوڵەتانی ئەندام و هاریکاریی خۆبەخشانەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و تاکەکەس و دامەزراوە و پێکهاتەکانی ترەوە پاڵپشتیی دارایی دەکرێت.

### ٧ . جیاوازیی دادگای تاو انی نێودەوڵەتیی و دادگاکانی تر چییە؟

دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی دادگایەکی هەمیشەیی سەربەخۆیە، لە کاتێکدا دادگا تایبەتەکانی یوگۆسلافیای پێشوو و ڕواندا و دادگا هاوشێوەکانی تر، لە چوارچێوەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دامەزران، ئەمەش بۆ مامەڵەی دۆخێکی تایبەت، ئەو دادگایانە ئەرک و دەسەڵاتێکی دادوەریی سنوورداریان هەبوو. هەروەها، دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی، کە تاکەکەسەکان دادگایی دەکات، لە دادگای دادیی نێودەوڵەتیی جیاوازە، ئەمەیان شائۆرگانی دادگەریی نەتەوە یەکگرتووەکانە بۆ یەکلاییکردنەوەی ناکۆکیی نێوان دەوڵەتان. دادگای دادیی نێودەوڵەتیی و دادگای جێگرەوەی تاوان بۆ هەردوو دادگای تایبەت بە تاوانی نێودەوڵەتیی یوگۆسلافیای پێشوو و ڕواندا، بارەگایان لە شاری لاهایە.

هەواڵنامەی کتێب

### ٨. ئایا دادگای تاو انی نێودەوڵەتیی ئۆرگان یان بریکارێکی نەتەوە یەکگرتووەکانە؟

نەخێر. دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی ناوەندێکی سەربەخۆیە، ئەرکی دادگایی تاکەکەسەکانە بۆ ئەو تاوانانەی وا دەکەونە چوارچێوەی دەسەڵاتی دادوەریی دادگاکەوە، ئەمە بێ ئەوەی ڕاسپاردەیەکی تایبەتی نەتەوەیەکگرتووەکانی گەرەک بێت. لە ٤ـی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٤ دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی و نەتەوەیەکگرتووەکان ڕێککەوتنێکیان بۆ بەڕێوەبردنی پەیوەندییە دامەزراوەییەکەیان واژۆ کرد.

### ٩. ئایا دادگای تاو انی نێودەوڵەتیی جێگرەوەی دادگا نیشتیمانییەکانە؟

نەخێر. دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی جێی سیستەمی دادوەریی نیشتمانیی ناگرێتەوە؛ بەڵکوو تەواوکەری ئەو دادگایانەیە. دادگاکە دەتوانێت لێکۆڵینەوە بکات و لە کوێش ڕێپێدراو بوو، بەدواداچوون و دادگایی تاکەکەسەکان بکات، تەنها مەگەر دەوڵەتی پەیوەندیدار نەیکات، نەتوانێت یان ئامادە نەبێت ڕاستگۆیانە ئەنجامی بدات. ئەمە ڕەنگە ئەوکاتە ڕوو بدات کە دادبینییەکان بە شێوەیەکی ناڕەوایانە دوا بخرێن یاخود نیازیان پاراستنی تاکەکانە بەرانبەر بەرپرسیارێتیی تاوانەکانیان. ئەمەش بە بنەمای تەواوکارێتیی دەناسرێت، لێرەدا پێشەنگیی بە سیستەمە نیشتمانییەکان دەدرێت. دەوڵەتان شائەرکی دادگایی ئەنجامدەرانی تاوانە مەترسیدارەکان دەگرنە ئەستۆ.


"دادگاکە دەتوانێت لێکۆڵینەوە بکات و لە کوێ ڕێپێدراو بوو،
بەدواداچوون و دادگایی تاکەکەسەکان بکات، تەنیا مەگەر دەوڵەتی
پەیوەندیدارنەیکات، نەتوانێت یان ئامادە نەبێت ڕاستگۆیانە ئەنجامی
بدات."

### ١٠. لە ژێر چ هەلومەرجێکدا دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی دەسەڵاتی دادوەریی خۆی کار پێ دەکات؟

کاتێک دەوڵەتێک لە بنەڕەتنامەی ڕۆمادا دەبێتە ئەندام، ئەوا ئەم دەوڵەتە ملکەچی دەسەڵاتی دادوەریی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی تایبەند بەو تاوانانەی وا لە بنەڕەتنامەکەدا ژمێردراون، دەبێت. دادگا دەتوانێت دەسەڵاتە دادوەرییەکەی خۆی بەکار بێنێت، ئەمەش لە بارودۆخێکدا گەر تاوانباری ناوبراو هاووڵاتیی دەوڵەتی ئەندام بێت یاخود ئەو شوێنەی تاوانەکەی تێدا ئەنجام دراوە، بکەوێتە سنووری دەوڵەتی ئەندامەوە. هەروەها گەر دەوڵەتێک ئەندامی بنەڕەتنامەکە نەبێت، دەتوانێت بڕیاری پەسەندکردنی دەسەڵاتی دادوەریی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی بدات. کاتێک ئەنجوومەنی ئاسایش لە ژێر بەندی ٧ـی بنەڕەتنامەی نەتەوەیەکگرتووەکاندا کار بکات، ئەم مەرجانە جێبەجێ ناکرێن، لەوکاتەدا دۆخەکە بۆ نووسینگەی داواکاریی گشتیی ڕادەسپێرێ.

### ١١. ئایا دەسەڵاتی دادوەریی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی کاتمەندە؟

دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی پەیوەند بەو ڕووداوانە ڕوو دەدەن، تەنیا پاش چوونەبواری کارپێکردنی بنەڕەتنامەکەی لە ١ـی تەمووزی ٢٠٠٢ـدا دەسەڵاتی دادوەریی هەیە. ئەگەر دەوڵەتێک لە بنەڕەتنامەکەدا دوای چوونەبواری جێبەجێکردنەوە ببێتە ئەندام، دادگاکە تەنیا پەیوەند بەم تاوانانەی وا پاش چوونەبواری بەرکاریی بنەڕەتنامەکە بۆ دەوڵەتەکە ئەنجام دەدرێن، دەتوانێت دەسەڵاتی دادوەریی خۆی کار پێ بکات، مەگەر ئەو دەوڵەتە پێشکات جاڕنامەی

دەسەڵاتی دادوەریی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی پەسەند کردبێت، بەڵام دادگاکە ناتوانێت دەسەڵاتە دادوەرییەکانی گرێدراو بە ڕووداوەکانی پێش ١ـی تەمووزی ٢٠٠٢ کار پێ بکات. لە سەرەتای مانگی یەکەم، دوای ٦٠ ڕۆژ لە بەرواری پێشکەشکردنی نووسراوی ئەندامێتیی و پەسەندکردن و قبووڵکردن یان وەرگرتن لە بنەڕەتنامەکەدا، بنەڕەتنامەکە بۆ ئەندامی نوێ دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

## ١٢. داداگاکە دەتوانێت لێپرسینەوە لەگەڵ کێ بکات؟

دادگاکە تاکەکەس دادگایی دەکات نەک کۆمەڵە و دەوڵەتان. هەر تاکێک تاوانێکی ئەنجام دابێت، ئەوا لە چوارچێوەی دەسەڵاتی دادوەریی دادگا، دەبرێتە بەردەم دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی. ڕاستییەکەی ڕێسای لێپرسینەوەی نووسینگەی داواکاری گشتیی، بە ڕەچاوکردنی بەڵگە کۆکراوەکان، گرنگیی بەو کەسانە دەدات وا زۆرترین بەرپرسیارێتیی تاوانیان لە ئەستۆیە؛ هەروەها داواکاری گشتیی ڕەچاوی هیچ یەکێک لەو پێگە فەرمییانە ناکات وا تاوانبارەکە هەیەتی.

## ١٣. ئایا ئەوانەی بەرپرسیارێتیی و پێگەی باڵای سیاسیی یان سەربازیی بەرزیان هەیە، لە دادگایی نابەخشرێن؟ ئایا ناکرێت پارێزبەندیی یاخود لێبوردنیان پێ ببەخشرێت؟

هیچ کەس بەهۆی ئەرکی ئێستای یان ئەو پێگەیەی لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکە هەیبووە، لە دادگایی نابەخشرێت. سەرۆکی دەوڵەت یان حکوومەت،

وەزیر یان پەرلەمانتار، هیچ کەســێک لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی، لە تاوان نابەخشرێت.

لە هەندێک بارودۆخدا، لەوانەیە کەسێک لە پێگەیەکی دەسەڵاتدا بەرپرسیار بکرێت لەو تاوانانەی وا لەلایەن ئەوکەسانەوە ئەنجام دراوە، کە لە ژێر دەستوور و فەرمانی ئەودا کار دەکەن.

هەروەتر، ناتواندرێت لێخۆشبوون وەک بەرگریی لە بەردەم دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی بەکار بهێنرێت. بەم ڕەنگە ناتوانێت لەمپەر بۆ پیادەکردنی دەسەڵاتی دادوەریی دادگا بسازێنێ.

هەواڵنامەی کتێب




"ڕێسای داواکاری گشتیی، گرنگیی بەوکەسانە دەدات وا زۆرترین
بەرپرسیارێتیی تاوانەکانیان لە ئەستۆیە، هەروەها داواکاری گشتیی ڕەچاوی
هیچ یەکێک لەوپێگە فەرمییانە ناکات وا تۆمەتبارەکە هەینی."

**١٤. داخۆ گەردادگاکە فەرمانی دەستگیرکردن بۆ سەرۆکی ئێستای وڵات یان سەرۆکی پێشووی وڵات دەربکات، هۆکارەکەی  سیاسییە؟**

نەخێر. دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی دامەزراوەیەکی دادوەرییە و فەرمانێکی دادوەریی تایبەتی هەیە. دادگاکە ناکەوێتە ژێر جڵەوی سیاسییەوە. وەک دادگایەکی سەربەخۆ، بڕیارەکانی بەپێی پێوەرێکی یاساییین و لەلایەن دادوەرە بێلایەنەکانەوە و بەپێی بەندە بنەڕەتییەکانی ڕێککەوتننامەکە و بنەڕەتنامەی ڕۆما و دەقە یاساییەکانی تری بەڕێوەبردنی کاری دادگاکە، یەکلایی دەکرێنەوە.

**١٥. ئایا دادگاکە دەتوانێت منداڵ دادگایی بکات؟**

دادگاکە بەرانبەر ئەو کەسانەی وا تاوانی بەرباسدراویان ئەنجام داوە و لە خوار ١٨ ساڵەوەن، دەسەڵاتی دادوەریی نییە.

**١٦. دادگاکە بەوە تۆمەتبار دەکرێت گوایە تەنیا وڵاتانی ئەفریقیی بە ئامانج دەگرێت. گەلۆ ئەمە ڕاستە؟**

نەخێر. دادگاکە گشتێنراوە بۆ هەموو ئەو وڵاتانەی دەسەڵاتی دادوەریی دادگاکەیان پەسەند کردووە، ئەم وڵاتانەش لە هەموو کیشوەرەکانن.

وڵاتانی ئەفریقیی بەشداریی بەرفراوانیان لە دامەزراندنی دادگاکە و کاریگەریان لە سەر بڕیاری کردنەوەی نووسینگەی سەربەخۆی داواکاری گشتیی هەبووە. ساڵی ١٩٩٧ کۆمەڵگەی گەشەپێدانی ئەفریقای باشوور زۆر چالاک بوو لە پشتگیریی دادگای پێشنیارکراو و بنەڕەتنامەکە، دەربارەی ئەو بابەتە، لە مانگی شوباتی ١٩٩٨، بەشداربووانی کۆبوونەوەی کۆڕبەندی ئەفریقا لە داکا و

سـەنیگال، لە ڕێگەی 'جاڕنامەی دامەزراندنی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی'.

خستیانە ڕوو. لە کۆڕبەندی ڕۆمادا، واتادارترین بنەڕەتنامە دەربارەی دادگاکە ئەفریقییەکان پێشکەشیان کرد. ڕەنگە گەر پشتگیریی ئەفریقیا نەبا، بنەڕەتنامەی ڕۆما هەرگیز پەسەند نەکرابا. ڕاستییەکەی، ئەفریقیا چڕترین ناوچەی نوێنەرایەتیی ئەندامێتیی دادگاکەیە. متمانە و پشتیوانیی تەنیا هەر لە حکوومەتەکانەوە نییە، بەڵکوو لەلایەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیشەوە دێت. هەروەها دادگا سوودی لە ئەزموونی پیشەگەریی ئەفریقیی و ژمارەیەک لەم ئەفریقییانە وەرگرتووە وا پێگەیەکی باڵایان لە سەرپاکی ئۆرگانەکانی دادگادا گرتووە.

زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی دادگاکە لە سەر داوا یان پاش ڕاوێژ لەگەڵ حکوومەتەکانی ئەفریقا کراونەتەوە. لێکۆڵینەوەکانی تر دوای ڕاسپاردەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان کراونەتەوە، حکوومەتەکانی ئەفریقاش نوێنەریان لێی هەیە. لە کۆتایدا، جگە لە لێکۆڵینەوە فەرمییەکانی خۆی، نووسینگەی داواکاری گشتیی دادگاکە، تاقیکردنەوەی سەرەتایی لە ژمارەیەک وڵاتی هەر چوار کیشوەرەکەدا ئەنجام دەدات.

# پێکهاتەی دادگای تاو انی نێودەوڵەتیی



"دادگای تاو انی نێودەوڵەتیی لە چوار ئۆرگان پێک هاتووە:
سەرۆکایەتیی و هۆبەکانی دادگاکان و نووسینگەی داواکاری گشتیی و
تۆمارگە."

## ١٧. کاری سەرۆکایەتیی چییە؟

سەرۆکایەتیی لە سێ دادوەر (سەرۆکێک و دوو جێگر) پێک دێت، بە زۆرینەی ڕەهای ١٨ دادوەرەکەی دادگا بۆ ئەوپەڕی ماوەی دوو بۆ سێ ساڵ، هەڵدەبژردرێن.

بێجگە لە نووسینگەی داواکاری گشتیی، سەرۆکایەتیی بەرپرسە لە بەڕێوەبەرایەتیی دادگا. سەرۆکایەتیی لە جیهانی دەرەوە نوێنەرایەتیی دادگاکە دەکات و یارمەتیی ڕێکخستنی کاری دادوەران دەدات. هەروەها سەرۆکایەتیی بەرپرسیارە لە جێبەجێکردنی ئەرکی تریش، وەک دڵنیایی لە جێبەجێکردنی ئەو حوکمانەی دادگا دەیسەپێنێ.

## ١٨. کاری دادگاکان چییە؟

هەژدە دادوەرەکە و سێ دادوەرەکەی سەرۆکایەتییش، بۆ سێ بەشی دادوەریی دادگا ئەرکدار کراون، ئەوانیش؛ 'هۆبەکانی دادگای لێکۆڵینەوە'[9]، کە ژمارەیان لە شەش دادوەر کەمتر نییە، 'هۆبەکانی دادگایی'[10]، کە ژمارەیان لە شەش دادوەر کەمتر نییە و 'هۆبەی دادگای پێداچوونەوە'[11]، کە ژمارەیان لە پێنج دادوەر پێک هاتووە. ئەم دادوەرانە بۆ ئەم دادگایانە ئەرکدار کراون، هۆبەکانی دادگای لێکۆڵینەوە، کە هۆبەی هەر دادگایەکی لێکۆڵینەوە لە یەک بۆ سێ دادوەر پێک هاتووە، هۆبەکانی دادگایی، کە هۆبەی هەر دادگایەک لە سێ

---

[9] Pre-Trial Cahmbers.
[10] Trial Chmabers.
[11] Appeal Chamber.

دادوەر پێک هاتووە و هۆبەی دادگای پێداچوونەوەش لە پێنج دادوەر پێک دێت. ڕۆڵ و بەرپرسیارێتیی دادوەرەکان لە خوارێ دیاریی کراوە.

## ١٩. دادوەران چۆن هەڵدەبژێردرێن؟

دادوەران کەسانێکن خاوەنی ئەخلاقی باڵا و بێلایەنیی و ڕاستگۆیین، ئەمانەش لە دەوڵەتەکانی خۆیاندا تایبەتمەندیی پێویستن بۆ وەرگرتنی باڵاترین پلەی دادوەریی. دادوەرەکان ئەزموونێکی پانوپۆڕیان لە بواری چالاکی دادوەریی دادگاکاندا هەیە.

ئەنجوومەنی دەوڵەتانی ئەندام دادوەرەکان هەڵدەبژێرن، سا ئەمەش بەپێی بنەمای لێهاتوویی لەمێژینەیان لە یاسای تاوان و ڕێکاری دادگایی و بوارە پەیوەندیدارەکانی یاسای  نێودەوڵەتیی؛ وەک یاسای مرۆیی نێودەوڵەتیی و یاسای مافی مرۆڤ. دادوەرەکان شارەزایی زۆریان لەمەڕ پرسە تایبەتەکان هەیە، وەک توندوتیژیی دژی ژنان و منداڵان.

لە هەڵبژاردنی دادوەراندا ڕەچاوی پێویستیی نوێنەرایەتیی سیستەمە یاساییە سەرەکییەکانی جیهان و نوێنەرایەتییەکی دادپەروەرانەی پیاوان و ژنان و دابەشکاریی یەکسانیی جوگرافیی دەکرێت. دادوەران دڵنیایی لە دادمەندیی دادخوازییەکان و بەڕێوەچوونی ڕاستیی دادوەریی دەدەن.

## ٢٠. ڕۆڵی هۆبەکانی دادگای لێکۆڵینەوە چییە؟

هەریەکێ لە هۆبەکانی دادگای لێکۆڵینەوە، لە یەک بۆ سێ دادوەر پێک هاتووە، هەموو ئەو پرسانەی پێش قۆناغی دەستپێکردنی دادگایی سەر هەڵدەدەن، چارەسەر دەکات. لە بنەڕەتدا، ڕۆڵیان چاودێریی جێبەجێکردنی لێکۆڵینەوە و چالاکییە دادگەرییەکانی نووسینگەی داواکاری گشتییە، ئەمەش بۆ فەراهەمکردنی مافی تۆمەتبار و قوربانیی و گەواهیدەرەکان لە ماوەی قۆناغی لێکۆڵینەوە و هەروەتر دڵنیایی لە ڕاستگۆیی بەرەوپێشچوونەکان. پاشان هۆبەکانی دادگای لێکۆڵینەوە بڕیار دەدات فەرمانی دەستگیرکردن یاخود پشتڕاستکردنەوەی ئەو سزایانەی وا بە سەر تۆمەتباری تاوانێکدا سەپێندراوە، دەر بکات یان نا، هەروەها دەتوانن بڕیار لە 'پەسەندێتیی'[١٢] 'ڕەوش'[١٣]ـێک یان 'پەڕاو'[١٤]ێک بۆ بەشداریی قوربانییان لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدا بدەن.

## ٢١. ڕۆڵی هۆبەکانی دادگایی چییە؟

دوای ئەوەی فەرمانی دەستگیرکردن دەرکرا و تاوانبار دەستگیر کرا و تۆمەتەکانی هۆبەکانی دادگای لێکۆڵینەوە پشتڕاست کرانەوە، سەرۆکایەتیی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی، هۆبەیەکی دادگایی بۆ یەکلاکردنەوەی پەڕاوەکە پێک دێنێت، ئەمەش لە سێ دادوەر پێک دێت.

شائەرکی هۆبەی دادگایی بریتییە لە دڵنیایی لەمەڕ خێرایی و دادپەروەریی دادگاییەکان و ڕێزگرتنی تەواوەتیی مافی تۆمەتباران، ئەمەش بە ڕەچاوکردنی

[12] Admissibility.
[13] Situation.
[14] Case.

پاراستنی قوربانیی و گەواهیدەرەکان. هەروەها بڕیار لە سەر بەشداریی قوربانیان لە قۆناغی دادگاییدا دەدات.

هۆبەی دادگایی دەستنیشانی دەکات داخۆ تۆمەتبار بەرانبەر بەو تاوانانەی ڕووبەڕووی کراونەتەوە، بێتاوانە یان تاوانبار، ئینجا ئەگەر تۆمەتبار بە تاوانبار ناسرا، ئەوا سزای زیندانیی ماوەدیاری بە سەردا دەسەپێندرێت، ئەمەش سێ ساڵ تا سزای هەتاهەتایی دەگرێتەوە. هەروەها دەکرێت سزای داراییش بسەپێنرێت. بەم ئاوایە، هۆبەی دادگایی فەرمان بە تۆمەتبارێک بکات قەرەبووی ئەو زیانەی وا قوربانیی چەشتوویەتی، بکاتەوە، وەک: قەرەبووکردنەوە و بژاردنەوە و چاککردنەوە.

## ٢٢. کارە سەرەکییەکانی هۆبەی دادگای پێداچوونەوە چین؟

دادگای پێداچوونەوە لە سەرۆکی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی و چوار دادوەری تر پێک دێت. هەموو لایەنەکانی دادگا دەتوانن هەوڵی پێداچوونەوە یان دواخستنی پێداچوونەوەی بڕیاری هۆبەکانی دادگای لێکۆڵینەوە یان هۆبەکانی دادگایی بدەن. هۆبەی دادگای پێداچوونەوە دەتوانێت بڕیاری هۆبەی دادگاییەکە بپەژرێنێت، یان پێچەوانە و هەمواری بکاتەوە، وەک بڕیارەکانی بڕیاری دادگا و سزادان، تەنانەت دەتوانێت فەرمان لە سەر دادگاییەکی نوێ بدات لە بەردەم هۆبەی دادگاییەکی جیاواز. هەروەها دەتوانیت چاو بە دوابڕیاری تاوانباریی یان سزاداندا بخشێنێتەوە.

## ٢٣. کاری نووسینگەی داواکاری گشتیی چییە؟

'نووســـینگەی داواکاری گشـــتیی'[15] ئۆرگانێکی ســـەربەخۆی دادگاکەیە. دەسـەڵاتەکەی بریتییە لە وەرگرتن و هەڵسـەنگاندنی زانیاریی دەربارەی دۆخێک یـاخود تـاوانی ڕەپاڵخراو لە چوارچێوەی دەســـەڵاتی دادوەریی دادگای تـاوانی نێـودەوڵەتیی، ئەمە بـۆ هەڵســـەنگـانـدنی ئەو دۆخەی پێی ســـپێردراوە، تـا دەســـتنیشـــانی بکات، داخۆ بنەمای باوەڕهێن بۆ دەســـتپێکردنی لێکۆڵینەوە لە تاوانی جینۆسـاید و تاوان دژی مرۆڤایەتیی و تاوانی جەنگ و تاوانی شـەڕەنگێزیی هەن، هەروەها بۆ پەلکێشی ئەنجامدەرانی تاوان بۆ بەردەم دادگا.

نووسـینگەی داواکاری گشـتیی، بۆ ڕاپەڕاندنی دەسـەڵاتەکانی خۆی، بۆ سێ بەش دابەش دەبێت:

- 'بەشـــی لێکۆڵینەوە'[16] بەرپرســـە لە ئەنجـامـدانی لێکۆڵینەوەکـان (وەک کۆکردنەوە و پشـــکنینی بەڵگەکان، پرســـیار لە کەســـانی ژێر لێکۆڵینەوە و قـوربـانییـان و گەواهیـدەران). لەم ڕووەوە، بە مەبەســـتی گەیشـــتن بە هەقیقەت، بنەڕەتنامەکە لە نووســـینگەی داواکاری گشـــتیی دەخوازێت لێکۆڵینەوەیەکی یەکسان لە ڕەوشی تاوانبارێتیی و پەرێزپاکیی بکات.
- 'بەشـــی بەدواداچـوون'[17] ڕۆڵی لە پـێـشـاژۆی لـێـکـۆڵـیـنـەوەدا هەیە، بەڵام بەرپرســـیارێتیی ســـەرەکیی دادخوازیی پەڕاوەکانە بۆ بەردەم دادگا جیاوازەکانی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی.

---

[15] Office of the Prosecutor.
[16] The Investigation Division.
[17] The Prosecution Division

- 'بەشی دەسەڵاتی دادوەریی و تەواوکارێتیی و هاریکاریی'[18] ئەمەش بە پشتیوانیی بەشی لێکۆڵینەوە، زانیاری وەرگیراو و دۆخی ڕاسپێردراو بۆ دادگا هەڵدەسەنگێنێت، بۆ دیاریکردنی پەسەندێتیی و یارمەتیی مسۆگەرانەی هاریکاریی داواکراو لەلایەن نووسینگەی داواکاری گشتیی بۆ ڕاپەڕاندنی دەسەڵاتەکەی، شیکاریی بۆ دۆخ و پەڕاوەکان دەکرێت .

## ٢٤. کاری تۆمارگە چییە؟

تۆمارگە یارمەتی دادگاکە دەدات تا دادگاییەکی دادپەروەرانە و بێلایەنانە و ئاشکرا پاوەجێ بێت. شائەرکی تۆمارگە دابینکردنی پشتیوانیی ئیداریی و کارڕاپەڕێنیی هۆبەی دادگاکان و نووسینگەی داواکاری گشتییە. هەروەها پشتیوانیی چالاکییەکانی تۆمارکەر دەکات، وەک بابەتەکانی بەرگریی و قوربانیان و پەیوەندیی و سەلامەتیی. هەروەتر دڵنیایی دەدات کە دادگاکە بە ئاوایەکی تەکووز خزمەت دەکرێت و ڕێکاری کاریگەر بۆ پاڵپشتیی قوربانیان و گەواهیدەران و پارێزگاریی پەرە پێ دەدات، ئەمەش لە پێناو پاراستنی مافەکانیان لە ژێر بنەڕەتنامەی ڕۆما و ڕێکارەکانی دادگایی و کۆکردنەوەی بەڵگە .هاوشێوەی ڕایەڵەی پەیوەندیی فەرمیی دادگاکە، تۆمارگەش بەرپرسی سەرەکیی زانیاریی گشتیی و چالاکییەکانی بەشی پەیوەندیی دادگای تاوانی نێودەوڵەتییە.

---
[18] The Jurisdiction, Complementarity and Cooperation Division.

# تاوانەکان



## ٢٥. کام تاوانانە دەکەونە چوارچێوەی دەسەڵاتی دادوەریی دادگای تاوانی نێودەوڵەتییەوە؟

دەسەڵاتی دادگاکە بریتییە لە دادگایی تاکەکەس (نەک دەوڵەتان)، بۆ ئەو جۆرە کەسانەی وا مەترسیدارترین ئەو تاوانانەی مایەی نیگەرانیی سەرپاکی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیین، ئەنجام دەدەن. ئەوانیش، 'تاوانی جینۆساید'[١٩] و 'تاوانی جەنگ'[٢٠]و 'تاوانی دژەمرۆڤایەتیی'[٢١] و 'تاوانی شەڕەنگێزیی'.[٢٢]

## ٢٦. جینۆساید چییە؟

بەپێی بنەڕەتنامەی ڕۆما، 'جینۆساید' بە واتای هەر یەکێک لەم کردانەی خوارەوە دێت وا بە مەبەستی لەناوبردنی تێکڕا یان بەشێکی نەتەوە و ڕەچەڵەک و نەژاد یان ئایینێکی دیاریکراو دەنوێنرێت:

- کوشتنی ئەندامانی گرووپێک.
- زیانگەیاندنی جەستەیی و دەروونیی بە ئەندامانی گرووپێک.
- خستنەبەر جەوروستەمی ژیانی گرووپێک، بەمەبەستی لەناوبردنی تێکڕا یان بەشێکیان .
- سەپاندنی ڕێکارێک، بە مەبەستی بەربەستدانان لە زاوزێی گرووپێک.
- بەزۆر گواستنەوەی منداڵان لە گرووپێکەوە بۆ گرووپێکی تر.

---

[19] The Crime of Grnocide.
[20] War crimes.
[21] Crimes against Humanity.
[22] The Crime of Aggression.

### ٢٧. تاوانی دژمرۆڤایەتیی چین؟

تاوانی دژەمرۆڤایەتیی هەریەکێک لەم کردانەی خوارێ دەگرێتەوە وا وەک بەشێکی بەرفراوان یاخود پەلاماردانێکی ڕێکخراوی ئاڕاستەکراو دژی دانیشتووانێک دەنوێنرێن، لەگەڵ بوونی زانیاریی لە سەر پەلامارەکە:

- کوشتن
- 'قڕکردن'[٢٣]
- بەکۆیلەکردن
- دورخستنەوە و ڕاگواستنی زۆرەملێی دانیشتووانی مەدەنیی
- زیندانیی
- 'ئەشکەنجە'[٢٤]
- 'لاقەکردن'،[٢٥] 'کۆیلەیی سێکسیی'،[٢٦] 'لەشفرۆشیی زۆرەملێ'،[٢٧] 'سکپڕیی بەزۆر'،[٢٨] 'نەزۆککردنی زۆرەملێ'،[٢٩] یان هەر شێوەیەکی تری توندوتیژیی سێکسیی هاوشێوەی سامناک.
- 'چەوساندنەوە'[٣٠]ی گرووپێکی دیاریکراو لە سەر بنەمای سیاسیی و نەژادیی و نەتەوەیی و ڕەچەڵەکیی و کەلتووریی و ئایینیی و ڕەگەزیی.
- شوێنبزرکردنی زۆرەملێی خەڵک.

---

[23] Extermination.
[24] Torture.
[25] Rape.
[26] Sexual Slavery.
[27] Enforced Prostitution.
[28] forced pregnancy
[29] Enforced Sterilization.
[30] Persecution.

- تاوانی جیاوازیی ڕەگەزایەتیی.
- کردە نامرۆڤانە هاوشـێوە تایبەتمەندەکانی تر، کە بە ئەنقەست دەبنە هۆی ئازارێکی زۆر یان زامی جەستەیی و دەروونیی ترسناک.

### ٢٨. تاوانی جەنگ چیین؟

تاوانی جەنگ پێشـێلی سـامناکی پەیماننامەکانی ژنێف و ئەو پێشـێلکارییە ترسـناکانەی تری یاسـا و نەریتەکان دەگرێتەوە وا لە پێکدادانی چەکداریی نێودەوڵەتییدا کاریان پێ کراوە، هەروەها لەو پێکدادانانەدا وا تایبەتمەندیی نێودەوڵەتییان نییە و لە بنەڕەتنامەی ڕۆمادا هاتوون، ئەمانەش کاتێک وەک بەشـێک لە پلانڕێژیی و سـیاسـەتێکی نەخشـەدارێژراو یان بە ئەندازەیەکی زۆر سامناک، ئەنجام دەدەرێن. ئەم کردە قەدەغەکراوانە بریتین لە:

- کوشتن
- 'ئەندامبڕین'،[٣١] 'مامەڵەی دڕندانە'[٣٢] و ئەشکەنجە.
- 'بارمتەگرتن'[٣٣]
- ئاڕاستەکردنی پەلاماری ئەنقەست دژی دانیشتووانی مەدەنیی.
- ئاڕاستەکردنی پەلاماری ئەنقەست دژی ئەو بینایانەی بۆ ئایین و پەروەردە و هونەر و مەبەسـتی زانسـت و خێرخوازیی و مۆنۆمێنتی مێژوویی و نەخۆشخانە تەرخان کراون.
- 'تالانکاریی'[٣٤]

---

[31] Mutilation.
[32] Cruel Treatment.
[33] Taking Hostage.
[34] Pillaging.

- لاقەکردن و کۆیلەیی سێکسی و سکپڕیی بەزۆر، یان هەر شێوەیەکی تری توندوتیژیی سێکسی.
- ناونووسیی منداڵانی خوار تەمەن ١٥ ساڵ بۆ ناو هێز یان دەستە چەکدارەکان و بەکارهێنانیان بۆ بەشداریی چالاکانە لە کینەبەرایەتیی.

**٢٩. تاو انی شەڕەنگێزیی چییە؟**

وەک ئەوەی لەلایەن ئەنجوومەنی دەوڵەتانی ئەندام و کاتی کۆنگرەی پێداچوونەوەی بنەڕەتنامەی ڕۆما، لە نێوان ٣١ی ئایار و ١١ی حوزەیرانی ٢٠١٠دا، لە کامپالا 'ئوگاندا'، بەڕێوە چوو، 'تاوانی شەڕەنگێزیی' بریتییە لە 'نەخشەدانان'[35] و 'ئامادەکاریی'[36] و 'دەسپێکردن'[37] یان 'جێبەجێکردن'[38]ی کرداری بەکارهێنانی هێزی چەکداریی دەوڵەتێک دژی 'سەروەریی'[39] یان 'یەکپارچەیی هەرێمیی'[40] یاخود سەربەخۆیی سیاسی دەوڵەتێکی تر.

کردەی شەڕانگێزیی، هەروەتر دەستدرێژیی و داگیرکاری سەربازیی و 'لکاندن'[41]ی زۆرەملێ و گەمارۆدانی بەندەر و کەنارەکان دەگرێتەوە، ئەگەر تایبەتمەندیی قورسیی و پێوەر ڕەچاو بکرێت، ئەوا کردەی شەڕەنگێزیی پێشێلکارییەکی ئاشکرای بنەڕەتنامەی نەتەوەیەکگرتووەکانە. ئەنجامدەری کردەی شەڕەنگێزیی، کەسێکە پێگەیەکی کاریگەری هەیە و دەسەڵاتی بە سەر ئاڕاستەی کاری سیاسیی و سەربازیی دەوڵەتێکدا دەشکێ.

---

35 Planning.
36 Preparation.
37 Initiation.
38 Execution.
39 Sovereignty.
40 Territorial Integrity.
41 Annexation.

**٣٠. دەسەڵاتیی دادوەریی کەی ڕووبەڕووی تاوانی شەڕەنگێزیی دەبێتەوە؟**

لە ١٥ـــی کانوونی یەکەمی ٢٠١٧، ئەنجوومەنی دەوڵەتانی ئەندام، بە هاودەنگیی بڕیاری کاراکردنی دەســەڵاتی دادوەریی دادگاکەیان لەمەڕ تاوانی شەڕەنگێزیی لە ١٧ی تەمووزی ٢٠١٨ پەسەند کرد.

**٣١. دادگاکە لە ژێر چ هەلومەرجێکدا دەسەڵاتی دادوەریی خۆی بە سەر تاوانی شەڕەنگێزییدا بەکار بهێنێت؟**

دادگا دەتوانێت دەســەڵاتی دادوەریی لە هەلومەرجی جینۆســاید و تاوانی دژمرۆڤایەتیی و تاوانی جەنگ جێبەجێ بکات، ئەمانەش لە ١ـی تەمووزی ٢٠٠٢ یان دواتر ئەنجام دراون، هەروەها:

- ئەو تاوانانەی هاونیشـتیمانییەکی دەوڵەتێکی ئەندام یان لە سـنووری دەوڵەتێکی ئەندام یاخود لە نێو دەوڵەتێکی پێملی دەســەڵاتی دادوەریی دادگاکە، ئەنجامی بدات؛ یان
- ئەو تاوانانەی ئەنجوومەنی ئاســایشــی نەتەوەیەکگرتووەکان بە دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی ســپاردووە، کە بەپێی بەندی ٧ـــی بنەڕەتنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان دەر کراوە.
- لە ١٧ـی تەمووزی ٢٠١٨، لە هەلومەرجێکدا، کە پێ دەچێت کردەوەیەکی شـەڕەنگێزیی ڕووی دابێت، دەکرێت لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسـایشـەوە بۆ دادگاکە ڕابســپێردرێت، بەپێی بەندی ٧ـــی بنەڕەتنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، بێ گوێدان بەوەی ئەو دەوڵەتەی تێوە گلاوە، ئەندامی بنەڕەتنامەی ڕۆمایە یاخود نا.

لە نائامادەیی ڕاسپاردەی ئەنجوومەنی ئاسایش بۆ کردەی شەڕەنگێزیی، داواکاری گشتیی دەتوانێت لە سەر دەستپێشخەریی خۆی یان داوای دەوڵەتێکی ئەندام، دەست بە لێکۆڵینەوە بکات. سەرەتا دەبێت داواکاری گشتیی دڵنیا بێت داخۆ ئەنجوومەنی ئاسایش بڕیاری یەکلاکەرەوەی سەبارەت کردەی شەڕەنگێزیی دەوڵەتی تاوانبار داوە. ئەگەر ئەنجوومەنی ئاسایش لە ماوەی شەش مانگدا، لە دوای ئاگادارکردنەوەکەی داواکاری گشتیی هیچ بڕیارێکی نەدابێت، ئەوا داواکاری گشتیی پاش ڕێگەپێدانی هۆبەیەکی دادگای لێکۆڵینەوە، دەتوانێت دەست بە لێکۆڵینەوەکانی بکات. هەروەها، لە ژێر ئەم هەلومەرجانەدا، نابێت دادگاکە کار بە دەسەڵاتی دادوەریی خۆی بکات، ئەویش سەبارەت بەو تاوانە شەڕەنگێزییەی هاونیشتیمانییەک یان لە سەر خاکی دەوڵەتێکی ئەندام ئەنجام دراوە، کە ئەم هەمووارکردنەوانەی قەبووڵ یان پەسەند نەکردووە.

### ٣٢. چۆن لە تاو انی شەڕەنگێزیی دەکۆڵرێتەوە؟

ئەگەر ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان یەکلایی بکاتەوە کردەوەیەکی شەڕەنگێزیی ئەنجام دراوە، ئەوا دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی دەتوانێت بڕیار لە سەر کردنەوەی لێکۆڵینەوەیەک بدات، ئەویش بەپێی ئەو مەرجانەی لە سەرێ ئاماژەیان پێ درا.

بە پێچەوانەوە، داواکاری گشتیی دەتوانێت دۆخەکە هەڵبسەنگێنێت و بەپێی بنەمای هەڵسەنگاندنەکەی، سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە دۆخەکە ئاگادار بکاتەوە.

ئەگەر لە ماوەی شــەش مانگی ئاگادارکردنەوەکەی داواکاری گشــتییەوە، ئەنجوومەنی ئاســاییشــی نەتەوەیەکگرتووەکان هیچ یەکلاییکردنەوەیەکی لەمەڕ ئەنجامدان و نەدانی کردەی شــەڕەنگێزیی نەدا، ئەوا داواکاری گشــتیی هێشــتا دەتوانێت لە لێکۆڵێنەوەکەی خۆی لەمەڕ تاوانی شــەڕەنگێزیی بەردەوام بێت، ئەمەش بەگوێرەی دەســەڵاتپێدانی هۆبەکانی دادگای لێکۆڵینەوەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی.

# شێوەی کارکردنی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی



## ٣٣. پەڕاوەکان چۆن دێنە بەردەم دادگاکە؟

هەموو دەوڵەتێکی ئەندامی بنەڕەتنامەی ڕۆما، دەتوانێت داوا لە نووسینگەی داواکاری گشتیی بکات تا لێکۆڵینەوە ئەنجام بدات. هەروەها ئەو دەوڵەتەی ئەندامی بنەڕەتنامەکە نییە، دەتوانێت دەسەڵاتی دادوەریی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی پەسەند بکات، ئەمەش پەیوەند بەو تاوانانەی لە سنووری وڵاتەکەی یان لەلایەن هاونیشتیمانییەکی وڵاتەکەیەوە ئەنجام دراوە، جا داوا لە نووسینگەی داواکاری گشتیی بکات تا لێکۆڵینەوە دەست پێ بکات. هەروەها ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان دەتوانێت ڕەوشێک بە دادگا ڕابسپێرێت.

## ٣٤ .ئایا داواکاری گشتیی دەتو انێت لە سەر دەستپێشخەریی خۆی بڕیار لە کردنەوەی پەڕاو بدات؟

بەڵێ، ئەگەر نووسینگەی داواکاری گشتیی زانیاریی متمانەپێکراوی دەربارەی ئەو تاوانانەی هاونیشتیمانیانی دەوڵەتێکی ئەندام یان دەوڵەتێک، کە دەسەڵاتی دادوەریی دادگای تاوانی نێودەوڵەتییی پەسەندکردووە پێ بدرێ، کە تێوەگلا بن، یان دەربارەی ئەو تاوانانەی لە سنووری دەوڵەتێکی ئەندامدا ئەنجام درابێت، سا بەم دەرئەنجامە بگات کە بنەمایەکی ماقووڵ بۆ بەرەوپێشچوونی لێکۆڵینەوەیەک هەیە. دەکرێ تاکەکان یان ڕێکخراوە نێوحکوومییەکان یان حکوومەتییەکان، یان هەر سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی تر، ئەم چەشنە زانیارییانە دابین بکەن. دەبێت داواکاری گشتیی مۆڵەت لە دادوەرانی هۆبەکانی دادگای لێکۆڵینەوە وەربگرێت، ئەمەش پێش ئەوەی لە ڕەوشێک بکۆڵێتەوە.

## ٣٥. چی ڕوو دەدات کاتێک ڕەوشـێک بۆ لێکۆڵینەوە بە دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی دەسپێردێت؟

داواکاری گشـتیی بۆچوونی خۆی یەکلایی دەکاتەوە کە داخۆ دادگاکە دەسـەڵاتی دادوەریی سـەبارەت بە تاوانی ناوبراو هەیە؟ پاش شـیکارێکی ورد بۆ زانیاریی بەردەسـت، داواکاری گشـتیی بڕیار دەدات، ئایا بنەمایەکی شـیاو بۆ بەرەوپێشـچوونی لێکۆڵینەوە هەیە. بەم ڕەنگە گەرەکە بیسـەلمێنێت ئایا تاوانی جینۆسـاید، تـاوانی دژەمرۆڤـایەتیی یـان تـاوانی جەنـگ، نوێنراوە، ئەگەر سـەلماندی، ئەوا دەبێت دڵنیا بن ئایا تاوانەکان دوای ١ـی تەمووزی ٢٠٠٢ ئەنجام دراون؟ هەروەها داواکاری گشـتیی دەبێت دڵنیایی بدات ئایا دەوڵەتەکە خۆی لێکۆڵینەوەیەکی ڕاسـتەقینە ئەنجام دەدات یـان دادگایی تـاوانبـارانی تـاوانەکان دەکات. لە کۆتاییدا، پێویسـتە کۆمەڵەی گشـتیی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی دەوڵەتانی ئەندام یان دەوڵەتانی تر ئاگادار بکاتەوە کە لەوانەیە دەسـەڵاتی دادوەرییان هەبێت و لە خواسـتی دەسـتپێکردنی لێکۆڵینەوەیەک ئاگاداریان بکاتەوە.

## ٣٦. چۆن لێکۆڵینەوەیەک ئەنجام دەدرێت؟

نووسـینگەی داواکاری گشـتیی بە شـێوەیەکی بـابەتییـانە، لە چەنـد سـەرچـاوەیەکی بـاوەڕپێکراو و سـەربەخۆ و بێلایەنەوە بەڵگەی پێویسـت کۆ دەکاتەوە. لێکۆڵینەوەکە چەندی کات بۆ کۆکردنەوەی بەڵگەکان پێویسـت بێت، دەتوانێت تەرخانی بکات. ئەگەر بەڵگەی پێویسـت بۆ سـەلماندنی تاوانبارێتیی کەسـێکی دیاریکراو کۆ بکرێتەوە، ئەوا داواکاری گشـتیی داوا لە دادوەرانی یەکێک

لە هۆبەکانی دادگای لێکۆڵینەوە دەکات 'فەرمانی بانگکردن'[42] ـــی تۆمەتبار یاخود 'فەرمانی دەستگیرکردن'[43] دەر بکات. بەرپرسیارێتیی فەرمانی دەستگیرکردن، کە دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی دەری دەکات، لەگەڵ دەوڵەتانی ئەندامدا هاوبەشی پێ دەکرێت. دەوڵەتانی ئەندامی بنەڕەتنامەی ڕۆما پابەندی یاساییان هەیە تا تەواو هاوکاریی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی بکەن. دەکرێت دەوڵەتانی تر بانگهێشت بکرێن تا هاوکاریی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی بکەن، سا دەتوانن لە سەر بنەمای ئارەزوومەندانە بڕیار لەو هاوکارییە بدەن.

## ٣٧. دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی هەموو ئەو کەسانە دادگایی دەکات وا گومانی لە ئەنجامدانی تاوانە مەترسیدارەکانیان وا لە سەر؟

نەخێر. دادگاکە ناتوانێت هەموو ئەو کەسانەی گومانی تاوانی مەترسیداریان بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی لە سەرە، بخاتە بەردەم دادگا. بە ڕەچاوکردنی بەڵگە کۆکراوەکان، ڕێسای پەیجووریی نووسینگەی داواکاری گشتیی ئەوەیە سەرنجی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونەکانی بخاتە سەر ئەو کەسانەی وا مەزنترین بەرپرسیارێتیی ئەم جۆرە تاوانانەیان وا لە ئەستۆ.

## ٣٨. ئایا دادگاکانی تر دەتوانن ئەنجامدەرانی ئەم جۆرە تاوانانە دادگایی بکەن وا دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی دادگاییان ناکەن؟

لە ژێر بنەمای تەواوکارییدا، سیستەمی دادوەریی نیشتیمانیی بەرپرسیارێتیی خۆیان لە دادگایی تاوانبارانی تاوانەکان لە ئەستۆیە.

---

42 Issuance Of Summon.
43 Warrants of Arrest.



"نووسینگەی داواکاری گشتیی، بابەتییانە، بەڵگەی پێویست لە چەند سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو و سەربەخۆ و بێلایەنەوە گرد دەکاتەوە".

**٣٩. کێ دەسەڵاتی دەرکردنی فەرمانی دەستگیرکردن و بانگکردنی بۆ بەردەم دادگا هەیە؟**

پاش ئەوەی دەست بە لێکۆڵینەوە دەکرێت، هۆبەیەکی دادگای لێکۆڵینەوە، لە سەر داوای داواکاری گشتی، دەتوانێت فەرمانی دەستگیرکردن و بانگکردن بۆ بەردەم دادگا دەربکات، ئەمە ئەگەر دەربکەوێت بنەمای شیاو بۆ سەلماندنی ئەوەی کەسەکە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی دادوەریی دادگای تاوانی نێودەوڵەتییدا تاوانێکی ئەنجام داوە.

**٤٠. دادوەرەکانی هۆبەی دادگای لێکۆڵینەوە، پێش ئەوەی بتوانن فەرمانی دەستگیرکردن یان بانگکردن بۆ بەردەم دادگا دەر بکەن، چ زانیارییەکیان پێویستە؟**

کاتێک داوای فەرمانی دەستگیرکردن یان بانگکردن بۆ بەردەم دادگا دەکرێت، دەبێت ئەم زانیارییانەی خوارێ بخاتە بەردەستی دادوەران:

- ناوی کەسەکە.
- تایبەتمەندیی ئەو تاوانانەی گوایە ئەو کەسە ئەنجامی داون.
- پوختەیەکی کورت دەربارەی ڕاستییەکان (ئەو کردەوانەی گوایە تاوانن).
- پوختەیەک لە بەڵگەکانی دژ بە کەسەکە.
- هۆیەکانی دەستگیرکردنی کەسەکە.

## ٤١. دەکرێت چ هۆکارێک ڕەوایەتیی بداتە فەرمانی دەستگیرکردن؟

ئەگەر پێویست بوو، ئەوا دادوەران فەرمانی دەستگیرکردن دەردەکەن، ئەمەش تا مسۆگەر بن بە ڕاستیی کەسەکە لە دادگاییدا ئامادە دەبێت، یاخود کەسەکە ڕێگریی و مەترسیی ناخەتە بەردەم لێکۆڵینەوە و بەرەوپێشچوونەکانی دادگا، یاخود لە پێناو لەمپەرسازیی بۆ کەسەکە تا بەردەوام نەبێت لە تاوان.

## ٤٢. دوای دەرچوونی فەرمانی دەستگیرکردن چی ڕوودەدات؟

تۆمارگە،[44] داواکارییەکانی هاوکاریی بۆ دەستگیرکردن و خۆبەدەستەوەدانی گومانلێکراوەکە بۆ دەوڵەتی پەیوەندیدار یان دەوڵەتانی تر دەنێرێت، ئەمەش بەپێی بڕیاری دادوەران لە هەر پەڕاوێکدا.

هەرکاتێک کەسەکە دەستگیر بکرێت و دادگاکەی لێ ئاگادار بکرێتەوە، ئەوا دادگاکە دڵنیای دەکاتەوە کە ئەو کەسە وێنەیەکی فەرمانی دەستگیرکردن، بە زمانێک بە تەواویی لێی تێدەگات و قسەی پێ دەکات، وەردەگرێت.

## ٤٣. ئایا دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی دەسەڵاتی دەستگیرکردنی گومانلێکراوانی هەیە؟

دادگاکە هێزی پۆلیسی تایبەت بە خۆی نییە. بەم پێیە، پشت بە هاوکاریی دەوڵەت دەبەستێت، ئەمە بۆ دەستگیرکردن و خۆبەدەستەوەدانی گومانلێکراوان بنچینەییە. بەپێی بنەڕەتنامەی ڕۆما، لە چوارچێوەی دەسەڵاتی دادوەری

44 The Rgistry.

دادگاکەدا، دەبێت دەوڵەتانی ئەندام لە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی تاوانەکاندا هاوکاریی تەواوی دادگاکە بکەن.

## ٤٤. کێ دەبێت فەرمانی دەستگیرکردن جێبەجێ بکات؟

بەرپرسیارێتیی جێبەجێکردنی فەرمانی دەستگیرکردن لە هەموو پەڕاوەکاندا لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتەکاندا دەمێنێتەوە. لە دامەزراندنی دادگای تاوانی نێودەوڵەتییدا، دەوڵەتەکان بەپێی بنەمای دوو کۆڵەکە سیستەمێکیان ڕێک خستووە. دادگاکە خۆی کۆڵەکەی دادوەرییە. کۆڵەکەی ڕاپەڕاندنیش سەر بە دەوڵەتانە،ئەمەش وەک جێبەجێکردنی فەرمانەکانی دادگاکە.

دەوڵەتانی ئەندامی بنەڕەتنامەی ڕۆما پابەندێتی یاساییان لەسەرە، کە بە تەواویی هاوکاریی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی بکەن. کاتێک دەوڵەتێکی ئەندام ناتوانێت داواکاریی هاریکاریی جێبەجێ بکات، لەم بارەدا دادگاکە دەتوانێت چارەسەرێک بدۆزێتەوە، بابەتەکەش ڕاسپاردەی ئەنجوومەنی دەوڵەتانی ئەندام دەکات بۆ کاری زیاتر.

کاتێک ئەنجوومەنی ئاسایش دەسەڵاتی دادوەریی دادگاکە چالاک دەکات، ئەوا ئەرکی هاوکاریی بۆ هەموو وڵاتانی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان درێژ دەبێتەوە، ئەمە بەبێ ڕەچاوکردنی ئەندامێتیی یان نائەندامێتیی ئەو وڵاتانە لە بنەڕەتنامەکەدا. ئەو تاوانانەی دەکەونە چوارچێوەی دەسەڵاتی دادوەریی دادگاکەوە، مەترسیدارترین تاوانن کە مرۆڤایەتی دەیانزانێت و بەپێی ئەوەی لە ماددەی ٢٩ـی بنەڕەتنامەکەدا هاتووە، بە هیچ کلۆجێک نابێت سنوورمەند بکرێن. فەرمانی دەستگیرکردن فەرمانی درێژایی ژیانە و جا لەم سۆنگەوە، زوو یان درەنگ، تاکەکەسەکان هەر ڕووبەڕووی دادگاکە دەبنەوە.

## ٤٥. دوای ئەوەی کەسێک دەستگیرکرا، چی ڕوودەدات؟

دەستبەجێ کەسی دەستگیرکراو دەهێنرێتە بەردەم دەسەڵاتی دادوەریی لەو دەوڵەتەی لێی گل دراوەتەوە، ئەمەش یەکلایی دەکاتەوە ئایا بڕیارەکە بە ڕاستیی بۆ کەسی دەستگیر کراوە، ئایا ئەو کەسە بە ڕەچاوکردنی مافەکانییەوە دەستگیر کراوە و ڕێز لە مافەکانی گیراوە یان نا. کاتێک 'فەرمانی خۆبەدەستەوەدان'[٤٥] دەر کرا، ئەوا ئەو کەسە دەگەیەنرێتە دادگا و لە بنکەی دەستبەسەرکردنی شاری لاهای هۆڵەندا دەهێڵدرێتەوە.

[45] Order of Surrender.



"دادگاکە هێزی پۆلیسی تایبەت بە خۆی نییە. بەم پێیە بۆ دەستگیرکردن و خۆبەدەستەوەدانی گومانلێکراوان، پشت بە هاوکاریی دەوڵەت دەبەستێت. دادگاکە خۆی کۆڵەکەی دادوەریی سیستەمی بنەڕەتنامەی ڕۆمایە. کۆڵەکەی ڕاپەڕاندنیش سەر بە دەوڵەتانە، بۆ نموونە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی دادگاکە".

## ٤٦. مەرجەکانی دەستبەسەرکردن لە بنکەی دەستبەسەرکردنی لاهای چین؟

بنکەی دەستبەسەرکردنی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی، هاوچەشنی بەرزترین پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی مافەکانی مرۆڤە بۆ مامەڵە لەگەڵ دەستبەسەرکراوان، ئەمەش بەپێی پێودانگی یاسایی نەتەوەیەکگرتووەکانە. دەسەڵاتێکی پشکنینی سەربەخۆ پشکنینە ئاسایی و ڕانەگەیەنراوەکانی لە بنکەکە ئەنجام دەدات، ئەمەش بەو ئامانجەی چاودێریی ئەوە بکات دالْدە دراون و مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.

لە بنکەی دەستبەسەرکردنی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی، خشتەی ڕۆژانە ڕێ بە دەستبەسەرکراوان دەدات تا لە حەوشەدا پیاسە و ڕاهێنان بکەن، هەروەتر چاودێریی پزیشکیی وەربگرن و هەموو کارئاسانییەکیان بۆ ئامادەکاریی بەرگریی لە خۆیان پێشکەش دەکرێت. سەرەڕای ئەوەش، بنکەکە ئامێری چەشناوچەشنی میدیایی هەیە و زنجیرەیەک بەرنامەی ڕاهێنان و سەرگەرمیی و وەرزشیی پێشکەش دەکات. هەروەها دەستبەسەرکراوان دەستیان بە کۆمپیوتەر و تەلەفزیۆن و پەڕتووک و گۆڤاردا ڕادەگات. ئەوانەی توانای بەکرێگرتنی پارێزەری تایبەتییان نییە، مافی ئەوەیان هەیە دەستەی بەرگریی خۆڕاییان بۆ دابین بکرێت. هەر ژوورۆچکەیەکی ١٠ م٢ تەنیا بۆ یەک کەس نەخشەکێش کراوە. ژوورۆچکەیەکی نموونەیی ئەمانە لەخۆ دەگرێت: چرپایەک و مێزێک و ڕەفەیەک و دۆڵابێک و تەوالێتێک و دەستشۆرێک و تەلەفزیۆنێک و سیستەمی ئاگادارکردنەوەی پەیوەندیی بە پاسەوان کاتی داخرانی ژوورۆچکەکە.

دادگاکە سێ ژەمی خواردن لە ڕۆژێکدا دابین دەکات، بەڵام گەر دەستبەسەرکراوان ویستیان خۆیان چێشت لێ بنێن، ئەوا ڕێیان دەدرێت تا چێشتخانەی گشتیی بەکار بهێنن. هەروەها لیستی بازاڕکردن بۆ دەستبەسەرکراوەکان بەردەستە، ئەمەش بۆ ئەوەی بتوانن تا ڕادەی گونجاو کەلوپەلی فرەتر دەست بخەن.

سالی چەند جارێک و بە ڕەچاوکردنی دۆخی دارایی دەستبەسەرکراو، هەموو دەستبەسەرکراوێک، لە سەر تێچووی دادگاکە و بەپێی گونجان، ڕێی دەدرێت خێزانەکەی سەردانی بکەن.

ئەو کەسانەی بە تاوانەیلی چوارچێوەی دەسەڵاتی دادوەریی دادگا سزا دراون، لە بنکەی دەستبەسەرکردنی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی سزاکەیان بەسەر نابەن، چونکە کەلوپەلەکانی لاهای بۆ زیندانی درێژخایەن نەخشەکێش نەکراوە. بەم ڕەنگە سزادراوان دەگوازرێنەوە بۆ گرتووخانەیەکی دەرەوەی هۆڵەندا، لە دەوڵەتێک، کە لەلایەن دادگاکەوە لە لیستی ئەو دەوڵەتانەیە وا ئامادەییان نیشان داوە ڕێ بدەن سزادراوان زیندانی خۆیان لەو وڵاتەدا بەسەر ببەن.

## ٤٧. ئایا دەستبەسەرکراوان وەک ئەوە وایە تاوانبارن؟

نەخێر. هەموو کەسێک تا ئەو کاتەی لە بەردەم دادگا تاوانبارێتیی دەسەلمێندرێت، بە بێتاوان هەژمار دەکرێت، دەبێت یەکێک لە هۆبەکانی دادگای لێکۆڵینەوە تاوانبارێتیی تۆمەتبارەکە بسەلمێنێت و یەکێک لە هۆبەکانی دادگایی 'بەبێ کەمترین گومان'[٤٦] تاوانبارێتییەکەی پشتڕاست بکاتەوە.

---

[46] Beyond Reasonable Doubt.

## ٤٨. تۆمەتبار چ مافێکی هەیە؟

تۆمەتبارەکان بێتاوان دادەنرێن. لە کاتی دادگاییدا لە هۆڵی دادگا ئامادەن و 'مـافی دادبینییەکی ئـاشــکرا'[٤٧] و 'مـافی دادبینییەکی دادپەروەرانە'[٤٨] و 'مـافی دادبینییەکی بێلایەنانە'[٤٩]ــی پەڕاوەکانیان هەیە. بۆ ئەم مەبەستەش، کۆمەڵێک دەســتەبەریی لە بەڵگەنامە یاســاییەکانی دادگاکەدا دانراون، ئەوانەش بریتین لەم مافانەی لای خوارێ، لێرەدا تەنیا ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین:

- ➢ بە هەڵبژاردنی خۆیـان مـافی ئەوەیـان هەیە پـارێزەرێـک بەرگریـان لێ بکـات، بەڵگە و گەواهیدەری خۆیان پێشــکەش بکەن و زمانێک بەکار بێنن تەواو لێی تێ بگەن و قسەی پێ بکەن.
- ➢ دەبێت بە زمانێک لە وردەکاریی تۆمەتەکان ئاگادار بکرێنەوە تەواو لێی تێ بگەن و قسەی پێ بکەن.
- ➢ کات و ئامڕاز پێویستیان بۆ ئامادەکردنی بەرگرینامەکەیان هەیە و دەتوانن ئازادانە و بە نهێنیی گفتوگۆ لەگەڵ پارێزەرەکانیان بکەن.
- ➢ 'مافی دادگایکردن بە بێ دواخستنی ناڕەوا'.[٥٠]
- ➢ گەواهیی و دانپێدانەکەی بەناچار نەبێت و 'مافی بەبێدەنگ مانەوە'[٥١]ـــــی هەبێت، نابێت بێدەنگمانەوەشــی بە واتای تاوانباریی یان بێتاوانیی لێک بدرێتەوە.

---

[47] Right to a Public Trial.
[48] Right to a Fair Trial.
[49] Right to an Impartial Trial.
[50] Right to be Tried Without Undue Delay.
[51] Right to Remain Silent.

➢ داواکاری گشــتیی بەڵگە بەرگرییەکانی بەردەســتی ئاشــکرا یان چاودێر دەکات، کاتێک پێی وایە بێتاوانیی تۆمەتبارەکە دەردەخات، یاخود ســزای تاوانی تۆمەتبار دادەشــکێنێت، یان ڕەنگە باندۆر بخاتە ســەر درووســتیی بەڵگەکانی داواکاری گشتیی.

### ٤٩. چی ڕوودەدات ئەگەر تۆمەتبار توانای دارایی بۆ پاڵپشتیی یاسایی نەبوو؟

تۆمەتبار 'مافی پاڵپشـتیی یاسـایی'[٥٢] بەمشـێوەیەی دادگا دیاریی کردووە و دەچێتە خزمەتی دادپەروەرییەوە، هەیە. ئەگەر توانای دارایی نەبوو، ئەوا دادگاکە پاڵپشــتیی یاسایی بۆ تۆمەتبار فەراهەم دەکات.

### ٥٠. ئـایـا دەســتبەســەکراوەکـان دەتوانن داوای ئـازادبوونی کـاتیی و دواخستنی دادبینیی بکەن؟

هەموو دەســتبەســەکراوان مـافی داواکردنی 'ئـازادیی کـاتیی'[٥٣] و 'دواخســتنی دادبینیی'[٥٤]ــیان هەیە. لە ئەگەری ڕەتکردنەوە، بڕیارەکە بە شـێوەی ناوەناوە، بەلایەنی کەمەوە هەر ١٢٠ ڕۆژ جارێک، لەلایەن دادگاکە یان لە هەر کاتێکدا و لە ســەر داوای کەسی دەستبەسەرکراو یان داواکاری گشتیی، پێداچوونەوەی بۆ بکرێت.

### ٥١. ڕۆڵی نووسینگەی ڕاوێژکاری گشتیی بۆ بەرگریی پشتیوانیی چییە؟

"نووسـینگەی ڕاوێژکاری گشـتیی بۆ بەرگریی پشـتیوانیی"[٥٥] نوێنەرایەتیی و لێکۆڵینەوە لە مافەکانی بەرگریی دەکات، ڕووکاریی بابەتی بەرگریی بەرز دەکاتەوە، هەروەها هەوڵ

[52] Right to Legal Assistance.
[53] Interim Release.
[54] Pending Trial.
[55] Office of Public Counsel for the Defence.

دەدات بۆ 'ڕەخســـاندنی هاوەدەرفەتیی'[٥٦] بۆ بەرگریی لە هەموو قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە و دادگایی. نووسینگەکە لە ڕووی کردارە بنچینەییەکانیەوە سەربەخۆیە، بەڵام تەنها لەبەر مەبەستی ئیداریی دەکەوێتە نێو پانتایی تۆمارگەوە.

## ٥٢. ئایا کاتێک تۆمەتباران دەگەنە لاهای، یەکسەر دەچنە بەردەم دادگا؟

بەڵێ. یەکەم چوونە بەردەم دادگای تۆمەتبار، ماوەیەکی کورت دوای گەیشتنی بۆ لاهای، ڕوو دەدات. لە کاتی یەکەمین دەرکەوتنی تۆمەتباردا، هۆبەیەکی دادگای لێکۆڵینەوە ناســـنامەی تۆمەتبارەکە پشـــتڕاســـت دەکاتەوە، دڵنیای دەکاتەوە کە تۆمەتبارەکە لە تۆمەتەکان تێدەگات، ئەو زمانەی دەبێت بەرەوپێشـچوونەکەی پێ ئەنجام بدرێت، پشـتڕاسـت دەکاتەوە، هەروەتر بۆ پشـتڕاسـتکردنەوەی تۆمەتەکان بەروارێک دادەنێت.

لە 'پشـتڕاسـتکردنەوەی تۆمەتەکان'[٥٧] – کە دادگایی نییە، بەڵام لێکۆڵێنەوەی پێشـــوەختەیە – دەبێت داواکاری گشـــتی بەڵگەی پێویســـت پێشـــکەش بکات بۆ ئەوەی پەڕاوەکە بچێتە دادگا. بەرگریکارانی تۆمەتبارەکە دەتوانن ناڕەزایی بەرانبەر تۆمەتەکـان دەربڕن و تـانە لە بەڵگەکـانی داواکـاری گشـــتیی بـدەن، هەروەهـا دژەبەڵگەش پێشکەش بکەن.

لێکۆڵینەوەی پشتڕاستکردنەوەی تۆمەتەکان بە ئامادەبوونی داواکاری گشتیی و تۆمەتبـار و بەرگریکـاران و نوێنەری قوربـانییـان بەڕێوە دەچێت. بەپێی مـاددەی

---

[56] Equality of Arms.
[57] Confirmation of Charges.

٦١ـــی بنەڕەتنامەکە، لەم قۆناغەدا تۆمەتبارەکە  دەتوانێت دەســتبەرداری 'مافی ئامادەبوون'[٥٨] لە دادبینییەکە بێت.

**٥٣. پاش پشتڕاستکردنەوەی تۆمەتەکان، هۆبەکانی دادگای لێکۆڵینەوە دەتوانن چ بڕیارێک دەربکەن؟**

پاش پشــتڕاســتکردنەوەی تۆمەتەکان، هۆبەکانی دادگای لێکۆڵینەوەی دەتوانن ئەمانە بکەن:

- پەســەندکردنی تۆمەتەکان ڕەت بکاتەوە؛ بڕیارێکی لەو شـێوەیە، ڕێگریی لە داواکاری گشــتیی ناکات تا لە ســەر بنەمای بەڵگەی نوێ، داواکاریی بۆ پشتڕاستکردنەوەی تۆمەتەکان پێشکەش بکاتەوە.
- دادبینییەکە دوا بخات و بۆ ڕەچاوکردنی پێشکەشکردنی بەڵگەی زیاتر یان ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی زیاتر و هەمووارکردنەوەی تۆمەتەکان، داوا لە داواکاری گشــتیی بکات؛ چونکە بەڵگە بەردەســتەکان دەری دەخەن تاوانێکی جیاواز ئەنجام دراوە.
- تۆمەتەکان پەســەند بکات و پەڕاوەکە بباتە بەردەم دادگا؛ دوای پشــتڕاســتکردنەوە، ســەرۆکایەتیی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی، هۆبەیەکی دادگایی پێک دەهێنێت، ئەمەش بەرپرسیارەی پێواژۆی دواتری دادگاییەکە.

---
58 Right to be Present.

## ٥٤. ئایا پشتڕاستکردنەوەی تۆمەتەکان، بە مانای تاوانباریی تۆمەتبارەکەیە؟

نەخێر. مەبەست لە پشتڕاستکردنەوە پاراستنی مافەکانی تۆمەتبارە لە ئەگەری دادگایی بەپێی بنەمای یاسایی دڕیان. لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدا، پێویستە داواکاری گشتیی، بە بەڵگەی پێویست، پشتگیریی هەر یەکێک لە تۆمەتەکان بکات بۆ دامەزراندنی زەمینەی گرنگ، تا باوەڕ بهێندرێت ئەو کەسەی تاوانەکەی ئەنجام داوە، سزا بدرێت. ئەگەر تۆمەتێک یان زیاتر پەسەند بکرێت، پەڕاوەکە بۆ دادگایی دەبرێتە بەردەم هۆبەیەکی دادگایی.

## ٥٥. پاش پشتڕاستکردنەوەی تۆمەتەکان چی ڕوو دەدات؟

دوای پشتڕاستکردنەوەی تۆمەتەکان، هۆبەی دادگای لێکۆڵینەوە پەڕاوەکە بۆ دادگایی دەباتە بەردەم هۆبەی دادگایی، ئەمەش قۆناغی دواتری بەرەوپێشچوونەکان و دادگاییەکەیە.

دادوەرانی هۆبەی دادگایی، بەر لە دەستپێکی دادگاییەکە، ڕەچاوی ئەو ڕێکارە یاساییانە دەکەن وا شیمانە دەکرێت لایەنەکان پێشکەشیان بکەن و دانیشتن ئەنجام دەدەن تا ئامادەکاری بۆ دادگایی و چارەسەری بابەتەکانی ڕێکارە یاساییەکان بکەن، ئەمەش تا ئاسانکاریی بەرەوپێشچوونی دادپەروەرانە و خێراتر ئەنجام بدرێت.

## ٥٦. دادگاییەکە لە کوێ بەڕێوە دەچێت؟

دادگاییەکان لە بارەگای دادگا لە شاری لاهای بەڕێوە دەچن، مەگەر دادوەرەکان بڕیار بدەن لە شوێنێکی تر دادگاییەکە بەڕێوە ببەن. ئەم کێشەیە لە چەند بارێکدا بووەتە ڕۆژەڤ. دەبێت تۆمەتبار لەو دادگاییەدا ئامادە بێت، هەروەتر بە ئاشکرا بەڕێوە دەچێت، مەگەر ئەوەی دادگا بڕیار بدات هەندێ دانیشتنی دیاریکراو بە داخراویی بەڕێوە بچن، ئەوەش بە مەبەستی پاراستنی سەلامەتیی قوربانیان و گەواهیدەرەکان یان نهێنیبوونی بابەتی بەڵگەیی هەستیار.

## ٥٧. لە دەستپێکی دادگاییەکەدا چی ڕوو دەدات؟

لە دەستپێکی دادگاییەکەدا، تۆمەتەکانی سەر تۆمەتبار بۆ تۆمەتبارەکە دەخوێنرێنەوە، هەروەها دادگاکە پرسیار لە تۆمەتبار دەکات، ئایا لێیان تێدەگات یان نا. پاشان دادگاکە داوا لە تۆمەتبارەکە دەکات دان بە تاوانەکەیدا بنێت یان بێتاوانیی خۆی بسەلمێنێت.

## ٥٨. چی ڕوو دەدات ئەگەر تۆمەتبارەکە دانی بە تاوانەکەیدا نا؟

سەرەتا، هۆبەی دادگایی دڵنیایی دەکاتەوە کە تۆمەتبارەکە لە سرووشت و دەرەنجامەکانی دانپێدانانی تاوانەکە تێدەگات، کە دانپێدانانەکە بە خۆبەخشانە لەلایەن تۆمەتبارەوە دەربڕاوە، ئەمەش پاش ڕاوێژی تەواو لەگەڵ پارێزەرەکەی، هەروەها 'دانپێدانانی تاوان'[٥٩] بەهۆی ڕاستییەکانی پەڕاوەکەوە

[59] Admission of Guilt.

پشتگیریی دەکرێت کە ئەم بەڵگە و تۆمەتانە دەیگرنە خۆ، وا لەلایەن داواکاری گشتیی پێشکەش کراون و تۆمەتبار دانی پێدا ناون. لەو شوێنەی هۆبەی دادگاییەکە پەسەندی کرد کە مەرجەکان هاتوونە دی، دەتوانێت تۆمەتباری تاوانەکە سزا بدات. ئەگەر پەسەندی نەکرد کە مەرەجەکان نەهاتوونەتە دی، پێویستە دادگاکە ڕەچاوی ئەوە بکات کە بڕیار لەسەر دانپێدانانەکە نەدراوە، لەو بارەدا داوا دەکات دادگاییەکە بەردەوام بێت.

## ٥٩. دادگاییەکە چۆن بەڕێوە دەبرێت؟

لە دادگاییدا، داواکاری گشتیی و دەستەی بەرگریی دەرفەتی پێشکەشکردنی پەڕاوەکەیان هەیە. پێویستە داواکاری گشتیی بەڵگە پێشکەش بە دادگاکە بکات، ئەمەش بۆ ئەوەی بسەلمێنێت تۆمەتبارەکە بەبێ کەمترین گومان تاوانبارە. دەکرێت ئەم بەڵگەیە لە شێوەی بەڵگەنامە، شتە هەستپێکراوەکانی تر، یان لێدوانی گەواهیدەر بێت. هەروەها داواکاری گشتیی دەبێت هەموو ئەو بەڵگانە بۆ تۆمەتبارەکە ئاشکرا بکات وا لەوانەیە بێتاوانیی تۆمەتبار دەر بخات.

داواکاری گشتیی یەکەم جار پەڕاوی خۆی پێشکەش دەکات و گەواهیدەر بۆ گەواهیدان بانگ دەکات. کاتێک داواکاری گشتیی لێپرسینەوەی گەواهیدەری تەواو کرد، دواتر دەستەی بەرگرییش ئەو دەرفەتەی دەدرێتێ تاوەکوو لێپرسینەوە لە گەواهیدەر بکات. کاتێک داواکاری گشتیی هەموو بەڵگەکانی خۆی پێشکەش کرد، ئینجا نۆرەی تۆمەتبارەکە دێت، ئەویش بە یارمەتیی ڕاوێژکارەکەی، بەرگریی خۆی پێشکەش دەکات.

## ٦٠. کێ دەتوانێت بەڵگە پێشکەش بکات؟

هەموو لایەنەکانی دادگاییەکە دەتوانن بەڵگەی پەیوەست بە پەڕاوەکە پێشکەش بکەن. 'هەموو کەسێک بێتاوانە تا ئەو کاتەی بەپێی یاسا تاوانباریی دەسەلمێندرێت'.[60] داواکاری گشتیی ئەرکی ئەوەی لە ملە بیسەلمێنێت تۆمەتبار بەبێ کەمترین گومان تاوانبارە. تۆمەتبار مافی ئەوەی هەیە لێپرسینەوە لە گەواهیدەری داواکاری گشتیی بکات، لە ژێر هەمان هەلومەرجی گەواهیدەرەکانی داواکاری گشتی ، بەهەمان شێوە، تۆمەتباریش مافی بانگکردنی گەواهیدەری بۆ گەواهیدان هەیە.

کاتێک بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی قوربانیان کاریگەرییان بکەوێتە سەر، ئەوا دادگاکە ڕێ دەدات بۆچوون و نیگەرانییەکانیان پێشکەش بکرێن و لە قۆناغەکانی بەرەوپێشچوونی دادگادا ڕەچاو بکرێن، ئەمەش گەر دادگا بە گونجاوی بزانێت و بە جۆرێک لەگەڵ مافەکانی تۆمەتبار و دادگایەکی بێلایەنانە یەکانگیر و نادادپەروەرانە نەبێت، ڕەنگە نوێنەرانی یاسایی بۆچوون و نیگەرانییەکانیان پێشکەش بکەن.

لە دادنامەیەکدا، کە لە ١١ی تەمووزی ٢٠٠٩ـدا دەرچوو، هۆبەی دادگای پێداچوونەوە مافی بە قوربانییەکان دا تا بەڵگەی پەیوەست بە تاوانبارکردن و بێتاوانیی تۆمەتبارەکە و ئاڵەنگاریی ڕەواییەتیی یان پەیوەندیداریی بەڵگەکان پێشکەش بکات، هەرچەندە ئەم مافە بە شێوەیەکی سەرەکیی پەیوەندیی بە لایەنەکانەوە هەیە، واتە داواکاری گشتیی و دەستەی بەرگریی. ئەم مافە

---

[60] Everyone is Presumed Innocent until Proven Guilty.

دەکەوێتە ژێر مەرجی سەختەوە، واتە سەلماندنی ئەوەی قوربانییەکان بەرژەوەندیی تایبەتیان بۆ بەکاربردنی مافەکە هەیە، هەروەها بۆ هاودەمیی داواکە لەگەڵ مافی بەرگریی و داواکاریی دادگاییەکی دادپەروەرانە. جا پێویستە قوربانییان پابەندی ئاشکراکردن بن، ئاگادارکردنەوەی داواکاریی بۆ لایەنەکان، پابەندبوون بە داواکارییەکانی دادگاکە دەربارەی پاراستنی کەسانی تایبەت. دواجار، گونجاویی داواکاریی قوربانیان دەکەوێتە بەر هەڵسەنگاندنی دادوەرانە.

کاتێک لایەنەکان بەڵگەکانیان پێشکەش کرد، ئەوا داواکاری گشتیی و ڕاوێژکارانی بەرگریی بانگێشتی خوێندنەوەی ڕاگەیاندنامەی کۆتایی دەکرێن. لایەنی بەرگریی هەمیشە دەرفەتی ئەوەی هەیە دوایین لایەن بێت قسە بکات. ڕەنگە دادوەرەکان داوای قەرەبووی قوربانییان بکەن، لەوانە؛ بۆبژاردنەوە و قەرەبووکردنەوە و چاککردنەوە. بۆ ئەم مەبەستەش، ڕەنگە ڕاستەوخۆ فەرمانێک ئاڕاستەی کەسی تۆمەتبار بکەن.

# سزاکان



"هەمووکەسێک تا ئەوکاتەی بەپێی یاسا تاوانباری دەسەلمێندرێت، بێتاوانە، دادگا تەنیا ئەوکاتەی ئەوتۆمەتانە بە بێ کەمترین گومانێک دەسەلمێنرێن، سزا بە سەر کەسێکدا دەسەپێنێت."

## ٦١. دادگا کەی سزاکە ڕادەگەیەنرێت؟

پاش ئەوەی داواکاری گشتیی و پارێزەرانی بەرگریی، بە ڕەچاوکردنی بەڵگەکان، گوێ لە گەواهیدانی قوربانییەکان و گەواهیدەرەکان دەگرێت، دادوەران بڕیار دەدەن تۆمەتبار تاوانبارە یان بێتاوان. سزاکە بە ئاشکرا و لە هەر شوێنێک بێت، بە ئامادەبوونی تۆمەتبار، قوربانییەکان یان نوێنەرە یاساییەکانیان، ئەگەر بەشدارییان لە بەرەوپێشچوونەکانی دادگاکەدا کردبێت، ڕادەگەیەنێت.

## ٦٢. دادگا چ سزایەک دەسەپێنێت؟

دادوەرەکان ڕەنگە سزای زیندانیی بسەپێنن، ئەمەش لەوانەیە 'بژاردن'[٦١] یان لێسەندنەوەی ئەو داهات و موڵک و سامانە بێت وا ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، لە ماوەی ئەنجامدانی تاوانەکەدا، دەستی خستوون. دادگاکە ناتوانێت سزای مەرگ بسەپێنێت. زۆرترین سزای سەپێنراو، زیندانییە بۆ ماوەی ٣٠ ساڵ. هەرچەندە ڕەنگە لە دۆخی ئاورتەدا دادگا ماوەی زیندانی هەتاهەتایی بسەپێنێت.

## ٦٣. سزاکان لە چ شوێنێک بە سەر دەبرێن؟

کەسانی تۆمەتبار سزای زیندانییان لەو دەوڵەتە بە سەر دەبەن وا دادگا دەستنیشانی کردووە، ئەمەش لە لیستی ئەو دەوڵەتانەی ئامادەیی خۆیان بۆ دادگاکە دەربڕیوە تا ببنە خانەخوێی تۆمەتباران.

---

[61] Fine.

هەلومەرجەکانی زیندانیی بە یاساکانی دەوڵەتی خانەخوێ بەڕێوە دەبرێت و دەبێت مامەڵە لەگەڵ زیندانیکراو بەپێی پێوەرە پەسندکراوەکانی ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتییەکان بێت. نابێت ئەم جۆرە هەلومەرجانە باشتر یان خراپتر بن لەو هەلومەرجانەی بۆ ئەو زیندانییانەی تر بەردەستن وا لە نێو دەوڵەتی خانەخوێدا بە تاوانی هاوشێوە سزا دراون.

## ٦٤. کەی دەبێت داوای پێداچوونەوەی بڕیارەکە بکرێت؟

ڕەنگە هەر لایەنێک داوای پێداچوونەوە بەرانبەر بڕیارەکانی هۆبەکانی دادگای لێکۆڵینەوە یان هۆبەی دادگایی بکات. ڕەنگە داواکاری گشتیی داوای پێداچوونەوە دژی تاوانبارکردن یان بێتاوانیی کەسێک بکات، ئەمەش بەپێی یەکێک لەم بنەمایانەی لای خوارێ: 'هەڵەی ڕێکاریی'،[٦٢] یان 'هەڵەی یاسایی.'[٦٣]

هەروەها ڕەنگە تاوانبار یان داواکاری گشتیی داوای پێداچوونەوە بکەن، ئەویش بەپێی هەر بنەمایەکی تر، کە کاریگەریی لە سەر دادپەروەریی یان درووستی بەرەوپێشچوونەکان یان بڕیارەکە هەبێت، بە تایبەتیی لە سەر بنەمای ناسازیی نێوان سزاکە و تاوانەکە .هەروەها نوێنەرە یاساییەکانی قوربانیان و کەسی تاوانبار یان ئەو خاوەنمولکە ڕاستەقینانەی وا بەهۆی فەرمانی قەرەبووکردنەوەی قوربانییان کاریگەریی خراپی لە سەر کەوتووە، دەتوانن داوای پێداچوونەوە بکەن.

---

[62] Procedural Error.
[63] Error of Law.

ڕەنگە هۆبەی دادگای بڕیارەکە یان تاوانبارکردنەکە پێچەوانە یان هەموار بکاتەوە، یاخود فەرمان بە دادگاییەکی نوێ بکات، ئەویش لە بەردەم هۆبەیەکی تری پێداچوونەوەی جیاوازدا.

**٦٥. ئایا کەسی تاوانبار لە چاوەڕوانی پێداچوونەوەدا بە دەستبەسەری دەمێنێتەوە؟**

مەگەر بە پێچەوانەوە لەلایەن هۆبەی دادگاییەوە داوا بکرێت، کەسی تاوانبار لە چاوەڕوانیی پێداچوونەوەدا بە دەستبەسەری دەمێنێتەوە، بەڵام بە گشتیی کاتێک کەسی تاوانبار ماوەی دەستبەسەرکردنەکەی لە ماوەی سزای سەپێندراوی زیندانیی تێپەڕبێت، ئەوا ئەو کەسە ئازاد دەکرێت. سەرەڕای ئەوەش، لە باری بێتاوانییدا، تۆمەتبارەکە دەستبەجێ ئازاد دەکرێت، مەگەر هەلومەرجی نائاسایی هەبێت.

**٦٦. کەی پێداچوونەوە بە بڕیارێکدا دەکرێت؟**

ڕەنگە کەسی تاوانبار یان داواکاری گشتیی داوا پێشکەشی دادگای تێهەڵچوونەوە بکات، ئەویش بۆ پێداچوونەوە بە بڕیاری کۆتایی تاوانبارکردن یان سزادان، ئەمەش کاتێک:

- بەڵگەی نوێ و گرنگ دۆزرایەوە.
- ئەو بەڵگە یەکلاکەرەی لە دادگاییدا ڕەچاو کراوە و تاوانبارکردنەکە پشتی پێ بەستووە، هەڵە و ساختە بووە یان دەستکاریی کراوە.

- دادوەرێـک یـان زیـاتر کـارێکی هەڵەی بەرچـاویـان ئەنجـام دابێـت، یـان پێشێلێکی توندی ترسناکیان کردبێت، کە لە ژێر بنەڕەتنامەی ڕۆما پاساوی لابردنی ئەم دادوەرە یان دادوەرانە لە کارەکانیان دەدات.

**٦٧. چی ڕوو دەدات ئەگەر کەسـێک ببیتە قوربانیی دەسـتگیرکردن یان دەستبەسەرکردنی نایاسایی؟**

هەرکێ بووە قوربانیی دەسـتگیرکردن یان دەسـتبەسـەرکردنی نایاسـایی، مافی قەرەبووکردنەوەی شـیاوی هەیە. ئەگەر شـکسـتێکی ترسـناک و ئاشـکرای دادپەروەریی بە تەواوی پیشـان بدرێت، ئەوا دادگاکە دەتوانێت قەرەبووکردنەوە ببەخشێت.

## بەشداریی قوربانیی




"قوربانییانی بەردەم دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی ئەو مافانەیان هەیە، کە هەرگیز پێشتر
لە بەردەم دادگایەکی تاوانی نێودەوڵەتیی تردا دەستەبەر نەکراون."

## ٦٨. جیاوازیی نێوان قوربانیی و گەواهیدەر چییە؟

قوربانیی کەسێکە لە سۆنگەی ئەنجامدانی تاوانێکەوە زیانی پێ گەیشتووە، لە چوارچێوەی دەسەڵاتی دادوەریی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، بنەڕەتنامەی ڕۆما دڵنیای دەکاتەوە کە ژمارەیەک ماف بۆ قوربانییەکان دەستەبەر کراون، وەک ئەوەی لە خوارێ بە وردیی ڕوون کراونەتەوە، ڕچەشکێنترینی نێوان ئەم مافانە، مافی بەشداریی لە بەرەوپێشچوونەکانی دادگایی بە سەربەخۆیی لە داواکاری گشتی یان بەرگریی. قوربانییان مافی ئەوەیان هەیە نوێنەری یاسایی خۆیان لە ژووری دادگا هەبێت، ئەمەش بۆ ئەوەی نیگەرانیی و بەرژەوەندیی تایبەتی ئەوان پێشکەشی دادگا بکەن. بەڵام گەواهیدەر ئەو کەسەیە وا گەواهیی لە بەردەم دادگا دەدات، وەک بەڵگەیەک لێدوان دەدات، زۆربەی کات داواکاری گشتی یان بەرگریی بانگی دەکەن.

## ٦٩. کێ لە بەردەم دادگای تاو انی نێودەوڵەتیی بە 'قوربانیی' دادەنرێت؟

قوربانیی ئەو کەسانەن وا لە سۆنگەی تاوانێکی چوارچێوەی دەسەڵاتی دادوەریی، زیانیان پێ گەیشتووە. هەروەها قوربانیی لەوانەیە ڕێکخراوەکان یان ئەو دامەزراوانەش بگرێتەوە وا زیانیان بە هەر یەکێک لەو موڵکەکانە گەیشتووە وا تایبەتە بە ئایین و پەروەردە و هونەر و زانست یان مەبەستی خێرخوازیی. دادوەرانی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی جۆری ئەو زیانە پەنجەنما دەکەن وا لە دادگاییەکە ڕەچاو دەکرێن، وەک زیانی جەستەیی و دەروونیی، واتە ئەوکاتەی مێشکی کەسێک بەهۆی پێداتێپەڕین و دیتنی ئەو تاوانەی قەوماون، یان زیانی ماددیی، کاریگەریی بەر کەوتووە، ئەمەش لەدەستدان یان زیانبەرکەوتن بە کاڵا و موڵک دەگرێتەوە.

### ٧٠. مافی قوربانییان لە بەردەم دادگای تاو انی نێودەوڵەتی چییە؟

قوربانییانی بەردەم دادگای تاوانی نێودەوڵەتی ئەو مافانەیان هەیە، کە هەرگیز پێشتر لە بەردەم دادگایەکی تاوانی نێودەوڵەتی دەستەبەر نەکراون. ڕەنگە قوربانییەکان بە ئاوایەکی چەشناوچەشن لە دادخوازیی دادگاکە بەشدار بن:

- قوربانییان دەتوانن زانیاریی بۆ داواکاری گشتیی بنێرن و داوای لێکۆڵینەوە بکەن.
- هەروەها لە ڕێی نوێنەری یاساییەوە، 'مافی بەشداریی قوربانیی'[٦٤] لە دادخوازییەکانی دادگادا هەیە، ڕەنگە لەم ماوەیەدا قوربانییەکان بە خستنەڕووی بۆچوون و نیگەرانییەکانیان بۆ دادوەران، بەشداریی بکەن؛ ئەم بەشدارییە ئارەزوومەندانەیە و وا دەکات قوربانییەکان دەرفەتیان پێ بدرێت تاوەکوو سەربەخۆ بۆچوون بۆ داواکاری گشتیی یان دەستەی بەرگریی دەربڕن، ئەمەش بۆ ئەوەی نیگەرانیی و بەرژەوەندییەکانی خۆیان بخەنە ڕوو.
- لە هەندێ بارودۆخدا، ڕەنگە بەشداریی قوربانییان لە دادخوازییەکانی دادگا، کار لەو بەڵگانە بکات وا گرێدراوی تاوانباریی یان بێتاوانیی تۆمەتبارەکەن؛ هەروەها ڕەنگە بتوانن ڕووبەڕووی ئەو پەسەندێتیی و درووستیەی بەڵگەکان ببنەوە وا لایەنەکان پێشکەشیان کردوون.

---

[64] Right of Victims Participation.

- ➢ ڕەنگە لە دادگاییەکدا قوربانییەک خۆبەخشانە لە بەردەم دادگادا گەواهیی بدات، ئەمەش ئەگەر وەک گەواهیدەرێک بۆ بەرگریی لە داخوازییەکان بانگ کرا.
- ➢ لە کۆتاییدا قوربانییان دەتوانن داوای قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانەی بەریان کەوتووە، بکەن.

**٧١. قوربانییەکان چۆن دەتوانن بەشداریی لە دادخوازییەکانی دادگاکەدا بکەن؟**

ئەگەر دادگاکە بە گونجاویی بزانێت، ڕەنگە قوربانییان لە قۆناغە جیاوازەکانی دادخوازییەکەدا ڕاستەوخۆ تێڕوانینی خۆیان پێشکەش بە دادوەران بکەن. ئەم بەشدارییە بە زۆریی لە ڕێی نوێنەرێکی یاساییەوەیە (واتە پارێزەرێک)، لەبەر ئەوەی ڕێکارەکانی دادبینیی زۆر ئاڵۆزن، جا بۆیە پارێزەر بۆچوون و نیگەرانیی قوربانییان پێشکەشی دادگا دەکات.

بۆ ئەوەی قوربانییەکان ئاسان بەشداریی بکەن، لە سەریان پێویستە کاربەرنامەیەک بۆ داخوازینامەی بەشداریی پڕ بکەنەوە. قوربانییان دەتوانن وێنەیەک لە کاربەرنامەیەکی داخوازینامەی بەشداریی لە ماڵپەڕی دادگا یان بەشی بەشداریی قوربانییان و قەرەبووەکان لە لاهای بەدەست بهێنن. پێویستە داخوازینامەکان لە ڕێگەی فاکس و ئیمەیڵ یان پۆستەوە بۆ بەشی بەشداریی قوربانییان و قەرەبووکردنەوەکان لە لاهای بگەڕێندرێنەوە، جا ئەمەش بە بەکارهێنانی ئەو زانیارییانەی لە چوارگۆشەی لای ڕاستی پرسیارنامەکەوە دابین کراوە.

ئەو قوربانییانەی دەیانەوێت لە پڕکردنەوەی داخوازینامەکە و ناردنی بۆ دادگاکە هاوکاریی بکرێن، دەتوانن پەیوەندیی بە بەشی بەشداریی قوربانییان و قەرەبووکردنەوەکانەوە بکەن.

**٧٢. ئایا هەموو قوربانییەکانی ڕەوشێک دەتوانن بەشداریی دادخوازییەکان بن؟**

دادوەرەکان بەپێی بنەمای پەڕاوبەپەڕاو پێداچوونەوە بۆ کاربەرنامەکان دەکەن و بڕیار دەدەن داخۆ داواکارەکە لە بەردەم دادگاکە مافی بەشداریی دادخوازییەکانی هەیە، هەروەتر لە چ قۆناغێکیشدا.

**٧٣. داخۆ گەرەکە قوربانییەکان گەشت بۆ دانیشتنی دادگاکە لە لاهای بکەن؟**

بە گشتیی گەر قوربانییەکان نەیانەوێت ئەو کارە بکەن، ئەوا ناچار نین گەشت بۆ دانیشتنی دادگاکە بکەن. نوێنەرە یاساییەکانیان بۆچوون و نیگەرانیی قوربانییەکان پێشکەشی دادگاکە دەکەن.

**٧٤. قوربانییەکان چۆن دەتوانن نوێنەری یاسایی بدۆزنەوە؟**

قوربانییەکان دەتوانن بە خواستی خۆیان نوێنەری یاسایی خۆیان هەڵبژێرن، بە مەرجێک، بڕوانامەی پێویستی هەبێت: دەبێت نوێنەرە یاساییەکە خاوەنی دە ساڵ ئەزموونی دادوەریی یان داواکاری گشتیی و پارێزەریی دادخوازیی دادگاکای تاوانی هەبێت، هەروەها بە لایەنی کەمەوە بە ڕەوانیی یەکێک لە زمانەکانی دادگا (ئینگلیزیی یان فەرەنسیی) بزانێت. تۆمارگەی دادگاکە یارمەتیی

قوربانییەکان دەدات تا نوێنەری یاسایی بدۆزنەوە، ئەویش بە دابینکردنی لیستێک لە پارێزەری لێهاتوو. هەروەها لە دادگا نووسینگەی ڕاوێژکاری گشتیی بۆ قوربانییەکان هەیە، ئەمە ڕایەی دەکەوێ نوێنەرایەتیی قوربانییان بکات و هاوکاریی یاسایی قوربانییان و نوێنەری یاساییان بێت.

ئەگەر ژمارەیەکی زۆر قوربانی هەبوون، ئەوا ڕەنگە دادوەران داوایان لێ بکەن یەک یان چەند نوێنەرێکی هاوبەشی یاسایی هەڵبژێرن. ئەمە بە نوێنەرایەتیی یاسایی هاوبەش ناو دەبرێت و مەبەستیشی مسۆگەرکردنی کاریگەرێتیی دادخوازییەکەیە.

**٧٥. چی ڕوو دەدات ئەگەر قوربانییەکان توانای داراییان بۆ دابینکردنی نوێنەری یاسایی نەبێت؟**

هەرچەندە دادگاکە سەرچاوەی سنوورداری بۆ هاوکاریی یاسایی هەیە، بەڵام لەوانەیە بتوانێت هەندێک هاوکاریی دارایی دابین بکات. هەروەها نووسینگەی ڕاوێژکاری گشتیی بۆ قوربانیان دەتوانێت، بەبێ تێچوون، هاوکاریی یاسایی پێشکەشی قوربانییان بکات.

## قەرەبووکردنەوەکان



"قەرەبووکردنەوەکان قەرەبووی دراویی و گەڕانەوەی موڵکەکان و چاککردنەوە یان پێو انەی ڕەمزیی وەک پۆزش یان یادکردنەوە دەگرێتەوە."

## ٧٦. ڕۆڵی نووسینگەی ڕاوێژکاری گشتیی بۆ قوربانییان چییە؟

'نووســـینگەی ڕاوێژی گشـــتیی بۆ قوربـانییـان'[٦٥] لە هەموو قۆنـاغەکانی دادخوازییدا، پشـتگیریی و هاوکاریی یاسـایی پێشـکەشی قوربانیان و نوێنەرانی یاسـاییان دەکات، سـا بەو هۆیەوە بەشـداریی کاریگەر و پاراسـتنی مافەکانیان دەستەبەر دەکات.

نووســـینگەی ڕاوێژی گشـــتیی بۆ قوربانییان، تەنیا بۆ مەبەســـتی ئیداریی دەکەوێتە نـاو پـانتـایی دەســـەڵاتی تـۆمـارگەوە، بەڵام بە گشـــتیی وەک نووسینگەیەکی سەربەخۆ کار دەکات.

## ٧٧. داخۆ دادگاکە ئەو قوربـانییـانە دەپـارێزێت وا  لە دادخوازییـدا بەشدارن؟

ڕەنگە بەشـــی قوربانییان و گەواهیدەرانی تۆمارگەکە ئامۆژگاریی دادگاکە بکەن بۆ گرتنەبەری ڕێوشـوێنی پاراسـتنی گونجاو و ڕێکخسـتنی ئاسـاییش بۆ ئەو قوربـانییـانەی وا لە بەردەم دادگا ئـامـادە دەبن، هەروەتر ئەوانەی بەهۆی گەواهیدانەکانیانەوە مەترسییان بۆ دەسازێت. بەشەکە ڕێوشوێن و ڕێکخستنی پاراستن و ئاساییشی پێویست بۆ  ئەو کەسانە دابین دەکات.

پێویســـتە لە مـاوەی کـاری مەیـدانیـانـدا، تێکڕای ئۆرگانەکانی دادگا، بە کرداری باشەوە پابەند بن، ئەوەش بۆ ئەوەی ئاسایشی خۆیان و ئەو کەسانەی

[65] Office of Public Counsel for Victims.

لەگەڵیان تێکەڵ دەبن؛ فەراهەم بکەن. بۆ نموونە: ڕێوشـوێنی پاراسـتن لە ڕێی نەناس‌مانەوەی قوربانیەکانی بەشـداری دادخوازییەکان و بەکارهێنانی زڕەناو و شاردنەوە یان قەدەغەکردنی ئاشکراکردنی بەڵگەنامەکان، لەگەڵ بەکارهێنانی تەکنیکەکانی دەنگ و ڕەنگ، ئەمە ناسـنامەی ئەو کەسـانەی لە پێش دادگا دەردەکەون.

## ٧٨. ئایا لە کۆتایی دادگادا دادوەران چ بڕیارێک سەبارەت بە قەرەبووکردنەوەی قوربانییان دەردەکەن؟

ڕەنگە لە کۆتایی دادگاییەکەدا، هۆبەی دادگایی داوا لە کەسـی تۆمەتبار بکات قەرەبووی قوربانییـانی ئەو تـاوانـانە بـداتەوە وا ئەو کەسـە بەهۆیەوە تاوانەکەی بە سـەردا سـاغ بووەتەوە. لەوانەیە قەرەبووکردنەوەکان قەرەبووی دراویی و گەڕانەوەی موڵک و چاککردنەوە یان پێوانەی ڕەمزیی وەک؛ پۆزش یان یادکردنەوە بگرێتەوە.

ڕەنگە دادگاکە قەرەبووکردنەوەکان بەپێی بنەمای تاکەکەسـی یان دەسـتەجەمیی ببەخشـێت، بە بۆچونی دادگاکە، هەرشـتێک بۆ قوربانییان گونجاوترین بێت، لە پەڕاوێکی تایبەتدا، ئەوە هەڵدەبژێرێت. سـوودێکی قەرەبووکردنەوەی دەسـتەجەمیی ئەوەیە، ئاسـوودەیی بۆ تێکڕای جڤاکەکە فەراهەم دەکات و یارمەتیی ئەندامانی دەدات تا ژیانیان بنیات بنێنەوە، وەک بنیاتنانی بنکەی خزمەتگوزاریی قوربانییان یان گرتنەبەری ڕێوشـوێنی ڕەمزیی. هەروەتر، دەوڵەتانی ئەندامی بنەڕەتنامەی ڕۆما، لە چوارچێوەی دەسـەڵاتی دادوەریی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی، سندووقی متمانەی بۆ قوربانییانی تاوان و

خێزانەکانیان دامەزراندووە، ئەمەش بۆ ئەوەی ئەو پارەیەی بۆ پابەندبوون بە فەرمانی قەرەبووکردنەوەکان پێویستە، بەردەست بێت. ئەمە ئەگەر تۆمەتبارەکە سەرچاوەی پێویستی دابینکردنی قەرەبووکردنەوەی نەبوو.

## ٧٩. ڕۆڵی سندووقی متمانە بۆ قوربانییان چییە؟

لە کاتێکدا ئەستەمە سەرومڕ زیانەکانی جینۆساید و تاوانی جەنگ و تاوانی دژەمرۆڤایەتیی و تاوانی شەڕەنگێزیی بسڕینەوە، لێ دەکرێت یارمەتیی ڕزگاربووان بدرێت، بە تایبەت لاوازترینی نێوانیان، جا ژیانئاوا بکرێنەوە و شکۆ و پێگەیان فیتاوفیتی ئەندامانی کۆمەڵگا بۆ بگەڕێنینەوە.

'سندووقی متمانە بۆ قوربانییان'[٦٦] داکۆکیی لە قوربانییان دەکات و تاک و دامەزراوە خاوەن سەرچاوەکان و کەسانی نیازپاکی نێو دەسەڵات بۆ بەرژەوەندیی قوربانیان و جڤاکەکانیان هان دەدات. سندووقەکە پارە دەدات یان پڕۆژەی نوێکاریی ڕێک دەخات، ئەمەش بۆ ئەوەی پێداویستییە جەستەیی و ماددیی و دەروونییەکانی قوربانییان دابین بکات. هەروەها ڕەنگە ڕاستەوخۆ خۆی ئەو چالاکییانە ئەنجام بدات، یاخود کاتێک دادگا ڕایدەستپێرێت.

سندووقی متمانە بۆ قوربانییان دەتوانێت بە سوودی قوربانییانی تاوان کار بکات، ئەمە بێ گوێدانە ئەوەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی سزاکەی دەرچواندووە. جا بۆ خۆلادان لە دەستتێوەردان لە بەرەوپێشچوونی دادخوازییە یاساییەکان، هاوکاریی دادگا دەکات.

---

[66] Trust Fund for Victims.

**٨٠. ئایا پێویســـتە قوربانییەکان پێش ئەوەی مافی قەرەبووکردنەوەیان هەبێت، یەکەم جاربەشداریی لە دادخوازییەکاندا بکەن؟**

نەخێر. ڕەنگە ئەو قوربـانییەی بەشـــداریی دادخوازییەکـانی نەکردووە، کـاربەرنـامە بۆ قەرەبووکردنەوە پێشـــکەش بکـات. هەردوو کـاربەرنـامەکـان ســـەربەخۆن لە یەکتر. تەنـانەت ڕەنگە دادگـاکە خۆی بڕیـار بۆ بەخشـــینی قەرەبووکردنەوە بدات.

# پاراستنی گەواهیدەرەکان



### ٨١. کێ دەتوانێت ببێتە گەواهیدەر؟

نووسینگەی داواکاری گشتیی و دەستەی بەرگریی یان قوربانییانی بەشداری دادخوازییەکان دەتوانن داوا لە شارەزایان و قوربانییان یان هەر کەسێکی تر بکەن کە گەواهیی تاوانیان کردووە، تا لە بەردەم دادگا گەواهیی بدەن.

### ٨٢. نووسینگەی داواکاری گشتیی چ پێوەرێک بۆ دیاریکردنی گەواهیدەران بەکار دەهێنێت؟

نووسینگەی داواکاری گشتیی گەواهیدەران لە سەر بنەمای پەیوەندییداریی گەواهیدان، متمانە و ڕاستگۆیتی گەواهیدەر دیاریی دەکات.

### ٨٣. ئایا گەواهیدەران ناچارن گەواهیی بدەن؟

نەخێر. دادگا بەبێ ڕەزامەندی خۆی، گەواهیدەر ناچار ناکات لە بەردەمی دەر بکەوێت بۆ گەواهییدان .

### ٨٤. دادگا چۆن دەزانێت گەواهیدەران درۆ ناکەن؟

ڕێوشوێنی جۆراوجۆر بۆ ڕێگەگرتن لە گەواهیدانی هەڵە دانراوە. هەموو گەواهیدەرێک پێش گەواهیدان، سۆز دەدات ڕاستیی بگێڕێتەوە. دادوەران دەسەڵاتیان هەیە ئازادانە هەموو ئەو بەڵگانەی پێشکەش کراون، هەڵبسەنگێنن.

ئەگەر گەواهیدەرێک گەواهیی هەڵە بدات، ئەوا ڕەنگە دادگا سزای زیندانیی بە سەردا بسەپێنێت، بە مەرجێک زیندانیکردنەکەی لە پێنج ساڵ زیاتر نەبێت، یان بە سەپاندنی بژاردن سزای دەدات.

## ٨٥. چۆن یارمەتیی گەواهیدەرانی بەردەم دادگا دەدرێت؟

ئەو گەواهیدەرانەی لە بەردەم دادگادا ئامادە دەبن، زانیاریی و ڕێنوێنییان پێ دەدرێت. بۆ ئەو مەبەستەش، دەستەی پشتگیریی بەشی قوربانییان و گەواهیدەران خزمەتگوزارییان پێشکەش دەکات، لەوانە؛ دەستەبەرکردنی پشتگیریی دەروونکۆمەڵایەتیی و چاودێریی پزیشکی لە کاتی پێویستدا.

هەروەها بەشی قوربانییان و گەواهیدەران هەموو ئەو گەواهیدەرانەی وا لە بەردەم دادگا گەواهیی دەدەن، ئامادە دەکات، ئەویش بە پێشاژۆیەک، کە پێی دەگوترێت "ئاشنابوون". ئەمە پێشاژۆیەیەکە ژووری دادگا و ڕێکاری دادگایی، پێش گەواهیدانیان، پیشانی گەواهیدەران دەدرێت. زۆر لە گەواهیدەران پێشتر هەرگیز ژووری دادگایان نەدیتووە و لەوانەیە بەلایەنەوە تۆقێنەر بێت. ئەمە ڕەنگە کاریگەریی لە سەر باشیی گەواهیدانیان هەبێت، لەبەر ئەوە پێشاژۆی ئاشنابوون ئامانجێتی ڕێگریی لەمانە بکات. ئاشنابوون باندۆر ناخاتە سەر ناوەڕۆکی گەواهیدانەکە، چونکە لە ماوەی ئەم پێشاژۆیەدا، بە هیچ کلۆجێک، بەڵگەکان بەر باس نادرێن.

**٨٦. چ ڕێوشـــوێنێکی پاراســـتن بۆ گەواهیدانی گەواهیدەران لە بەردەم دادگا بەردەستە؟**

دادگا چەنـد ڕێوشــوێنێکی پـاراســتنی هەیە، ســـا دەتوانرێـت بۆ ئەو گەواهیـدەرانەی لە بەردەم دادگـا ئـامـادە دەبن و ئەو کەســـانەی بەهـۆی گەواهـیـدانی گەواهـیـدەرەوە دەکەونە مەتـرســـیـیەوە، فەراهەم بـکـرێـت. دامەزراوەی سـیسـتەمی پاراسـتنی دادگاکە کارپێکردنێکی باشـە، مەبەسـت لێی شاردنەوەی پەیوەندیی گەواهیدەرە لەگەڵ دادگا لە جڤاکەکەیان و ڕای گشتیی. ئەم ڕێوشــوێنانە لەلایەن هەموو ئەو کەســانەی پەیوەندیی لەگەڵ گەواهیدەر چێ دەکەن، جێبەجێ دەکرێت.

کارپێکردنی پێوانەکانی پاراســتنی گەواهیدەرەکان دەتوانرێت لەو شـــوێنە جێبەجێ بکرێـت وا گەواهیـدەرەکـان نیشـــتەجێین؛ بۆ نموونە، ســیســـتەمی وەڵامدانەوەی سـەرەتایی، سـیسـتەمی وەڵامدانەوەی فریاکەوتنی بیسـت و چوار کـاتژمێریی، کە دەســـەڵات دەدات بە دادگـاکە، لەو شـــوێنەی گونجـاوە، تـا گەواهیدەران بۆ شـــوێنێکی ســـەلامەت بگوازێتەوە، تا نەکرێنە ئامانج یان لە ترســی ئەوەی بکرێنە ئـامـانج. کارپێکردنی پێوانەکانی تری پـاراســـتن بریتییە لە پەروەردەکردنی گەواهیـدەرەکـان بەپێی گرنگیی نهێنیی و مژاری ســـەرەکیی یـان ڕازیبوون لە سەر نەخشەی پاڵپشتیی فریاکەوتن.

هەروەها دادگاکە دەتوانێت ڕێوشـوێنی پاراسـتن جێبەجێ بکات. ڕەنگە ئەم چەشـــنە ڕێوشـــوێنانە بریتی بن لە شـێواندنی دەموچاو/دەنگ یان بەکارهێنانی زڕەنـاو. دەکرێـت دادگـا فەرمـانی ڕێوشـــوێنی تـایبەتی جیـاواز ســـەبـارەت بە

گەواهیدەرە زەبرلێکەوتووەکان و منداڵ و کەسی بەساڵاچوو یان قوربانیی توندوتیژیی سێکسیی دەر بکات. دەکرێت ئەمانە ئاسانکاریی بۆ گەواهیدانی گەواهیدەر بگرێتەوە، ئەمەش بە ڕێگەدانی ئامادەبوونی دەروونناسێک یان ئەندامانی خێزان لە کاتێکدا گەواهیدەر کە گەواهی دەدات، یان بەکارهێنانی پەردەیەک بۆ پاراستنی گەواهیدەر لە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی چاوبەچاو لەگەڵ تۆمەتبار.

دواین گرتنەبەری ڕێوشوێنی پاراستن، چوونە ناو بەرنامەی پاراستنی دادگای تاوانی نێودەوڵەتییە، لەم ڕێگەیەوە گەواهیدەر و کەسە نزیکەکانی لە سەرچاوەی هەڕەشەکە دەگوێزرێنەوە و دوور دەخرێنەوە. ئەمە شێوازێکی کاریگەرە بۆ پاراستن، بەڵام بەهۆی ئەو بارە گرانەی لە سەر ڕاگواستنی کەسەکانە، ڕاگواستن وەک دواین ڕێوشوێنگرتنەبەر دەمێنێتەوە و لە باری تەواو پێویستدا پەیڕەو دەکرێت.

ڕێوشوێنی پاراستن کاریگەریی لە سەر دادپەروەریی دادگایی نابێت. ئەو ڕێوشوێنانە بۆ پاراستن و ئارامیی گەواهیدەرەکان پەیڕەو دەکرێن. ڕێوشوێنەکان هەردوو لایەنی ئاماژەپێکەر دەگرێتەوە هەردوو لایەنی بەدواداچوون و بەرگریی، بە یەکسانیی دەگرێتەوە. هەموو لایەنەکان بە پاراستنی نهێنیی و ڕێزگرتن لە ڕێوشوێنەکانی پاراستن پابەند دەکرێن، لەگەڵ ئەوەش کاتێک ڕێوشوێنی پاراستن جێبەجێ دەکرێت، هێشتا دەتوانرێ لێپرسینەوە لە گەواهیدەر بکرێت.

### ٨٧. لە کوێ زانیاریی زیاتر دەربارەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی هەیە؟

بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی کاری دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی، سەردانی : www.icc-cpi.int بکە. ماڵپەڕەکەئەمانە دەگرێتەوە: دەقی یاسایی و بڕیاری دادگا و بەڵگەنامە و خشتەی کاتی دادپرسیی و زانیاریی دەربارەی بارودۆخەکان و پەڕاوەکانی پێش دادگاکە، هەروەها ئۆرگانەکانی دادگا و بڵاوکردنەوە ڕۆژنامەوانیی و زانیاریی بۆ نوێنەرانی میدیا، هەلی دامەزراندن، بەرنامەی ڕاهێنان و سەردانی پیشەگەران و زانیاریی تر دەربارەی دادگاکە، لەوانە؛ بەستەری بینینی دادخوازییەکانی دادگاکە بە شێوەیەکی زیندوو و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی.

### ٨٨. زانیارییەکان بە چ زمانێک بەردەستن؟

بە گشتیی ئەو زانیاریانەی لە سەر ماڵپەڕی دادگاکەن، بە زمانی ئینگلیزیی و فەڕەنسیی بەردەستن، ئەمانەش زمانی کارکردنی دادگاکەن. کاتێک پەیوەندیی بە ڕەوشەکەوە هەبێت، بەڵگەنامەکان بە زمانەکانی تر بەردەستن. لەگەڵ ئینگلیزیی و فەڕەنسییشدا، هەندێک بەڵگەنامەی بنچینەیی لە سەر ماڵپەڕەکە بە زمانی عەرەبیی و چینیی و ڕووسیی و ئیسپانیی هەن، ئەوانیش زمانی فەڕمیی دادگاکەن.

**٨٩. چۆن سـەردانی دادگای تاو انی نێودەوڵەتیی دەکرێت بۆ دادنامە یان ئامادەبوون لە دادپرسییەک؟**

دادگای تـاوانی نێودەوڵەتیی بەخێرهـاتنی هـەر کەسـێک دەکات بۆ پێگەی فەرمیی خۆی لە لاهای، ئەمە ئەگەر خواستی دەربارەی پێکهاتە و کارەکردنەکان و سرووشتی کارەکانی دادگا هەبێت.

بۆ ئامادەبوون لە دادنامە دەربارەی دادگا:

ئەو کەس و کۆمەڵانەی دەخوازن ئـامـادەی دادنـامەیەک بن دەربـارەی دادگاکە، داوایـان لێ دەکرێت داخوازیینـامەیەکی گونجـاو پڕ بکەنەوە، ئەمەش لە ماڵپەری دادگاکە و لە www.icc-cpi.int بەردەسـتە. گەرەکە کاربەرنامەکان بە ئیمەیـڵ بۆ visits@icc-cpi.int بنێردرێن، بۆ کۆمەڵەکـان بەلایەنی کەمەوە دوو مانگ و بۆ کەسەکان یەک مانگ بەر لە سەردانیکردنیان بۆ دادنامەکە.

بۆ ئامادەبوون لە دادپرسییدا:

بە گشـتیی دادپرسـییەکانی دادگای تـاوانی نێودەوڵەتیی بۆ ڕای گشـتیی کراوەن، مەگەر ئەوەی دادگـاکە داوای دانیشـتنێکی داخراو بکـات. کەسـە ئارەزوومەندەکان بۆ چوونەژوورەوەی دادگاکە بانگێشـت دەکرێن (پێویسـت ناکات پێشـتر داخوازیینامە پڕ بکەنەوە). دەبێت هـەر کەسـێک چووە نێو بینای دادگاکە پشـکنینی تەناهیی بکات و ناسـنامەی یاسـایی (پاسپۆرت، ناسـنامە یان مۆڵەتی شۆفێریی) پێشکەش بکات.

## بۆچی ئەندامێتیی لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی گرنگە؟



"ئەندامێتیی وڕەزامەندیی بەرانبەربنەڕەتنامەی ڕۆما نیشانەی پابەندبوونە بە یاسای نێودەوڵەتیی وئاشتیی وسەقامگیریی وبەهێزیی چارەسەری دیپلۆماسیی هەمەلایەنە."

## ڕۆڵی دەوڵەتانی ئەندام چییە؟

ئەندامێتیی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی تەواو خۆبەخشانەیە و بڕیاری سەربەخۆی دەوڵەتانە. دادگا ئەو کەسانە ڕووبەڕووی یاسا دەکاتەوە وا گوایە بەرپرسیاری تاوانەکانی نێو دەسەڵاتی دادوەریین.

دادگا ناتوانێت سزای گرووپ و دەوڵەت بدات. دەوڵەتانی ئەندام ئەرکێکی سنوردار، بەڵام گرنگیان لە دادخوازییەکاندا هەیە، لەو شوێنەی دەوڵەتێک دۆخێک ئەسپەردەی دادگاکە دەکات، بەرەنگاری ئەو بڕیارانە دەبێتەوە لە دۆخێکدا کە داواکاری گشتیی بڕیار دەدات لێکۆڵینەوە نەکرێت؛ دەوڵەتی ئەندام بەرەنگاریی پەسەندکردنی پەڕاوێک یان دەسەڵاتی دادوەریی دادگا دەبێتەوە، هەروەها و دەوڵەتی ئەندام دەتوانیت پێشنیارەکانی بەپێی بنەمای 'ڕێنوێنیکەرانی دادگا'[٦٧] پێشکەش بکات.

سەرباری ئەوەش، بەپێی سیستەمی دادگاکە، دەوڵەتانی ئەندام پابەندییەکی گشتییان بۆ هاریکاریی تەواوی دادگا هەیە، ئەویش لەمەڕ بابەتی پەیوەست بە لێکۆڵینەوە و دادگایی. دەوڵەتانی ئەندام دەتوانن ڕێککەوتنی هاریکاریی لەگەڵ دادگا ببەستن، وەک ڕێککەوتن لەمەڕ جێبەجێکردنی سزاکان و گواستنەوەی شایەتحاڵەکان و ئازادکردنی کاتیی و هەمیشەیی. ئەم ڕێککەوتنە

---

67 Amicus Curiae.

دانوســـتانکارە دوولایەنانە یارمەتیی دەوڵەتانی ئەندام و دادگا بۆ ئاســـانکاریی ڕێکارەکانی هاوکاریی و بەشداریی و کاری کاریگەرتری دادگا دەکات.

**ئایا دەوڵەتانی ئەندام لە بەڕێوەبردنی دادگادا بەشدارن؟**

بەڵێ، ئەویش لە ڕێی بەشـــداریـیـان لە ئەنجوومەنی دەوڵەتـانی ئەنـدامی بنەڕەتنامەی ڕۆما، ئەنجوومەنەکە ســـاڵی جارێک کۆ دەبێتەوە و بەرچاوڕوونیی ســـەبارەت بە بەڕێوەبردنی دادگا دەدات، هەروەتر بودجەی دادگاکە پەســـەند دەکات. ســـەرەڕای ئەوەش، دەوڵەتـان دەتوانن چالاکانە بەشـــداریی ڕەوشـــی داهاتووی دادگەریی تاوانی نێودەوڵەتیی بن، هەروەتر لە تەڵەزگەکانی هاریکاریی و تواناسازیی یارمەتیی یەکتر بدەن.

دەوڵەتانی ئەندام باربۆی دادگاکە دەکەن. سەرباری هاوکاریی ساڵانەیان لە بودجەی دادگا، دەوڵەتان هاوکاری خۆبەخشانە بە ژمارەیەک لە باربۆ تایبەتییە گرنگەکانی وەک؛ سندووقی متمانە بۆ قوربانییان و باربۆی تایبەت بە سەردانیی خێزان و گواســـتنەوە دەکەن. هەروەها ئەنجوومەنەکە دادوەران و داواکاری گشـــتیی هەڵـدەبـژێـرێـت. هەروەتـر ئەنـدامـێـتـیـی لە بـنەڕەتـنـامەی ڕۆمـا بەرەوپێشچوونی کاری زیاتر بۆ نەتەوەکان دەڕەخسێنێ.

**بەشداریی دەوڵەتانی ئەندام لە بنەمای دەسەڵاتی گەردوونییدا چییە؟**

ســـاڵی ٢٠٠٦ لە "پلانی کـارەکـانی ئەنجـوومەنی دەوڵەتـانی ئەنـدام بۆ بەدەســـتهێـنـانی گەردوونێتیی و جێبەجێکردنی تەواوی بنەڕەتـنـامەی ڕۆمـای دادگاکە "، دەوڵەتانی ئەندام ئاوا بەشدارییان کرد:

- بەردەوامیی بەرەوپێشچوونی گەردوونێتیی و جێبەجێکردنی تەواوی بنەڕەتنامەی ڕۆما.
- بەردەوامیی بڵاوکردنەوەی زانیارییەکانی دادگا لە ئاستی نێوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتییدا.
- بەردوامیی دەستەبەریی سکرتارییەتیی ئەنجوومەنی دەوڵەتانی ئەندام لەگەڵ زانیاریی نوێی پەیوەند بە گەردوونێتیی و جێبەجێکردنی تەواوەتیی بنەڕەتننامەی ڕۆما.
- ڕیکخستنی کۆڕ دەربارەی بەرەوپێشچوونی گەردوونێتیی و جێبەجێکردنی تەواوی بنەڕەتنامەی ڕۆما لە نیویۆرک و لاهای و ناوچەکانی تر.
- بەردەوامیی دەستەبەریی هاریکاریی تەکنیکیی و دارایی ئەو دەوڵەتانەی دەیانەوێ ببن بە ئەندام لە بنەڕەتنامەی ڕۆما و ئەوانەشی دەیانەوێ بنەڕەتنامەکە لە دەسەڵاتی یاسایی ناوچەکەیاندا جێبەجێ بکەن.
- دەستەبەریی پاڵپشتی دارایی و پاڵپشتییەکانی تر بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی و ئەکادیمیا و دامەزراوە نێودەوڵەتیی و فەرمییەکان، ئەمانە هاوکاریی تەکنیکیی دەستەبەر دەکەن.
- بەردەوامیی بەشداریی لە سندووقی متمانە بۆ وڵاتە ناگەشەسەندووەکان و دەوڵەتە کەمگەشەسەندووەکانی دی، ئەمەش بۆ برەودان بە ئامادەیی دەوڵەتە نائەندامەکان لە دانیشتنی گردبوونەوەکانی دەوڵەتانی ئەندام و بەردەوامی هاوکاریی دادگا.

قوربانییان لە ڕێی نوێنەرێکی یاساییەوە مافی بەشدارییان لە دادخوازییەکانی بەردەم دادگادا دەبێت. دەوڵەتە ئەندامەکانی بنەڕەتنامەی ڕۆما سندووقێکی متمانەیان بۆ قوربانیان دامەزراندووە، ئەمەش دامەزراوەیەکی

سەربەخۆیە، لەم ڕێگەوە قوربانییان و خێزانەکانیان هاوکاری دارایی و بژاردنیان پێ دەگات، لەوانەش بژارکردنەوە، قەرەبووکردنەوە و چاککردنەوە.

دەوڵەتە ئەندامەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی بەردەوامیی بە دووپاتکردنەوەی بەشداریی دادگا دەدەن. ئەندامێتیی و ڕەزامەندیی بەرانبەر بنەڕەتنامەی ڕۆما نیشانەی پابەندبوونە بە یاسای نێودەوڵەتیی و ئاشتیی و سەقامگیریی و بەهێزیی چارەسەریی دیپلۆماسیی هەمەلایەنە.

کارەکانی دادگاکە لە ڕێی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی و پرۆسەی دادگەرییە بەراییەکانەوە، یارمەتییدەرە بۆ ڕێگریی لە تاوانەکانی داهاتوو، ئەویش لە ڕێی هۆشداریدان بە تاوانکاران، ئەمە هەموو ئەو تاوانبارانە بگرێتەوە وا ڕەنگە شاتاوانەکان ئەنجام بدەن.

بنەڕەتنامەی ڕۆما پێودانگێکی بۆ هەمووان هەیە، ئەمەش واتە هیچ کەس لە سەر یان خواری یاساوە نییە. وەک باڵادەستیی فەرمیی، ئەمە گرێدراوی بنەڕەتنامەی ڕۆما نییە و دەبێت هەموو تاکێک بەرانبەر ئەو تاوانە مەترسیدارە نێودەوڵەتییانەی ئەنجامی داون، پەلکێشی بەردەم دادگا بکرێت.

بۆ پابەندێتییان بە بنەڕەتنامەی ڕۆماوە، پێویستە دەوڵەتانی ئەندام بنەڕەتنامەی ڕۆما جێبەجێ بکەن، ئەمەش لە سۆنگەی دانانی یاسای ناوخۆییەوە. جێبەجێکردنی یاسا لە نێو دەوڵەتەکەدا، دەرفەت بۆ دەوڵەتانی ئەندام دەڕەخسێنێ لەڕێگەی هاریکاریی و جێبەجێکردنی دەسەڵاتی دادوەریی ناوخۆیی بۆ تاوانە مەترسیدارەکان و بەهێزکردنی سیستمی دادوەریی تاوانکارییان.

ڕوونه که ئەندامێتیی له بنەڕەتنامەی ڕۆما و شــێوازەکانی جێبەجیکردنی یاســـای نـاوخۆیی مژارێکی ئـاڵۆزە، بە تـایبەتیی بەهۆی فرەیی جیـاوازیی نێوان سـیسـتمە یاسـاییە چەشـناوچەشـنەکانەوە، بۆ ئەم مەبەسـتەش هاریکاریی تەکنیکی لە چەند سەرچاوەیەکی جیاوازەوە بەردەست دەبێت. ژمارەیەکی زۆر لە دەوڵەتانی ئەندام لە بنەڕەتنامەی ڕۆما و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، لەوانەش: ســکرتارییەتی نەتەوە یەکگرتووەکان و گەلانی کۆمۆنوێڵت و یەکێتیی ئەورووپا، هاریکاریی تەکنیکیی لە ڕەشنووسی یاسای ناوخۆیی گونجاو و هەمواری یاسای نیشتیمانیی دەستەبەر دەکەن.

تاکوو ئێســتا دادگا پێشــکەوتنێکی باڵکێشــی بۆ ســزادانی ئەو کەســانەی بەرپرسیاری تاوانە بەکۆمەڵەکانن، گێڕاوە. دادگاکە وەک بەشدارییەک بۆ هەوڵی دەسـتەجەمیی جیهانیی بۆ جیهانێکی سـەلامەتتر بۆ هەمووان پێک هێنرا. ئامانجی لەپێشـینەشـی 'هەڵنەهاتن لە سـزا'[٦٨]ـــی جێبەجێکارانی تاوانی بەکۆمەڵە. هەر دەوڵەتێـک لە بنەڕەتنـامەی ڕۆمـا بووە ئەنـدام، یـارمەتیی بەهێزیی سـیسـتمی دادگاکە دەدات و بەشدارە لە ڕێگریی تاوانەکانی داهاتوو.

ئەو دەوڵەتـانەی ئەنـدامی بنەڕەتنامەی ڕۆما نین، هـان دەدرێن تـا ڕەچاوی ئەوە بکەن کە پێویســتە ببنە ئەندام، ســا وەک ئەندامێکی جیهانیی ڕەوایەتیی و کاریگەریی دادگا پتەو بکەن .

---

[68] End of Impunity.

# نووسینگەی داواکاری گشتیی



نووسینگەی داواکاری گشتیی یەکێکە لە چوار ئۆرگانەکەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی، کەریم ئە. ئە. خانی داواکاری گشتیی سەرۆکێتی، ئەویش لەلایەن ئەنجوومەنی دەوڵەتانی ئەندامەوە هەڵبژێردراوە. داواکاری گشتیی دەسەڵاتی تەواوەتیی بەڕێوەبردن و کارگێڕیی نووسینگەکەی هەیە، وەک: ستاف و لایەنی دامەزراوەیی و سەرچاوەکانی تر.

ئەرکەکانی نووسینگەکە وەرگرتن و لێکۆڵینەوەی ڕاسپاردە و ڕاگەیاندنەکانە، تا نیشانی بدات گەلۆ بنەمایەکی لۆژیکیی بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکان هەیە، وەک: لێکۆڵینەوە لە جینۆساید و تاوانی دژەمرۆڤایەتیی و تاوانی جەنگ و تاوانی دژەمرۆڤایەتیی و دادگایی ئەو کەسانەی بەرپرسیاری ئەو تاوانەنەن لە دادگا.

بە ئەنجامدانی تاقیکردنەوە و لێکۆڵینەوە و دادگاییە بەراییەکان، نووسینگەکە بەشداریی زۆرینەی ئامانجەکانی دادگا دەکات، سا ئەمەش لەپێناو کۆتاییهێنان بە پارێزبەندیی ئەو تاوانبارانەی وا بەرپرسیاری گەورەترین تاوانەکانی دژی کۆمەڵگەی مەدەنیین بە گشتیی، بەم ڕەنگە بەشداری لەمپەرسازییە بۆ ئەو تاوانانە.

نووسینگەی داواکاری گشتیی سێ دابەشکاریی وەک دەرەنجامی دەسەڵاتەکانی دەگرێتەوە:

➢ **بەشی لیکۆڵینەوە**، بەرپرسیارە لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکان، وەک: (کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە لە بەڵگەکان و لێپرسینەوەی ئەو کەسانەی لێکۆڵینەوەیان لێ کراوە، هەروەها قوربانییان و گەواهیدەران). لەم

سۆنگەیەشەوە، بنەڕەتنامەکە داوا لە نووسینگەکە دەکات تا ماوەی لێکۆڵینەوەکە درێژ بکاتەوە، ئەمە بۆ ئەوەی ڕاستیی تاوانباریی و بێتاوانیی بسەلمێت.

- **بەشی دواکاری گشتیی**، ڕۆڵی لە ڕێکاری لێکۆڵینەوەکاندا هەیە و شابەرپرسی داواکردنی دادبینیی ژوورە جیاوازەکانی دادگایە.
- **بەشی دەسەڵاتی دادوەریی**، تەواوکاریی و هاریکاریی لێکۆڵینەوە لە ڕاسپاردە دەکات، بە پاڵپشتیی دابەشکاریی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی 'پەسەندێتیی'،[69] یارمەتیی لە دڵنیایی ئەو هاریکارییانە دەدات وا بۆ چالاکیی و پەیوەندییە دەرەکییەکانی نووسینگەکە پێویست و بەرپرسن.

دەکرێت داواکاری گشتیی سەربەخۆیانە لێکۆڵینەوەیەک دەست پێ بکات، ئەمەش بەپێی بنەمای 'ڕاسپاردنی ڕەوش'[70] وا لەلایەن دەوڵەتێکی ئەندام یان ئەنجوومەنی ئاسایشەوە، جا دەکرێت ئەو ڕەوشە مەترسییەک بۆ سەر ئاشتیی و ئاسایشی نێودەوڵەتیی بگرێتەوە. سەرباری ئەمەش، داواکاری گشتیی لە ژێر 'دەسەڵاتی خۆڕسک'[71]ـی خۆیدا دەست بە لێکۆڵینەوەیەک دەکات لە خاک، یان دژ بە هاووڵاتیی ئەو دەوڵەتە ئەندامەی دەکەوێتە چوارچێوەی دەسەڵاتی دادوەرییەکەیەوە، ئەمەش پاش لارینەبوونی یەکێک لە هۆبەکانی لێکۆڵینەوە. ئەوە پەیڕەوی نووسینگەی داواکاری گشتییە وا لە لێکۆڵینەوەکان دەکات تا سەرنج بدەنە سەر ئەو تاکانەی بەرپرسیارێتیی ئەو تاوانە گەورانەیان لە ئەستۆدایە وا لە دۆخی لێکۆڵینەوەکاندا ئەنجام دراون.

---

[69] Admissibility.
[70] Referral of a Situation.
[71] Proprio motu.

لە پێشەکیی بنەڕەتنامەی ڕۆمادا ئاماژە بەوە دەدرێت گوایە 'دادگاکە دوایین پەناگەیە'[٧٢] بۆ وەدەستخستنی دادپەروەریی بۆ قوربانییانی جینۆساید و تاوانی جەنگ و تاوانی دژمرۆڤایەتیی و تاوانی شەڕەنگێزیی. بەم ئاوایە بنەڕەتنامەی ڕۆما ئەرکێک دەداتە پاڵ دادگا و نووسینگەی داواکاری گشتیی کە تەواوکەری سیستەمی نیشتیمانییە.

هەروەها بنەڕەتنامەی ڕۆما سەربەخۆیی نووسینگەی داواکاری گشتیی دەستەبەر دەکات. پاشانەکێ پێویستە ئەندامانی نووسینگەی داواکاری گشتیی ڕێنمایی لە هیچ سەرچاوەیەکی دەرەکییەوە وەرنەگرن، وەک: دەوڵەتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیی و ناحکوومییەکان و کەسانی دی.

[72] The Court of Last Resort

# کۆمەڵەی بەرگریکاران



"تۆمەتبار دەتوانێت خۆی بەرگریی لە خۆی بکات، یان بەپێی بژاردەی خۆی لەڕێی پارێزەرێکەوە بەڵگەکانی پێشکەش بکات و گەواهیدەرەکانی بانگهێشت بکات."

دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی ئەرکی دادگاییکردنێکی دادپەروەرانە و بێلایەنانەیە، دادگایەک، کە تێیدا تاوانباریی دەسەلمێت و ئەو کەسەی بەرپرسیاری تاوانە مەترسیدارەکانن و جێی سەرنجی سەرپاکی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیین، دادگایی دەکات. ئامانجی دادگاکە ئەوەیە ببێتە نموونەیەکی بەڕێوەبەریی دادگەریی، بەوەی دڵنیایی بە هەمووان ببەخشێت کە دادخوازییەکانی بەردەم دادگا لەگەڵ پێودانگە یاساییە هەرەبەرزەکان هاوسازن، هەروەها مافی کەسە گومانلێکراو و تاوانبارەکانیشی پاراستووە. بە سەرنجدان لە بنچینە گرنگەکانی پێوەری دادپەروەریی لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتییدا، دەتوانین بڵێین بەرگرینامەکە، پێکهێنەرێکی گرنگی دادگاییەکی دادپەروەرانەیە.

گرنگیی پاراستنی مافەکانی بەرگرینامەکە، بە ڕوونیی لە ئامرازە سەرەتاییەکان و بنەڕەتنامەی ڕۆما و دەقە یاساییەکانی دادگاکەدا ڕەنگی داوەتەوە، جا ئەو مافانە، بە شێوەیەکی کاریگەر، بەهۆی چاودێریی دەسەڵاتە دادوەرییەکانی دادوەرەکانەوە، گەرەنتیی کراون. لە نێو هەموو ئەوانی تردا، ئەو بنەما بنچینەییانەی لە بنەڕەتنامەکەدا خراونەتە ڕوو، هەریەک لەمانە دەگرێتەوە؛ مەزەندەکردنی بێتاوانیی و هۆکارەکانی لابردنی بەرپرسیارێتیی تاوان. هەروەک ئەوەی لە ماددەی ٦٧ـی بنەڕەتنامەی ڕۆمادا، خراوەتە ڕوو، بە هەمان شێوە تاوانباریش مافی دادگاییەکی ئاشکرا و بێلایەن و دادپەروەرانەی هەیە، هەروەها چەند مافێکی گشتیی تریشی هەیە، ئەوانیش:

- دەبێت بەو زمانەی تەواو لێی تێ دەگات و قسەی پێ دەکات، لە ناوەڕۆکی تاوانبارکردنەکە ئاگادار بکرێتەوە.

- بەبێ هیچ دواخستنێکی ناڕەوا، دادگایی بکرێت.
- دەتوانێت خۆی بەرگریی لە خۆی بکات، یان بەپێی بژاردەی خۆی و لە ڕێی پارێزەرێکەوە بەڵگەکانی پێشکەش بکات و گەواهیدەرەکانی بانگهێشت بکات.
- کاتی گونجاوی هەبێت و لە ئامادەکردنی بەرگرینامەکەیدا کارئاسانیی بۆ بکرێت، هەروەتر ئازادانە و بە متمانەوە لەگەڵ ڕاوێژکارەکەی گفتوگۆ بکات.
- مافی هاریکاریی یاسایی هەیە، جا دادگاکە خەرجییەکانی دابین دەکات. بە مەرجێک کەسەکە توانای دابینکردنی ئەو خەرجییانەی نەبێت.
- دەبێت لە ناسنامەی گەواهیدەرانی دادگاییەکە ئاگادار بکرێتەوە و مافی ئەوەی هەیە پرسیار لە باوەڕپێکراویی ئەو گەواهیدەرانە بکات.
- نابێت بە هیچ کلۆجێک زۆری لێ بکرێت تا گەواهیی بدات، یان ددان بە تاواندا بنێت، یاخود بێدەنگ بمێنێتەوە، تەنها لە کاتی بڕیاردان لە بێتاوانیی و تاوانبارییدا داوای بێدەنگیی لێ دەکرێت.
- دەبێت لە پێدانی هەموو خەرجییەک بەدەر بێت، هەروەها وەرگێڕێکی زارەکیی بەتوانای دەبێت و وەرگێڕێکیشی بۆ تەرخان دەکرێت تا هەموو ئەو بەڵگەنامە پێویستییانە وەربگێڕێت وا لە دادگاکەدا و بە زمانێک خراوەتە ڕوو، کە تاوانبار سەرپاک لێی تێ ناگات یاخود پێی نائاخفێ.
- دەتوانێت داوای ئەوە بکات داواکاری گشتیی بەڵگەی بێتاوانیی بۆ بەرگرینامەکە بخاتە ڕوو، کە لای ئەم هەیە و پێی وایە ئەو بەڵگانە دەرخەری یاخود ویستی پیشاندانی بێتاوانیی ئەمیان هەیە، یان ڕەوایەتیی بە بێتاوانیی دەدات.

## هەڵبژاردنی پارێزەر

کەسی گومانلێکراو یان تاوانبار لە کاتی دادخوازییەکەی بەردەم دادگادا، مافی هەبوونی پارێزەری هەیە.

مافی ئازادیی هەڵبژاردنی پارێزەر لای کەسی تۆمەتبار و تاوانبار، بنەمایەکە و بە باشیی لە نێو ڕژێمی یاسایی دادگاکەدا پارێزراو و جێگیر کراوە. کاتێک کەسی گومانلێکراو یان تاوانبار پێویستیی بە پارێزەر هەیە و دەیەوێت ئەو پارێزەرە ببینێت، تۆمارگەی دادگاکە کارئاسانییان بۆ دەکات و دەستەیەک لە ناوی پارێزەرانی شیاویان بۆ بەردەست دەخات. دەبێت ئەو پارێزەرە بەئەزموونانەشی دەیانەوێ ببنە نوێنەری یاسایی ئەو کەسانە، ناویان لە لیستی پارێزەراندا هەبێت، ئێستاش لە سەر ئاستی جیهان لە ٤٠٠ پارێزەر پێک هاتووە.

پارێزەران، ئەندامی ستافی دادگاکە نین، ئەوان سەروەر بە شێوەیەکی سەربەخۆ ئەرکەکانیان بەپێی خاڵەکانی ڕێکارە پیشەییەکان، لە بەردەم دادگاکە، ڕادەپەڕێنن.

پارێزەری هەڵبژێردراو، بەرپرسیاری پێکهێنانی تیمەکەیەتی، هەروەها هەڵبژاردنی پارێزەری یاریدەدەر و یاریدەدەری یاسایی و سەرپەرشتیاری پەڕاو و کەسانی شارەزا و لێکۆڵەرەوانی شارەزا. لە دواتردا، دەبێت یاریدەدەرانی یاسایی ناویان لە لیستی ناوەکاندا تۆمار بکرێت. دەبێت تێکڕای ئەندامانی کۆمەڵەی بەرگیرکاران، چەند تایبەتمەندییەکی دیاریکراویان هەبێت تا دڵنیایی بدەن کە دەتوانن کاریگەرانە و لە ئاستی ستانداردە نێودەوڵەتییە هەرە بەرزەکاندا، یاریدەی تۆمەتبار و تاوانبار بدەن.

کاتێک کەسێک پێویستی بە یارمەتییەکی خێرای یاسایی هەیە و هێشتا پارێزەری نییە، یاخود لەو کاتەدا پارێزەرەکەی بەردەست نییە، ئەوا تۆمارکەر دەتوانێت ئەرکەکانی پارێزەرەکە ڕاپەڕێنێت.

لە چەند دۆخێکی تایبەتیدا هۆبەکانیش دەتوانن پارێزەرێک دیاریی بکەن. بۆ نموونە، هۆبەیەک دەتوانێت پارێزەرێک دیاریی بکات، ئەمەش تەنها لەبەر هۆکارێکی دیاریکراوی وەک؛ نوێنەرایەتیی خواستە گشتییەکانی بەرگرینامەکە لە شوێنێکدا، کە هەلێکی بایەخدار هەیە بۆ وەرگرتنی گەواهیدان یان وتەی گەواهیدەرێک و لێکۆڵینەوە لەو بارەیەوە، یاخود کۆکردنەوە و تاقیکردنەوەی ئەو بەڵگانەی دواتر بۆ مەبەستەکانی دادگاییەکە بەردەست نین.

لە کۆتاییدا، هۆبەیەک لە پێناو خواستە دادپەروەرییەکاندا دەتوانێت پارێزەرێک دیاریی بکات. ئەم دەسەڵاتی دیارییکردنە هەریەک لەمانەش دەگرێتەوە؛ ئەگەری دەستنیشانکردنی پارێزەرێک کاتێک داواکاری گشتیی تاوانێکی ئاراستەی کەسێک کردووە کە پێشتر نەهاتووەتە بەردەم یان نەگواستراوەتەوە بۆ بەردەم دادگا یان چەند کێشەیەکی ڕێکاریی هەیە و پێویستی بە دەستێوەردانی پارێزەرێکە.

## سیستەمی هاریکاریی یاسایی

خاڵی سەرەکیی بۆ گەرەنتیی مافەکانی کەسی گومانلێکراو یان تاوانبار، بریتییە لە سیستەمی هاریکاریی یاسایی، ئەمە دڵنیایی دابینکردنی خەرجییەکانی نوێنەرە یاساییەکە دەدات، ئەمەش لەلایەن دادگەکەوە بۆ ئەوانە دابین دەکرێ وا لە ڕووی داراییەوە ئەو توانایەیان نییە. بڕیاری تۆمارکەری دادگاکە بۆ دیاریکردنی ئەو کەسەی وا کەمێک یاخود تەواو نەدارە، هەروەها توانای بەدەستهێنانی یارمەتیی یاسایی نییە، گرێدراوی پێودانگە بابەتییەکانە، هەروەها لێکۆڵینەوەیەکی تەواو لە هۆیەکانی ئەو کەسەی هاریکاریی یاسایی دەخوازێت.

بەهۆی ئاڵۆزیی و ژمارەی ئەو ئەرک و مادانەی بەشێکن لەو پەڕاوەی خراوەتە بەردەم دادگا، نەکردەنییە تەنها یەک کەس بتوانێت نوێنەرایەتییەکی یاسایی کاریگەر و جێباوەڕ ڕێک بخات. بە ڕوانین لەم ڕاستییە، لە ژێر سیستەمی هاریکاریی یاسایی دادگاکەدا، پێکهاتەی تیمێکی تەواو و نموونەیی دارێژراوە و پێزانینەکەی لەلایەن دادگاوە دابین دەکرێت. درووستکردنی تیمەکەش بە قۆناغە جیاوازەکانی دادخوازییەکەوە بەندە.

لە سەروو و بەدەر لەو سەرچاوە بەردەستانەی لە ژێر سیستەمی هاریکاریی یاسایی دادگاکەدا بۆ تیمە یاساییەکە بەردەست خراوە، پارێزەر دەتوانێت داوای سەرچاوەی زیاتر بکات، ئەوەش بەپێی بناغەی پێویستییە ڕاستەقینەکانی پەڕاوەکە، جا ئەمە ژمارەی تاوانباران و ژمارەی لاپەڕەی فایلی پەڕاوەکە و هتد... دەگرێتەوە.

## پاڵپشتیی لۆجیستیی و کارگێڕیی بەرگرینامەکە

بۆ گەرەنتیی مافی تاوانبار بە درێژایی دادخوازییەکە، تۆمارگە هەموو ڕێکارە پێویستەکان دەگرێتە بەر، ئەمەش تا دڵنیایی بدات کە پارێزەری هەڵبژێردراو و تیمەکەی، بۆ جێبەجێکردنی تەواوی ماف و دەسەڵات و ئەرکەکانیان شیاو و توانادارن. بۆ نموونە؛ تۆمارگە زنجیرەیەک خزمەتگوزاریی بێسنووری وەک: خزمەتگوزاریی وەرگێڕانی زارەکیی و نووسین و ڕاهێنان بۆ سیستەمی تەکنەلۆژیی ئەلیکترۆنیی دادگاکە و نوسینگەیەک لە نێو باڵەخانەی دادگاکە، کە کەلوپەلی پێویستی تێدایە، دەبەخشێتە پارێزەری هەڵبژێردراو و تیمە یاساییەکەی.

دادگاکە پشتگیریی و هاریکاریی پارێزەر و دەستە یاساییەکەی دەکات، ئەمەش بۆ بەجێهێنانی پێویستییەکانی لێکۆڵینەوەکەیان، لەوانە؛ بەکارهێنانی نووسینگە و پشتگیریی ئەمنیی و پێوەندیی لەگەڵ دەسەڵاتە نیشتیمانییەکان و ڕێکخستنی گواستنەوەی ناوخۆیی.

بەشی پشتگیریی پارێزەرەکە خاڵێکی گرنگە لە سەروو ئەو خزمەتگوزارییانەی لە سەرێ باس کران، هەروەها بۆ ئەوەش دامەزراوە تا پاڵپشتیی دامەزراوەیی بە پارێزەرە دەرەکییەکان و ئەندامانی تیمەکەی ببەخشێت.

## نووسینگەی ڕاوێژکاری گشتیی بۆ کۆمەڵەی بەرگریکاران

دامەزراندنی نووسـینگەی ڕاوێژکاریی گشـتیی بۆ کۆمەڵەی بەرگریکاران،[٧٣] بۆ بەرزکردنەوە و نوێنەرایەتیی و گەڕان بۆ مافەکانی بەرگرینامەکە و هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی یەکسانی ڕەها بۆ تاوانبارەکە لە هەموو قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە و دادگاییەکە، تەرخـان کراوە. ئەمەش نوێگەرەییەکی سـەرەکیی لە پێکهـاتەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتییدا، ڕەنگڕێژ دەکات.

سـتـافی نووسـینگەی ڕاوێژکاریی گشـتیی بۆ کۆمەڵەی بەرگریکاران، لە پارێزەری تایبەتمەند پێک هاتووە، بەردەوام لە بابەتی کار و زانسـتی دادوەرییدا خۆیان نوێ دەکەنەوە و دەتوانن هاریکاریی یاسـایی جێگرەوە لە کاتی خۆیدا بۆ هەموو تاوانباران و کۆمەڵەی بەرگیرکاران دابین بکەن. نووسـینگەکە لە کارە گرنگ و بنچینەییەکانیدا سـەرتاپێ سـەربەخۆیە، لێ تەنها لەبەر هۆکارە کارگێڕییەکان، دەکەوێتە نێو دەسەڵاتی تۆمارگەکەوە. پارێزەران و هاوکارەکانیان لە نووسـینگەی ڕاوێژکاری گشـتیی بۆ کۆمەڵەی بەرگریکاران سـەربەخۆیانە کارەکانیان ڕادەپەڕێنن.

ئەرکەکانی نووسینگەی ڕاوێژکاری گشتیی بۆ کۆمەڵەی بەرگریکاران بریتیین لە:

- نوێنەرایەتیی و پارێزگاری بەرگریی لە ماوەی قۆناغە سەرەتاییەکانی لێکۆڵینەوەدا.

---

[73] Office of Public Counsel for the Defence.

- دەستەبەرکردنی پشتگیریی و هاریکاریی بۆ پارێزەری بەرگرینامەکە و ئەو کەسانەی هاریکاریی یاسایی دەکەن، سا ئەمەش لەڕێی بەخشینی ئامۆژگاریی یاسایی یان هاتنە بەردەم هۆبەکان سەبارەت بە مژارێکی دیاریکراو.
- دەرکەوتن وەک پارێزەر لە دۆخێکی پێویستدا گەر هۆبەیەک دیاریی بکات، یان وەک پارێزەری ئەرکدار، ئەگەر لەلایەن گومانلێکراوێکەوە دیاریی کرا بوو، کە هێشتا لەلایەن نوێنەرێکی یاسایی هەمیشەییەوە نوێنەرایەتیی ناکرێت.
- دەکرێت لە کاتی گفتوگۆی نێوان تاوانبارەکە و پارێزەرەکەی، تۆمارکەرەکە داوای نێوەندگیرییەک پێشەکەش بکات و نووسینگەی ڕاوێژکاری گشتیی بۆ کۆمەڵەی بەرگریکاران، داوای لێ بکرێت تا وەک نێوەندگیرێک دەربکەوێت.
- نووسینگەی ڕاوێژکاری گشتیی بۆ کۆمەڵەی بەرگریکاران، نووسینگەی تاوانبارانی گشتییە، بەوپێیەی کەسی گومانلێکراو یان تاوانبار گەرەنتیی ئەوە کراون لە هەڵبژاردنی پارێزەرەکانیاندا ئازادن، بەپێی بنەڕەتنامەی ڕۆما. نووسینگەی ڕاوێژکاری گشتیی بۆ کۆمەڵەی بەرگریکاران، لەگەڵ ستراتیژی تاکەکانی تیمی بەرگریکاران یەک ناگرێت و نابێتە بەشێک لێیان.

نووسینگەکە یاریدەی تیمی بەرگریکاران دەدات تا دەستبەجێ نوێنەرایەتییەکی یەکسان بە بریکارانەکانیان ببەخشن. بۆ نموونە، نووسینگەی ڕاوێژکاری گشتیی بۆ کۆمەڵەی بەرگریکاران، پەیڕەوێکی پراکتیکیی و پێشنیازی

تـوێـژینـەوە بە کـۆمەڵە نـوێـیـەکەی بەرگـریـکـاران دەکـات. دواتـر کـۆمەڵەی بەرگریکاران دەتوانێت داوا لە نووســـینگەی ڕاوێژکاری گشــتیی بۆ کۆمەڵەی بەرگریکاران بکات، ئەمەش بە ئەنجامدانی توێژینەوەیەک ســەبارەت بە پرســە یاسایی و ڕێکارییەکان بۆ بەرزکردنەوەی پەڕاوەکانیان.

وەک بەشـێک لە دادگاکە، دامەزراندنی نووسـینگەی ڕاوێژکاری گشـتیی بۆ کۆمەڵەی بەرگریکاران، داوای پێکهێنانی بیرگەیەکی دامەزراوەیی بۆ تـاوانبارەکە و دامەزراندنی ناوەندێکی سـەرچاوەیی بۆ کۆمەڵەی بەرگریکاران دەکات. بەهۆی دەســتڕاگەیشــتنی بە هەموو بڕیـارە گشــتیی و بەڵگەییەکـان، دامەزرانـدنی نووسـینگەی ڕاوێژکاری گشـتیی بۆ کۆمەڵەی بەرگریکاران، چەندین تێگەیشـتنی جیـاوازی یـاســـایی لەمەڕ بـابەتە جیـاوازەکـان خڕ دەکـاتەوە، وەک: بڕیـارە زارەکییەکـانی ڕێکـارەکـانی دادگـا، بەشـــداریی قـوربـانییـان، پێودانگەکـانی پێداچوونەوە دەگمەنەکان و هتد... ئەم تێگەیشتنانە بەردەوام نوێ دەکرێنەوە، ئەمەش بۆ ئەوەی بۆ هەموو کۆمەڵەی بەرگریکاران بڵاو بکرێتەوە.

یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی نووسینگەی ڕاوێژکاری گشتیی بۆ کۆمەڵەی بەرگریکاران ئەوەیە، پشتگیریی خواستە گشتییەکانی بەرگرینامەکە بکات. هەروەها نووسینگەی ڕاوێژکاری گشتیی بۆ کۆمەڵەی بەرگریکاران، پێوەندیی بە هاوبەشە دەرەکییەکانییەوە دەکات، ئەمەش لەپێناو بەرزکردنەوەی هۆشیاریی دەربارەی ئەرکی بەرگرینامەکە و گرنگیی یەکسانیی بۆ تێگەیشتن دادپەروەریی نێودەوڵەتیی.

# قوربانییانی بەردەم دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی




"قوربانییان ئەوکەسانەن وا بەهۆی دەرئەنجامەکانی تاوانێکەوە، کە دەکەوێتە نێو دەسەڵاتی دادوەریی دادگاوە، زیانیان پێ گەیشتووە."

قوربانییەکان وەک بەشـێک لە سـیسـتەمی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی، دەتوانن زانیـارییەکـان بۆ داواکـاری گشـتیی بنێرن و داوای دەسـتپێکردنی لێکۆڵینەوەیەک بکەن، هەروەها دوو گۆڕانکاریی گرنگ لەمەڕ قوربـانییەکان هـاتووەتە گۆڕێ. بۆ یەکەم جـار لە مێژووی دادگەریی تـاوانی نێودەوڵەتییـدا قوربـانییـان مـافی ئەوەیـان پێ دەدرێـت بەشـداریی دادخوازییەکە بن و داوای قەرەبوو بکەن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێـت ئەوان بێجگە لەوەی دەتوانن وەک گەواهـیـدەرێـک، گەواهی بـدەن، دەشـتـوانـن لە هەمـوو قـۆنـاغەکـانی دادخوازییەکەدا سـەرنج و تێڕوانینی خۆیـان بخەنە ڕوو. ئەمەش بە ئەگەری زۆرەوە لە ڕێی نوێنەرە یـاسـاییەکـانیـانەوە ئەو کـارە دەکەن. هەروەهـا ئەو قوربـانییـانەشـی وەک گەواهیـدەر لە بەردەم دادگـا دەردەکەون، پشـتگیریی دەکرێن و دەپارێزرێن.

ئەرکی قوربانییان لە دادخوازیی دادگای تاوانی نێودەوڵەتییدا، تەواوکاریی ئەو هەوڵانەیە وا دادگـا دەیـانگـرێتە خـۆ، ئەویـش بـریـتـییە لە هەڵـگـرتـنی لێپرسـراوێتیی ئەو کەسـانەی بەرپرسـی ئەو تـاوانە مەترسـیدارانەن وا جێی سـەرنجی کۆمەڵگەی نێـودەوڵەتـییـن. بـنەمـای پـشـت ئەمەش ئەوەیە، کە دادپەروەریی ڕاسـتەقینە ئەو کـاتە بەدەسـت دێـت، کە دەنگی قـوربـانییـان دەبیسترێت و هەست بە ئێش و ئازارەکانیان دەکرێت.

قوربـانییـان ئەو کەسـانەن وا بەهۆی دەرئەنجـامەکانی تـاوانێکەوە، کە دەکەوێتە نێو دەسـەڵاتی دادوەریی دادگاوە، زیانیان پێ گەیشـتووە. هەروەها پێگە ئایینی و پەروەردەیی و هونەریی و زانسـتیی و خێرخوازییەکان زیـانیان پێ دەگات، هەندێک کەڕەت دەکرێت ڕێکخراو و دامەزراوەکانیش، وەک قوربـانیی

تەماشا بکرێن. ئەوە دەکەوێتەوە سەر دادوەرانی دادگاکە لە دیاریکردنی جۆری ئەو زیانەی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. لێ هەرچۆنێک بێت، دادوەران زیانە جەستەییەکانی جەستەی کەسێک و ئەو زیانە دەروونییانەی بەهۆی بینین یان ئەزموونەوە، تووشی هاتووە، یاخود زیانی ماددیی، کە بەهۆیەوە کەلوپەل و زەویوزارێک زیانی پێ گەیشتووە، یاخود لەدەست دراوە، هەڵبسەنگێنن.

بۆ هاوکاریی قوربانییەکان، دادگا (کەرتی بەشداریی و قەرەبووکردنەوە)[٧٤] و (یەکەی قوربانیی و گەواهیدەرەکان)ی[٧٥] لە نێو تۆمارگەی دادگاکە دامەزراندووە.

کەرتی بەشداریی و قەرەبووکردنەوە هاوکاریی داواکاریی قوربانییان دەکات، ئەمەش بۆ بەشداریی لە دادبینیی یان قەرەبووکردنەوە، یان هەردووکیان. هەروەها لە بەدەستهێنانی ئامۆژگاری یاسایی و ڕێکخستنی نوێنەرایەتییە یاساییەکانیان هاوکاری قوربانییان دەبێت. جا بۆ ناسینەوە و دەستگەیشتن بە قوربانییان، کەرتەکە چالاکانە پەیوەندییەکانی لەگەڵ گرووپی قوربانییەکان و ڕێکخراوە ناحکوومییەکان و ڕێکخراوە حکوومیی و ناحکوومییەکانی دی بەرەوپێش دەبات، بە تایبەتیی لەو وڵاتانەی دادگای لێ چالاکە.

یەکەی قوربانیی و گەواهیدەرەکان پاراستن و پاڵپشتی دەروونیی بۆ شایەتحاڵ و قوربانییەکانی بەردەم دادگا دەستەبەر دەکات، هەروەها بۆ ئەوانەشی وا مەترسییان لە سەرە، ئەویش بەهۆی ئەو گەواهیدانەی دەیخەنە ڕوو. یەکەی قوربانیی و گەواهیدەرەکان ئامۆژگاریی و ڕاهێنان و هاریکاریی بۆ

---

74 Victims Participation and Reparation Section.
75 Victims and Witnesses Unit.

بەشـــەکانی تری دادگا فەراهەم دەکات، ئەمەش بۆ دڵنیـایی ســـەلامەتیی و ئاســـوودەیی قوربانییەکان و شـــایەتحاڵەکان. ســـەرنجێکی تایبەت دەدرێت بە پێویســـتییە گرنگەکانی منداڵان و بەســـاڵاچووان و کەســـانی خاوەنپێداویســـتیی تایبەت و قوربانییانی توندوتیژیی سـێکسـیی و تاوانە ڕەگەزییەکان. هەروەها ئەو یەکەیە بەرپرسیاری پرۆگرامی پاراستنی گەواهیدەرانە.

**بەشداریی**

قوربانییان دەتوانن بە هەریەک لەم شێوانەی خوارەی، ئەرکی خۆیان بگێڕن.

- به ناردنی زانیاریی بۆ دواکاری گشتیی دەربارەی ئەو تاوانانەی پێیان وایە ئەنجام دراوە.
- بە گەواهیدان لە بەردەم دادگادا، ئەگەر هاتوو وەک گەواهیدەرێک بانگ کرابوون.
- کاتێک بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی قوربانییان کاریگەرییان لە سەر دەبێت، ئەویش بە خستنەڕووی بۆچوون و سەرنجەکانیان لە بەردەم دادگا، جا لە هەموو قۆناغەکانی دادخوازییەکەدا، ئەوەش بە شێوازیک، کە لایەنگیری ناکات یان دەسازێت لەگەڵ مافی بەرگریی و دادگاییەکی بێلایەن و دادپەروەرانە. دەکرێت قوربانییەکان ئەمە لە سەرەتاکانی قۆناغی دادبینییەکەدا بکەن (بۆ نموونە، لە دادبینییەکدا داواکاری گشتیی، بۆ دەستپێکردنی لێکۆڵینەوەیەک، داوای دەسەڵات لە دادوەرەکان دەکەن، یان کاتێک داوا لە دادگا دەکات بۆ

پشتڕاستکردنەوەی تۆمەتە ئاڕاستەکراوەکان دژی گومانلێکراوێک، ئەویش لە ڕێی قۆناغەکانی دادگایی و تێهەڵچوونەوەوە.

- داواکاریی قەرەبووکردنەوە.

قوربانییەکان دەتوانن لە هەموو قۆناغێکی دادبینیدا بەشدار بن، جا ئەمە لە ڕێگەی پڕکردنەوەی فۆرمێکی ستانداردی داواکاریی بەشداریی. دادوەرانی دادگای پەیوەندیدار گرنگیی بە کاربەرنامەکان دەدەن. دادوەرەکان بڕیاری ئەوە دەدەن داخۆ کەسەکە لە ئەنجامی تاوانێکی سنووری دەسەڵاتی دادوەریی دادگا ئەشکەنجە و ئازارێکی چەشتووە؟ هەروەها دادوەرەکان بڕیار دەدەن قوربانییەکان لە چ قۆناغێکدا دەتوانن سەرنج و بۆچوونەکانی خۆیان، بەو شێوازەی هەر ئەوان دیاریی دەکەن، بخەنە ڕوو.

## نوێنەرایەتیی یاسایی

لە زۆربەی پەڕاوەکاندا، بەشداریی قوربانییەکان لە دادبینییەکاندا بەهۆی نوێنەرێکی یاساییەوە دەبێت. بە گشتیی ئەگەر قوربانییەکان ویستییان لە سەر نەبێت، پێویست ناکات بڕۆن بۆ دادگا، بەڵکوو نوێنەرە یاساییەکانیان بۆچوون و سەرنجەکانیان بۆ دادگا دەخەنە ڕوو. قوربانییەکان لە هەڵبژاردنی نوێنەرە یاساییەکانیاندا سەرپشکن، ئەمەش مەرجە کەسێک بێت خاوەنی ئەزموونێکی فراوانی لە پارێزەری تاوانکاریی و دادوەر یان داواکاری گشتییدا هەبێت، هەروەها یەکێک لە زمانە بەکاربراوەکانی دادگا (ئینگلیزیی و فەڕەنسیی) بە باشیی بزانێت.

دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی یارمەتیی قوربانیان دەدات تا نوێنەرێکی یاسایی بدۆزنەوە، ئەمەش بە دەستەبەرکردنی لیستێک لە ناوی ڕاوێژکاران. هەرچەندە سەرچاوەکانی دادگا لە هاریکارییە یاساییەکاندا سنووردارن، بەڵام ڕەنگە دادگا توانای دەستەبەرکردنی هەندێک هاریکاری دارایی هەبێت. سەرەڕای ئەمەش، نووسینگەی ڕاوێژکاری گشتیی قوربانیان، بێ وەرگرتنی هیچ برەپارەیەک، ئامادەی پێدانی هاریکاریی یاسایین بۆ قوربانییان.

دەکرێت کاتێک ژمارەی قوربانییان زۆر دەبێت، دادوەرەکە داوا لە قوربانییەکان بکات نوێنەرێکی یاسایی هاوبەش یان تیمێک لە نوێنەرەکان هەڵبژێرن، ئەمەش بە ئامانجی زیاتر کاراکردنی دادبینییەکان. کاتێک، بە هەر هۆکارێک، قوربانییان ناتوانن نوێنەرێکی یاسایی هاوبەش دەستنیشان بکەن، ئەوا دەکرێت دادوەران داوا لە تۆمارگەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی بکەن تا نوێنەرێکی یاسایی دەستنیشان بکەن. کاتێک قوربانییان پێملی هەڵبژاردەی تۆمارگە نەبوون، ئەوا دەتوانن داوای پێداچوونەوە لە دادوەران بکەن.

## ئاگادارکردنەوە

کاتێک دادگا بڕیار لە سەر کاربەرنامەی قوربانییەک دەدات و ئەو شێوازە دیاریی دەکات وا قوربانییەکە بەشداریی ڕەوشێک یان پەڕاوێکی دیاریکراوی دادخوازییەکی پێ دەکات، ئەوا ئاگاداری دوایین پەرەسەندنی پێشاژۆکانی دادخوازییەکە بێت، لەوانەش؛ ڕۆژی دادبینیی بڕیاری دادگا و هەر تێهەڵچوونەوەیەک.

## قەرەبووکردنەوە

قوربانییان دەتوانن داواکاریی قەرەبووکردنەوە بۆ ئەو ئازار و ئەشکەنجانەی لە سۆنگەی تاوانەکانی سنووری دەسەڵاتی دادوەریی دادگا چەشتوویانە، پێشکەش بکەن. هەروەها دەکرێت دادگا بڕیاری دەستپێشخەریی بدات، تەنانەت ئەگەر قوربانییان لە سەرەتادا داواکارییشیان پێشکەش نەکردبێت. ئەوا دەتوانن دواتر داواکارییەکانیان پێشکەش بکەن و دادگا بڕیاری پێدان و نەدانی قەرەبوو بدات، هەروەها بە چ شێوازێک ئەنجامی بدات. دەکرێت دادگا چەند جۆرێکی جیاوازی قەرەبووکردنەوە بگرێتەوە، ئەمەش ئەمانەی لای خوارێ دەگرێتەوە:

- قەرەبووکردنەوە:[٧٦] ئەمە بە گشتیی بە واتای قەرەبووی دارایی دێت بۆ زیانە دارایی و مەعنەویی و جەستەییەکان، جا دەکرێت قەرەبووکردنەوە بۆ زیانە جەستەیی و دەروونییەکان و لەدەستدانی دەستکەوتەکان و ئازار و ئەشکەنجە و پەژارەی سۆزداریی و دەرفەتە لەدەستدراوەکانیش بگرێتەوە.
- پێدانەوە:[٧٧] دەیەوێت تا ئەو شوێنەی دەکرێت، ئەو هەلومەرجانە دابمەزرێنێتەوە وا قوربانییەکان، پێش تووشبوونیان بە زیانەکە، تێیدا بوون، دەکرێت ئەمە پێدانەوەی ماڵومولکیش بگرێتەوە.
- چاککردنەوە:[٧٨] مەبەست ڕێدانە بە قوربانییان تا درێژە بە ژیانی ئاسایی خۆیان بدەن. دەکرێت چاککردنەوە خەرجییەکانی چاودێریی پزیشکیی و دەروونیی و گرنگیپێدانی دەروونیی بگرێتەوە، هەروەها خزمەتگوزاریی

---

[76] Compensation.
[77] Restitution.
[78] Rehabilitation.

کۆمەڵایەتیی و یاسایی و خزمەتگوزارییەکانی دی، ئەمەش بۆ گەڕاندنەوەی شکۆداریی و تەندرووستیی قوربانییان پێویستە.

دەکرێت لە کۆتایی دادگاییەکەدا هۆبەی دادگایی فەرمان بەو کەسانە بکات وا دادگا تاوانباری کردوون، سا ئەمەش بۆ قەرەبووکردنەوەی قوربانیانی ئەو تاوانانەی کەسەکەی پێ تاوانبار کراوە؛ ڕەنگە دادگا بڕیاری چاککردنەوەکان بەپێی بنەمای تاکەکەسیی یان دەستەکۆیی بدات؛ بە مەرجی ڕەچاوکردنی ئەوەی هەرکامێکیان گونجاوتر بێت بۆ قوربانییەکان لەو پەڕاوە تایبەتییانەدا. سوودێکی چاککردنەوەی دەستەکۆیی ئەوەیە، دەتوانێت یارمەتیی دەستەبەرکردنی ئاسوودەیی و حەسانەوە بۆ تێکڕای کۆمەڵ بدات و ئەندامەکانیش بخاتە پێگەیەکەوە تا بتوانن ژیانیان بنیات بنێنەوە. بۆ نموونە، دەکرێت ئەو ناوەندانەی خزمەتگوزاریی بۆ قوربانییان دەستەبەر دەکەن، دروووست بکرێنەوە یان ڕێوشوێنە ڕەمزییەکان بەکار بهێنرێن. سەرباری ئەوەش، دەوڵەتانی ئەندام لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی، سندووقی متمانە بۆ قوربانییانی ئەو تاوانانە و خێزانەکانیان دادەمەزرێنن وا دەکەونە سنووری دەستەڵاتی دادوەریی دادگاکەوە، ئەمەش لە پێناوی دەستەبەرکردنی جۆرێک لە بژاردنەوە، تەنانەت گەر کەسی تۆمەتبار سەرمایەی پێویستیشی نەبێت.

### پاڵپشتیی و پاراستن

دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی ناچار دەکرێت ڕێوشوێنی گونجاو بۆ پاراستنی سەلامەتیی و تەندرووستیی جەستەیی و دەروونیی و شکۆداریی و ژیانی تایبەتیی قوربانییان و گەواهیدەران بگرێتە بەر. کاتێک قوربانییەکان لە بەردەم دادگا

وەک گەواهیدەر گەواهیی دەدەن، ئەوا یەکەی قوربانییان و گەواهیدەران پاڵپشتیی ڕێکخستن و جێبەجێکاریی دەکات، ئەمەش بۆ ئەوەی بتوانن لە بەردەم دادگا ئامادە بن، جا کار دەکات تا پانتاییەک بۆ ڕێزگرتن لە شایەتحاڵەکە بسازێنێ، هەروەتر ئەزموونی گەواهیدانەکە نەبێتە هۆکاری زیانی زیاتر و ئازار و ئەشکەنجە یان تووشبوون بە زەبری دەروونیی. هەروەها چاودێریی دەروونیی و هاریکاریی گونجاوی دی بەو کەسانەی یاوەری گەواهیدەرەکان دەکەن، دەدرێت

## خستنەوەڕووی زانیارییەکان

دادگاکە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئەو قوربانییانەی بەشداریی لە دادبینییەکەدا دەکەن، یان داوای قەرەبووکردنەوە دەکەن، ڕێک دەخات، بە جۆرێک، هەموو مەترسییەکی ڕاسەری قوربانییان یان ئەوانی دی سنووردار دەکات و بە شێوەیەکی نهێنیی توند، مامەڵە بەو زانیارییانەوە دەکات وا لە قوربانییەکان وەرگیراون.

بەپێی ڕێکارەکانی دادگا، پێویستە داواکارییەکان لە نووسراوی بەرگرییکردنەکەدا بۆ بەشداریی یان قەرەبووکردنەوەی داواکاری گشتیی بخرێتە ڕوو. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر داواکارەکان لە سەلامەتیی خۆیان یان ئەوانی دی نیگەران بوون، ئەوا دەتوانن داوای ئاشکرانەکردنی ئەو زانیارییانە بکەن وا بە دادگای دەدەن. هەروەها دەتوانن داوا بکەن ئەم چەشنە زانیارییانە نەخرێتە نێو تۆماری گشتیی دادبینییەکان. دادوەرەکان بڕیار دەدەن چ هەنگاوێک بنێن و دەکرێت داوای ڕێوشوێنەکان بکەن، ئەوەش لە پێناو پاراستنی ئەو زانیارییانەی قوربانییەک یان نوێنەرێکی یاسایی دەیخاتە ڕوو.

# سەرۆکایەتیی و دادگاکان



"سەرۆکایەتیی نوێنەرایەتیی دادگا لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی ئەندام و دەوڵەتە نائەندامەکانی بنەڕەتنامەی ڕۆما و نەتەوە یەکگرتووەکان و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوە ناوچەیی و ناحکوومییەکان و قەوارە دەرەکیەکانی دی، دەکات."

سەرۆکایەتیی دادگاکە یەکێکە لە چوار ئۆرگانەکەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی و لە سێ دادوەر پێک دێت، ئەم سێ دادوەرەش لەلایەن دادوەرانی پێشووەوە بۆ سەرۆکایەتیی هەڵبژێردراون و بۆ ماوەی سێ ساڵ خزمەت دەکەن.

ئەرکەکانی سەرۆکایەتییەکە بۆ سێ بەش پۆلێن دەبن: کارگێڕیی و پرسی دادگەریی و پەیوەندییە دەرەکییەکان، سەرۆکایەتییەکە، بەدەر لە نووسینگەی داواکاری گشتیی، لە بەڕێوەبردنی دادگا بەرپرسیارە. سەرباری ئەوەش سەرۆکایەتییەکە هەوڵی ڕێکخستن و ڕێککەوتنی هەموو بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی لەگەڵ داواکاریی گشتیی دەدات. کارەکانی کارگێڕی سەرۆکایەتیی؛ چاودێریی بەڕێوەبردنی تۆمار و دڵنیایی گەیاندنی خزمەتگوزارییەکی کاریگەری تۆمارەکە بە دادگەرییەکە دەستەبەر دەکات.

وەک بەشێک لە ئەرکەکانی چاودێریی، سەرۆکایەتییەکە کۆمەک و هاوکارییەکی پانوپۆڕی سیاسەتی کارگێڕیی و پرسی سەرۆکایەتیی لەمەڕ بابەتەکانی پەیوەندییدار بە کاری گشتیی دادگا دەستەبەر دەکات، لەوانەش؛ ڕێنماییەکانی ستاف و ئاسایشی زانیاریی و سندووقی متمانەی دادگا.

هەروەها، بەرپرسیارێتییەکانی سەرۆکایەتیی، چالاکییە دادگەرییەکان و پەیوەندیی دەرەکییش دەگرێتەوە، سەرۆکایەتییەکە لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکە دادگەرییەکانیدا، کارەکانی دادگەریی دادگا ڕێک دەخات، وەک ئەو ئەرکانەی لە بنەڕەتنامەکە و یاسا ڕێکارییەکان و بەڵگەکان و ڕێنماییەکانی دادگادا هاتوون. بەپرسارێتییەکانی سەرۆکایەتییەکە لە پەیوەندیی دەرەکییدا

بریتییە لە دانوســـتان و ئەنجامی ڕێککەوتنەکان لەبری دادگا و بەرزکردنەوەی هۆشیاریی گشتیی و تێگەشتن لە دامەزراوەکە.

ئەرکە یاســـایی و دادگەرییەکانی ســـەرۆکایەتییەکە دوو بەشـــە. یەکەم، سەرۆکایەتییەکە پشتگیریی بۆ توانادان بە دادگاکان دەستەبەر دەکات، ئەمەش بۆ بە دەســـتپێکردنی دادخوازییەکی گشـــتیی یەکڕا و کاریگەر و دادپەروەرانە، وەک درووســـتکردن و ســـپاردنی ڕەوش بە دادگا و ڕێکخســـتنی کۆبوونەوەی دانیشتنە گشتییەکان و هەماهەنگی لەگەڵ تۆمارگە. دووەم، سەرۆکایەتییەکە ئەرکێکی یاســـایی و دادگەریی تایبەتی دەبێت، وەک پێداچوونەوەی دادگەریی بڕیارە تایبەتییەکانی تۆمارکەرەکە؛ دەرەنجامەکانی ڕێککەوتنە هاریکارییە فراوانەکانی دادگا کە بریتین لە ڕێککەوتنی دوولایەنە لەگەڵ دەوڵەتان و جێبەجێکردنی سزاکان و ڕێنوێنییە یاساییە گشتییەکان.

لە کاتی جێبەجێکردنی کاری پەیوەندییە دەرەکییەکانیدا، سەرۆکایەتییەکە نوێنەرایەتیی دادگا لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی ئەندام و دەوڵەتە نائەندامەکانی بنەڕەتنامەی ڕۆما و نەتەوە یەکگرتووەکان و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانی دیکە و ڕێکخراوە ناوچەیی و ناحکوومییەکان و قەوارە دەرەکییەکانی دی، دەکات. یەکێک لە بەرپرســـیارێتییە ســـەرەکییەکانی سەرۆکایەتییەکە، بریتییە لە بەرزکردنەوەی هۆشیاریی گشتیی و تێگەشتن لە دادگا و پتەوکردنی پەیوەندیی و هاریکاریی زۆرتری نێوان دادگا و هاوبەشـــە دەرەکییە هەمەجۆرەکان.

## دادگاکان

دادگاکان بەپێی چەند هۆبەیەک ڕێک خراون، وەک لە بنەڕەتنامەی ڕۆما هاتووە، ئەمەش کارە دادگەرییەکانی دادگا جێبەجێ دەکات. سێ هۆبە هەیە: هۆبەی دادگای لێکۆڵینەوە و هۆبەی دادگایی و هۆبەی دادگای پێداچوونەوە.

ئەرکی دادوەران بەپێی هۆبەکان گرێدراوی ئەو کارەیە وا دادوەران دەینوێنن، هەروەها ئەزموون و لێوەشاوەیی دادوەران. ئەمەش بە شێوازێک دەکرێت کە دڵنییایی دەدات لەوەی هەر هۆبەیەک سوود لە تێهەڵکێشێکی گونجاوی شارەزایی شێوە و یاساکانی تاوان و ڕێسا نێودەوڵەتییەکان وەردەگرێت. ئەو دادوەرانەی بۆ هۆبەی پێداچوونەوە دانراون، لە ماوەی خزمەتدا لە نووسینگەکە، خزمەتێکی بێپایان دەکەن.

کاتێک دادگا فشارێکی زۆری کارکردنی دەکەوێتە مل و دەشخوازێ بەڕێوەبردنێکی کاریگەری هەبێت، ئەوا دەکرێت سەرۆکایەتیی بڕیاری پێکهێنانی زیاتر لە یەک هۆبەی دادگای لێکۆڵینەوە یان هۆبەی دادگایی بدات. لەوانەشە بڕیار بدات دادوەرێکی کاتیی هۆبەی دادگایی بۆ هۆبەی دادگای لێکۆڵینەوە یان بە پێچەوانەوە دابنێت.

لە نێو ئەندامانی هەریەک لە هۆبەکاندا، بۆ ماوەی ساڵیک، سەرۆکێکی هۆبەیەکی دیاریکراو بۆ چاودێریی کارگێڕیی ئەو هۆبەیە دیاریی دەکرێت.

## هۆبەی دادگای لێکۆڵینەوە

هۆبەی دادگای لێکۆڵینەوە لە دادوەرانی بە ئەزموونی تایبەت بە دادگای تاوان پێک دێت و بۆ ماوەی سێ ساڵ خزمەت دەکەن. هەر هۆبەیەکی دادگای لێکۆڵینەوە لە سێ دادوەر پێک دێن، هەرچەندە لەوانەیە یەک دادوەر زۆربەی ئەرکەکانی دادگا بەڕێوە ببات.

یەکێک لە ئەرکەکانی هۆبەی دادگای لێکۆڵینەوە نکۆڵیی یان دەستپێکردنی لێکۆڵینەوەیە لەلایەن نووسینگەی داواکاری گشتییەوە، ئەمەش بڕیارێکی سەرەتایی دەدات، داخۆ پەڕاوەکە بێلایەنانە دەکەوێتە دەسەڵاتی دادوەریی دادگاکەوە یان نا، سەرباری ئەمەش، چەند بڕیارێکی تر هەن کە پرسیار لەمەڕ دەسەڵاتی دادوەریی و پەسەندێتیی دەکەن.

بەپێی بنەڕەتنامەی ڕۆما ئەگەر بڕیارەکە لە 'بەرژەوەندیی دادپەروەریی'[٧٩]دا بوو، ئەوا دەکرێت هۆبەی دادگای لێکۆڵینەوە، لە سەر ڕسپاردەی دەوڵەت یان ڕاسپاردەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان و بە بڕیاری داواکاری گشتیی لەمەڕ دەستپێنەکردن یان دەسپێکردنی لێکۆڵینەوە و دادگاییدا بچێتەوە.

ئەرکی هۆبەی دادگای لێکۆڵینەوەیە فەرمانی دەستگیرکردن دەر بکات و بانگێشتیی تاوانباران بۆ بەردەم دادگا بکات، ئەمەش لە سەر داوای دواکاری گشتیی دەبێت، گەرەکە مافی کەسەکان لە کاتی لێکۆڵینەوە پارێزراو بن. هۆبەی دادگای لێکۆڵینەوە فەرمان دەدات، لە دادخوازییەکاندا، مافی بەشداربووان

[79] interests of justice.

پارێزراو بێت، هەروەتر لە هەرکوێ پێویسـت بوو پارێزگاریی لە ژیان و ئارامیی قوربانییان و شـایەتحاڵەکان دەکات. هۆبەی دادگای لێکۆڵینەوە بەڵگەکان و ئەو کەسانەی دەستگیر و بانگهێشتی بەردەم دادگا کراون، دەپارێزێت، هەروەها دەبێت ئەو زانیارییانەی وا باندۆر دەخەنە سەر ئاسایشی نەتەوەیی، بپارێزێت.

هەنگێ لە کاتێکی گونجاودا گومانلێکراوێک ڕادەسـتی دادگا دەکرێت یان خۆبەخشـانە خۆی ڕادەسـتی دادگا دەکات، ئەوا هۆبەی دادگای لێکۆڵینەوە بە ئـامـادەبوونی داواکـاری گشـتیی و گومـانلێکراوەکە یـان یـان پـارێزەرەکەی، دانیشـتنێک ڕێک دەخات، ئەمەش تا دەسـتنیشـانی بکات گەلۆ تۆمەتەکان پشتڕاست دەکرێنەوە یاخود نا. دەکرێت پشتڕاستکردنەوەکە بەبێ ئامادەبوونی گومانلێکراوەکە بێت.

### هۆبەی دادگایی

زۆربەی دادوەرانی هـۆبەی دادگـایی ئەزمـوونـێکی دوورودرێـژی دادگـای تـاوانەکانیان هەیە و بۆ ماوەی سـێ سـاڵ لەم هۆبەیەدا خزمەت دەکەن، لێ ئەگەر پەڕاوێـک تەواو نەکرا، ئەوا دادوەرەکە تـا کـاتی تەواوبـوونی پەڕاوەکە بەردەوام بێت، جا با وادەکەش تەواو بووبێت. ئەگەر هۆبەی دادگای لێکۆڵێنەوە تۆمەتەکانی پشـتڕاسـت کردبێتەوە. ئەوا سـەرۆکایەتیی دادگا هۆبەیەکی دادگایی بۆ پەڕاوەکە پێـک دەهێنێـت. هـۆبەی دادگـایی لە سـێ دادوەر و دادوەرێکی سـەرۆکایەتیی پێک دێت، سـا دادوەرانی هۆبەکە ئەمانەیەیان هەڵبژاردووە. دەکرێت دادوەرێک بە تەنها ئەرکەکانی دادگاییەکە جێبەجێ بکات.

ئەرکی لە پێشینەی هۆبەی دادگایی دڵنیایی دادگاییەکی یەکڕا و دادپەروەرانەیە، ئەمەش سەرپاک گرێدراوی مافی تۆمەتباران و پاراستنی قوربانییان و گەواهیدەرانە.

گەرەکە دادگاییەکە بە ئامادەبوونی گومانلێکراوەکە و بە ئاشکرا بکرێت، مەگەر هەلومەرجێکی تایبەت وا بخوازێت دادخوازییەکە نهێنی بێت، ئەمەش بۆ پاراستنی ئەو زانیارییە نهێنی و هەستیارانەی وا وەک بەڵگە پێشکەش دەکرێن و قوربانییان و گۆڤانەکان، جا دەرکردنی بڕیارەکە بە ئاشکرا دەبێت.

هۆبەی دادگایی ئەوە دیاریی دەکات داخۆ تۆمەتبارەکە بەپێی ئەو تۆمەتانەی وا خراونەتە ئۆباڵی، تاوانبارە یان بێتاوان، ئەگەر تاوانەکە دەستنیشان کرابوو، ئەوا سزای زیندانیی بە سەر تاوانبارەکەدا دەسەپێنرێت، جا لە ٣٠ ساڵ زیاتر نییە. لە پەڕاوی تاوانە زۆر قورسەکاندا دەکرێت زیندانیی هەمیشەیی یان سزای دارایی بسەپێنرێت. ڕەنگە هۆبەی دادگایی داوای قەرەبووکردنەوە بۆ قوربانییان بکات، وەک پێدانەوە و بۆبژاردنەوە و چاککردنەوە.

وەک لە سەرێ ئاماژەی پێ درا، سەرۆکایەتییەکە دەتوانێت بە شێوەیەکی کاتیی و لە سەروبەندی ئەرکی زۆری بەڕێوەبردنی کارای دادگادا، دادوەرێکی هۆبەی دادگای لێکۆڵینەوە بۆ هۆبەی دادگایی دابنێت. بەڵام ئەو دادوەرەی بەشداریی قۆناغی دادگای لێکۆڵینەوەی پەڕاوێک دەکات، ئەوا کاتێک دادگاییەک لە هۆبەی دادگاییدا لەمەڕ پەڕاوێک بەڕێوە دەچێت، لە هیچ هەلومەرجێکدا ئەو دادوەرە ڕایەی ناکەوێ لە هۆبەی دادگاییەکە دابنیشێت.

**هۆبەی پێداچوونەوە**

هۆبەی پێداچوونەوە لە پێنج دادوەر پێک دێت، لێرەدا دادگا بڕیاری سەرۆکایەتیی دادوەرەکان بۆ هەر پێداچوونەوەیەک دەدات.

هۆبەکە مامەڵە لەگەڵ ئەو پێداچوونەوانەدا دەکات وا ئەم لایەنانە پێی دەگەیەنن: کەسی تاوانبار و داواکاری گشتیی و نوێنەری یاسایی قوربانییان و ئەو خاوەنە ڕاستەقینانەی موڵکەکان کە بە هۆی بڕیاری دادگاکەوە زیانیان پێ گەیشتووە.

ڕەنگە کەسی تاوانبار داوای پێداچوونەوەی تاوانبارکردن و سزادان بکات و هەروەتر لەوانەیە داواکاری گشتیی داوای پێداچوونەوەی سزا و تاوانباریی یان بێتاوانیی تۆمەتبارەکە بکات. دەکرێت ئەم پێداچوونەوانە بەپێی بنەمای هەڵەی ڕێکاریی جێبەجێکاریی و ڕاستیی و یاسا و هەر بنەمایەکی دیکە بێت، کە کار بکاتە سەر دادپەروەریی و متمانەی دادخوازیی و بڕیارەکان. لەوانەیە هۆبەی پێداچوونەوە بڕیاری سەر تۆمەتبار و سزادراو هەموار یان پێچەوانە بکاتەوە، لەوانەیە لە بەردەم هۆبەی دادگاییەکی جیاوازدا داوای دادگاییەکی نوێ بکات. هەروەها دەکرێت پێداچوونەوەی کۆتابڕیاری تاوانباریی و سزا بدات.

هەروەها هۆبەی پێداچوونەوە بەرپرسیارە لە پێداچوونەوەی سزاکەیان، ئەمەش تا دەستنیشانی بکات داخۆ دوای بەسەربردنی دوو لەسەر سێی سزاکەی لە زیندان یان ٢٥ ساڵ لە زیندانیی، سزاکەی کەم دەکرێتەوە، ئەگەر هۆبەی پێداچوونەوە بڕیاری کەمنەکردنەوەی سزاکە بدات، ئەوا لانیکەم سێ ساڵ جارێک پێداچوونەوە بە پەڕاوەکەدا دەکەن. لە کۆتاییدا هۆبەی

پێداچوونەوە ئەو ئۆرگانە لێپرسراوەیە کە بڕیار لە لێنەهاتوویی داواکاری گشتیی یان جێگرەکەی دەدات.

ڕەنگە پارێزەری قوربانییان و تۆمەتباران و ئەو زەویدارانەی وا بەهۆی فەرمانی بژاردنەوەی قوربانیانەوە زیانیان پێ گەیشتووە، داوای پێداچوونەوە بە سزاکەدا بکەن، هەروەها دەکرێت ئەو بڕیارانەی تر وا لە ماوەی دادخوازییەکەی هۆبەی دادگای لێکۆڵینەوەدا دراون، یان ئەو بڕیارانەی پەیوەندییان بە دەسەڵاتی دادوەریی و جێبەجێکردنەوە هەیە، پێداچوونەوەیان بۆ بکرێت.

# دادوەرانی دادگا



"دەبێت لە هەڵبژاردنی دادوەرەکاندا ڕەچاوی ئەوە بکرێت، کە ئەم کەسانە نوێنەرایەتی جیاوازیی سیستمی یاسایی جیهان و یەکسانیی نێوان ژن و پیاو و دابەشکاریی جوگرافی دەکەن."

دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لە ١٨ دادوەر پێک دێت و لەلایەن ئەنجوومەنی دەوڵەتانی ئەندامی بنەڕەتنامەی ڕۆما و دامەزراوە سەرەتاییەکانی دادگاکەوە، بۆ ماوەی نۆ ساڵ هەڵبژێردراون، هەروەها دوای ئەم ماوەیە، مافی خۆپاڵاوتنێکی تریان نییە.

دادوەران لە نێو کەسانی خاوەنپێگە و بێلایەن و سەرڕاستدا هەڵبژێردراون، ئەمانەش خاوەن ئەو شارەزاییە خوازراوەن وا دەوڵەتی پەیوەندیدار بۆ دانانیان لە فەرمانگە باڵاکانی دادوەریی پێویستی پێیەتی. ئەو دادوەرانە شارەزای یاسا و ڕێکارەکانی تاوان یاخود هەر ئەزموونێکی تری هاوشێوەی پێویستن، جا وەکوو دادوەر و داواکاری گشتیی و داکۆکیکار یان هەر شارەزاییەکی تری هاوشێوەی دادخوازیی تاوانەکان، یان لە بوارە پەیوەندیدارەکانی تری یاسای نێودەوڵەتییدا شارەزان، وەک یاسای نێودەوڵەتیی مرۆیی و یاسای مافی مرۆڤ و ئەزموونێکی بەرفراوان هەیە لە توانای یاسایی پیشەیی، ئەمەش گرێدراوی کارە دادگارییەکانی دادگایە. هەموو دادوەران یەکێک لە زمانە بەکاربراوەکانی دادگا دەزانن، ئەو زمانانەش ئینگلیزیی و فەڕەنسیین.

دەبێت دادوەرە پاڵێوراوەکانی دادگا هاووڵاتیی دەوڵەتانی ئەندامی بنەڕەتنامەی ڕۆما بن و دەوڵەتانی ئەندام بەربژێرەکان هەڵدەبژێرن. هەر دەوڵەتێکی ئەندام پاڵێوراوێک بۆ هەڵبژاردنەکان دادەنێت، بەڵام لە دواییدا مەرج نییە هاووڵاتیی ئەو دەوڵەتە ئەندامە بێت و نابێت هیچ دوو دادوەرێک هاووڵاتیی هەمان دەوڵەت بن.

دادوەران بە دەنگدانێکی نهێنیی لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی دەوڵەتانی ئەندام، کە بۆ ئەو مەبەستە کۆ دەکرێنەوە، هەڵدەبژێردرێن. کەسانی هەڵبژێردراوی دادگا ١٨ بەربژێرن، ئەمانەش زۆرترین دەنگ و دوو لە سەر سێی زۆرینەی دەوڵەتانی ئەندام و دەنگدەرانیان، بەدەست هێناوە.

دەبێت لە هەڵبژاردنی دادوەرەکاندا ڕەچاوی ئەوە بکرێت، ئەم کەسانە نوێنەرایەتیی جیاوازیی سیستمی یاسایی جیهان و یەکسانیی نێوان ژن و پیاو و دابەشکاریی جوگرافیی دەکەن. سەرەڕای ئەمەش، پێویستە بە لانیکەمەوە نۆ لە دادوەران ئەزموونی هاوشێوەیان لە یاسا و ڕێکارەکانی تاوان هەبێت، لانیکەم پێنج لەوان پسپۆڕی پانتاییە هاوشێوەکانی یاسای نێودەوڵەتیی بن.

دادوەران لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیاندا سەربەخۆن و بەشداریی لەو چالاکییانەدا ناکەن وا دەبێتە هۆی دەستوەردان لە ئەرکە دادگەرییەکانیان یان کاریگەریی لە سەر سەربەخۆییان دادەنێت. دادوەرەکان پێش دەستبەکاربوون، لە دانیشتنێکی کراوەدا، سوێندی یاسایی دەخۆن، ئەمەش لە بەرانبەر بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیان بە شێوەیەکی بێلایەن و ویژدانمەند.

دادوەران، لەنێو خۆیاندا سەرۆک و دوو جێگری سەرۆک بۆ دادگاکە هەڵدەبژێرن. بە ناوی دادگاوە و لەبری دادگا نوێنەرایەتیی دەکەن، سەرۆکایەتییەکە دەتوانێت پێشنیاری زیادکردنی دادوەران بکات، ئەمە ئەگەر ئەم زیادکردنە پێویست و گونجاو بێت. لەو ڕەوشانەشدا، تۆمارگەکە پێشنیارەکە بۆ هەموو دەوڵەتەکان بەرز دەکاتەوە، ئەمەش لەپێناو کۆتابڕیار لەلایەن ئەنجوومەنی دەوڵەتانی ئەندامەوە.

دادگا لە سێ هۆبەدا خۆی ڕێک دەخات؛ هۆبەی دادگا و هۆبەی دادگای لێکۆڵینەوە و هۆبەی پێداچوونەوە. ئەرکەکانی دادوەران بەپێی هۆبەکان و بەپێی بنەمای سرووشتی ئەو کارانەیە وا دەبێت لەلایەن هەر هۆبەیەکەوە جێبەجێ بکرێت.

لەگەڵ ئەوەی دادوەرەکان مافی خۆهەڵبژاردنەوەیان نییە، ڕەنگە دادوەرانی هۆبەی دادگا و هۆبەی پێداچوونەوە لە نووسینگەکەیان بمێننەوە، تەنانەت ئەمە پاش تەواوبوونی وادەکەشیان بۆ تەواوکردنی هەر دادبینییەک یان پێداچوونەوەیەک، کە پێشوەختە دەستی پێ کردبێت.

## تۆمارگە




"ئۆرگانەکە لەگەڵ گرووپە جۆراوجۆرە هاوبەشکارەکانی زانیاریی گشتیی و
دەستڕاگەشتن بە زانیاریی و پەیوەندیی دەرەکیی، لە پەیوەندییەکی باشدایە."

تۆمارگە یەکێکی ترە لە چوار ئۆرگانەکەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی و بەرپرسیاری ڕەهەندە نادادگەرییەکانی خزمەتگوزاریی و کارە کارگێڕییەکانی دادگاکەیە. تێکڕای ئەو ئەرکانەی تۆمارگە ئەنجامی دەدات، پاڵپشتیی ئامانجە ستراتیژییەکانی دادگایە.

کارەکانی تۆمارگە بەو ڕاستییە دەناسرێنەوە کە دەبێت هەمیشە ئەندامێکی بێلایەن بێت. تۆمارگە ئاگاداری ئەوەیە چۆنایەتیی و کارامەیی و ڕوونیی و کاتی چالاکییەکانی، باندۆر دەخەنە سەر بەدەستهێنانی کۆی ئامانجەکانی دادگا. چوارچێوە یاسایی و پێودانگە نێودەوڵەتییەکان و پێشکەوتنەکانی بواری تەکنەلۆژیای زانیاریی و پێوەندیی، گورزەهۆکارێکی ڕێنموێنیی تۆمارگەکەن.

**تایبەتمەندیی لێهاتوویی دادپەروەریی**

بەشی پشتگیریی پارێزەریی تۆمارگە وا لە کەسانی گومانلێکراو و تاوانباران دەکات لەلایەن دەستەی بەرگریکارانەوە نوێنەرایەتیی بکرێن و ببنە بەشێک لە بنەماکانی یەکسانیی و هاوشانیی و وەدەستخستنی پشتگیریی دەستەی بەرگریکاران، ئەمەش بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان. بەشەکە یارمەتیی پارێزەرانی قوربانییان دەدات و بەرپرسە لەو هاریکارییە یاساییانەی وا دادگا خەرجییەکانی دابین دەکات.

ئەم ئۆرگانە لە ڕێی کارە بنچینەییەکانەوە، وەک یارمەتییدانی قوربانییان بە بەشدارییان لە دادخوازییەکی یاسایی و پرۆسەکانی قەرەبووکردنەوەدا، پارێزگاریی لە گەواهیدەران و بەڕێوەبردنی بەشی دەستبەسەرکردن، خزمەتگوزاریی هۆبەکانی دادگا و پاڵپشتیی لێکۆڵینەوە و دادگاییەکان دەکەن.

ئەم ئۆرگانە خزمەتگوزاریی وەرگێڕانی نووسینەکیی و زارەکیی بۆ گشت دانیشتنەکانی دادگا دابین دەکات، هەروەتر بەرپرسیارە لە هەموو تۆمار و بەڵگەهەڵگرییەکان و ئەو ئاگادارکردنەوانەی بە بەڕێوەبردنی دادگا سپێردراون.

ئۆرگانەکە لە پەیوەندییەکی باشدایە لەگەڵ گرووپە جۆراوجۆرە هاوبەشکارەکانی بوارەکانی زانیاریی گشتیی و دەستراگەشتن بە زانیاریی و پەیوەندیی دەرەکیی.

چالاکیی پەیوەندییە دەرەکییەکان ئامادەسازیی دەکەن بۆ پاڵپشتیی و ئاسایشیی دەوڵەتان و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان لە بابەتەکانی وەک پاراستنی گەواهیدەران و سەپاندنی سزاکان و ئاڵوگۆڕی زانیاریی و لۆجیستیکی مەیدانیی و ئاسایش، هەروەتر، ئۆرگانی تۆمارگەکە بەرپرسیاری جێبەجێکردنی فەرمانی هۆبەکانی دادگاکەن، وەک: جێبەجێکردنی فەرمانی دەستگیرکردن و کێشانەوە و بلۆککردنی سامانەکان.

دامەزراوە ناحکوومیی و پیشە یاسایی و ئەکادیمییەکان، کارتێکەرێکی تری بایەخداری سیستمی یاسای تاوانی نێودەوڵەتیین و تۆمارگەکە تێیدا بەشدارە. بە شێوەیەکی گشتیی، پەیوەندیی لەگەڵ هاوبەشکارەکان لەلایەن نووسینگەی تۆمارکەرەوە دادەمەزرێت و بەڕێوە دەچێت.

کەرتی ئۆپەراسیۆنی مەیدانیی (FOS)، کەرتی خزمەتگوزاریی ڕاوێژکاری یاسایی (LAS) و فەرمانبەری زانیاریی گشتیی (PIOS) ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاو لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هاوبەشکارەکان دەگێڕن. بە هەمان شێوە، ئەم بەشانە دەتوانن وەک بەشی بەشداریی قوربانییان و بەشی قەرەبووکردنەوە و

یەکەی قوربانییان و گەواهیدەران و تەنانەت بەشی دەستبەسەرکراوانیش، کاریگەرانە، تەنیا لە ڕێی ئاڵوگۆڕ و بەریەککەوتن لەگەڵ ئەم بکەرە دەرەکییانە، فەرمانەکانیان جێبەجێ بکەن. بەشی دەستڕاگەشتن بە زانیاریی چەقی بەدەستهێنانی ئامانجەکانی دادگایە لە بوون بە دامەزراوەیەکی ناسراو و پاڵپشتیکراو. تۆمارگەکە بەرپرسیاری گەشەپێدان و جێبەجێکردنی پرۆگرامی دەستڕاگەشتن بە زانیاریی دادگاکەیە، ئەمەش بە یارمەتیی پلانە ستراتیجییە وردەکانی دادگا لەمەڕ دەستڕاگەشتن بە زانیاریی دادگاکە. بەشی دەستڕاگەشتن بە زانیاریی پێوەندییەکی نزیکایەتیی لە نێوان خۆی و کۆمەڵگە کارتێکراوەکان چێ بکات. ئەمەش دەبێت وا بکات تێگەیشتنێکی باشتر لەمەڕ نیگەرانییەکانی بێتە گۆڕێ، هەروەها دەبێت خزمەتی زیادکردنی متمانەیان لە دادوەریی تاوانی نێودەوڵەتییدا، بکات.

سەرپاکی ئەو پاڵپشتییانەی تۆمارگە بۆ ئۆرگانەکانی دادگای دەستەبەر کردوون، هەروەها درێژ کراوەتەوە بۆ ئەو نووسینگانەی لە ڕووی کارگێڕییەوە پێوەی بەستراون.

# بەشی دەستڕاگەشتن بە زانیاریی



بەشی 'دەستڕاگەیشتن بە زانیاریی'[80] دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی دادگەریی دەستەبەر دەکات، ئەمەش بە هەڵبەستنی ڕایەڵەکانی پەیوەندیی نێوان دادگا و ئەو کۆمەڵگایانەی بەهۆی ئەو تاوانانەی لە ژێر باری لێکۆڵینەوە و دادگاییدان، زیانیان بەرکەوتووە. بەشی دەستڕاگەیشتن بە زانیاریی ڕۆژانە چەند ڕێیەکی جیاواز بەکار دەهێنێت بۆ پەیوەندیی بە ڕزگاربووانی تاوانە گەورەکان و پیشەگەر و ئەندامە ئارەزوومەندەکانی تری نێو کۆمەڵگە و خێزانی قوربانییان و لایەنگران و خێزانی تۆمەتبارەکان و ئەندامی ئەو کۆمەڵگانەی بەهۆی ناکۆکییەکانەوە زیانیان بەر کەوتووە. بەشی دەستڕاگەیشتن بە زانیاریی زانیاریی دەدات و گوێ دەگرێت و پەیوەندییەکان بەهێز دەکات.

## زانیارییەکان

بەشی دەستڕاگەیشتن بە زانیاریی وەک قسەکەرێکی ناوخۆیی کار دەکات و بە زمانە ناوخۆییەکان هەواڵ و زانیارییەکانی دادگا و دادخوازییەکان بۆ کۆمەڵگە دەگوازێتەوە. بەشی دەستڕاگەیشتن بە زانیاریی، بەشداریی پڕۆگرامەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن دەکات و بڵاوکراوە لە پێگە کۆمەڵایەتییەکاندا دادەنێت و لە سیمینار و وۆرکشۆپەکاندا بەشداریی دەکات و وێنەی ژووری دادگا و کورتەڤیدیۆی دادخوازییەکان پیشان دەدات، هەندێ جار تەنها گوێ دەگرێت و وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە. هەروەها بەشی دەستڕاگەیشتن بە زانیاریی، لەگەڵ خەڵکی ناو بازاڕە ناوخۆییەکان گفتوگۆ دەکات، سا بە شێوەی سەرهێڵ پەیوەندیی لەگەڵ پارێزەر و ڕۆژنامەنووس و کۆمەڵگەی مەدەنیی

[80] Outreach.

دەبەستێت، تەنانەت هەندێک جار گەشت بۆ گوندە بچووکەکانیش دەکات. هەروەتر بەشی دەستڕاگەیشتن بە زانیاریی، قوربانییان لە ئەگەر و مافی بەشداریی لە دادخوازییەکان و داواکاریی قەرەبووکردنەوە، ئاگادار دەکاتەوە. ئەو کۆمەڵگایانەی ئاگادار کراونەتەوە، بۆ بەشداریی دادگا، بڕیاری باشترین ڕێباز دەدەن.

## گوێگرییەکان

بەشی دەستڕاگەیشتن بە زانیاریی، گوێ دەگرێت و سەرنج لە پرسیارە ڕاستەقینەکان دەدات و بەپێی نیگەرانییەکانی کۆمەڵگە دانیشتنی زانیارییەکان دەگونجێنێت و ئامۆژگاریی لە سەرکردە ناوخۆیی و ڕێکخراوە ناحکوومییەکانەوە وەردەگرێت و هەستیاریی کەلتووریی ڕەچاو دەکات. هەروەها بەشی دەستڕاگەیشتن بە زانیاریی، پرسیارەکانی کۆمەڵگا کۆ دەکاتەوە و دەنگەکانیان بەرز دەکاتەوە تا بەڕێوەبەرانی باڵای دادگا وەڵامی بدەنەوە، جا چ لەلایەن سەرۆکی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی و داواکاری گشتیی یان تۆمارکەرەکەوە بێت. بیستن و بەڵگەنامەی چیرۆکی خەڵکیی چ دەربارەی هیوا و نائومێدیی و ترس بێت یان چاوەڕوانییەکانیان بۆ ئەنجامدانی دادپەروەریی، هەروەها ڕەزامەندبوون بە هەموو  بۆچوون و پەرچەکردارەکان و ئامۆژگاریی؛ ئەمانە هەموو چالاکییە ڕۆژانەییەکانی  بەشی دەستڕاگەیشتنن بە زانیاریی. بڕێک کەڕەت تەنها گوێگرتن و بەخشینی دەنگێک بە خەڵک، بە تایبەتیش قوربانییان، هێزیان دەداتێ و دەزانن ئەوان لە بیری هەموو جیهاندان و کەسێک گوێیان بۆ شل دەکات.

## پەیوەندییەکان

بەشـی دەسـتڕاگەیشـتن بە زانیاریی، کۆمەڵگەکان بە ژووری دادگاوە گرێ دەدات، ئەمەش وا دەکات خەڵکانی هەزاران میل دووری دادگا، هێشـتا بتوانن ڕوانگەی خۆیان لەمەڕ دادخوازییەکانی دادگا بخەنە ڕوو. هەروەها دەسـتەی بەشـی دەسـتڕاگەیشـتن بە زانیاریی، گەشـتی چەند هەزار کیلۆمەتریی دەکەن و داینەمۆ و وێنەنوێنەکانییـان هەڵـدەگرن و شـاشـە و دیوارەکان و تەنـانەت سـەرمێزەکـانیـش بـۆ پیشـانـدانی دادخـوازییـەکـانی دادگـا بە کـۆمەڵگە زیانلێکەوتووەکان بەکار دێنن، بە واتایەکی تر، ئەمەش بۆ هێنانەناوەوەی خەڵک بۆ ژووری دادگا. یەکێک لە ئامانجەکانی بەشـی دەسـتڕاگەیشـتن بە زانیاریی، ناسینی کۆمەڵگە و درووستکردنی پەیوەندیی و متمانەیەکی وەک دادگای تاوانی نێودەوڵەتییە، جا سـەرباری مەودای دوورییەکەی، بەڵام هێشـتا هەبوونی لە ژیانی خەڵکییدا واتادارە.

## تواناسازیی

ئـاگـادارکـردنەوە لە بڕیـارەکـان، گوێگـرتن لەوانی تـر، درووسـتکـردنی پەیوەندیی ڕاسـتەقینە لەگەڵ دادگا؛ ئەمانە یارمەتیی ئەو خەڵکانە دەدەن کە بەهۆی تاوانەکانەوە زیانییان بەرکەوتووە، تا ببینن دادپەروەریی دەچەسـپێت و یـارمەتییـان دەدات بژاردەکانییـان بزانن تـا ببنە بەشـێک لە پرۆسـەی دادگا، ئەمەش هەنگاوێکە بۆ زیاتر مانادارکردنی ئەو پرۆسەیە، بۆ ئەوەی دادپەروەریی ببێتە بەشێک لە داخستنی پەڕاوەکەیان و چاکبوونەوەیان. بە دەستگەیشتن بە

دادوەریی، بەشی دەستڕاگەیشتن بە زانیاریی، ئامانجییەتی هێز بداتە ڕزگاربووان و هەموو کۆمەڵگە، ئەوانیش گەرەکە بزانن دادگا بۆ ئەوانە.

## بەرنامەی کۆمەڵگەکان

بەشی دەستڕاگەیشتن بە زانیاریی چەندین دانیشتنی زانیاریی بۆ کۆمەڵگە زیانلێکەوتووەکان ڕێک دەخات، لە نموونەی ئەو کۆمەڵگە زیانلێکەوتووانەش، وەک؛ سەرکردە ئایینیی و کۆمەڵایەتییەکان، منداڵان و گەنجان، ژنان، کەسانی خاوەنپێداویستیی تایبەت و هتد... هاوکات سەرنج دەداتە هەریەک لە پێویستییەکانی ئەم کۆمەڵانە و ژینگەیەکی پشتگیریکارانە بۆ بەشداربووان فەراهەم دەکات.

## بەرنامەی میدیا

میدیا، بە تایبەتیی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن، ڕایەڵەیەکی گرنگی پێوەندیین، ئەمەش لە پێناو گەیشتن بە بەردەنگێکی فراوانتر. ڕادیۆ و وێستگەکانی تەلەڤزیۆن و ڕۆژنامە و ئاژانسە هەواڵییەکان، ڕۆژانە زانیارییەکان لەمەڕ دادگاکە لە نێو ئەو وڵاتەی ڕووداوەکەی لێ ڕوودەاوە، بڵاو دەکەنەوە. بەشی دەستڕاگەیشتن بە زانیاریی بەرنامەی ڕاهێنان ڕێک دەخات و لەگەڵ ڕۆژنامەنووسە ناوخۆییەکان و ئیدیتۆرەکاندا کار لە سەر پرۆژە هاوبەرهەمهێنانەکان دەکات، هەروەها شارەزایی و زانین ئاوێتەی یەکدی دەکات، ئەمەش لەپێناو فەراهەمکردنی زانیارییەکی درووست بۆ دادگاکە و گشتاندنی دادخوازییەکە.

## بەرنامەی کۆمەڵگەی یاسایی

ئەوانەی پیشـەداری یاسـایین، بە تایبەتیی کۆمەڵەی پارێزەران و دادوەران، داوای زانیاریی لە دادگاکە دەکەن تا هاریکارییەکان بەهێز بکات و ڕادەی زانین بەرز بکاتەوە، هەروەسا بەشـداریی وەک پارێزەر، یاخود کارکردن وەک شـارەزاییەکی ناوخۆیی لەمەڕ پرسـگرێکە دادگەرییە نێودەوڵەتییەکان. ئەمەش لە ڕێی مێزگرد و دانیشـتن و گۆڕینەوەی زانیارییەوە، بەشـی دەسـتڕاگەیشـتن بە زانیاریی، وا دەکات شـارەزایانی بواری یاسـا، زانینێکی تەواوەتییان لە ئاسـتی نیشـتیمانیدا هەبێت و ئەزموون لە هاوپیشەکانی خۆیان لە نێو دادگەکە، وەربگرن.

## بەرنامەی ئەکادیمی

سـەرپـاکی دۆکۆمێنتە یـاسـایی و نـامیلکەکانی کۆمەڵەی ئەکادیمیی بۆ خوێندکارانی یاسا و پرۆفیسۆرەکان بەردەست دەبێت، ئەمانە دەربارەی یاسای نێودەوڵەتیی و دادگای تاوانی نێودەوڵەتیین، هەروەها وانەکان، سـیمینارەکان و هەر چەشـنە زانیارییەکی تر دەربارەی دادگەریی نێودەوڵەتیی لە ڕێی بەرنامەکانی بەشـی دەسـتڕاگەیشـتن بە زانیارییەوە. بەشـی دەسـتڕاگەیشـتن بە زانیارییش کونجێکە لە هەوڵێک تا هانی کۆرسەکانی یاسای تاوانی نێودەوڵەتیی لە زانکۆکانی یاسا بدات، ئەمەش بۆ نەهێشتنی ئەو نەریتە باوەی بواری یاسا لەو وڵاتانەدا.

# بەشی دەستبەسەرکردن




"دەستبەسەران بە بێتاوان هەژماردەکرێن تا ئەوکاتەی تاوانبارییان دەسەلمێندرێت"

بەشی دەستبەسەرکردنی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لە هۆڵەندایە، دەکەوێتە کۆمەڵەگرتووخانەیەکی شێڤنینگی دەوروبەری لاهایەوە. کاری هێشتنەوەی کەسانی دەستبەسەرکراوی ژێر دەسەڵاتی دادگای تاوانی نێودەوڵەتییە بە چاودێرییەکی سەلامەت و سەقامگیر و مرۆڤانەوە.

تۆمارکەری دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی بەرپرسیارێتیی تەواوەتیی هەموو ڕێگاکانی بەڕێوەبردنی بەشی دەستبەسەرکردنی هەیە، لەوانەش؛ ئاسایش و ڕاسپاردن و توانای هەموو بڕیاردانەکانی پەیوەست بەوان، وەک لە پەیڕەوی ٩٠ی یاساکانی دادگا هاتووە. تۆمارگەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا، هەوڵی دڵنیایی ئاسوودەیی دەروونیی و جەستەیی و ڕۆحیی دەستبەسەرکراوان دەدات، ئەمەش بە سیستمێکی بەکارهاتووی دەستبەسەرکردن و بەڕەچاوکردنی جیاوازیی کەلتووریی و گەشەسەندنیان وەک تاکێک.

لە بەدەستهێنانی ئەم ئامانجەدا، پرۆگرامی ڕۆژانەی بەشی دەستبەسەرکردن ئەم مافانە بۆ دەستبەسەران دەڕەخسێنێ: پشوویەک هەڵبێننەوە و کات بەسەر بەرن و چالاکییە وەرزشییەکان بکەن، هەروەتر پەڕتووکخانە و هەواڵ و تەلەفزیۆنیان بەردەست بخرێ.

دەستبەسەران ئاسانکاریی کۆمپیوتەرییان بۆ کارکردن لە سەر پەڕاوەکانی خۆیان، بۆ دابین دەکرێت. ئەگەر پێویست بێت دەرفەتی فێرکاریی کۆمپیوتەر بە دەستبەسەران دەبەخشرێت. بەپێی یاسای دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی، وەک دادگایەکی ئەلیکترۆنیی، هەر دەستبەسەرێک کۆمپیوتەری تایبەت بە خۆی لە

ژوورەکەیدا بۆ بەردەســت دەخرێ، ئەمەش بە کۆمپیوتەرێکی تایبەتی دادگاوە بەســتراوەتەوە و تەنها پارێزەرەکەی مافی دەســتگەیشــتن بە کۆمپیوتەرەکەی هەیە. پارێزەرەکە دەتوانێت بابەتی پەیوەندیدار بە پەڕاوەکە بۆ کۆمپیوتەرەکە بگوازێتەوە و دەستبەسەرەکەش مافییەتی لێدوانیان لە سەر بدات.

دەســتبەســەرکراو مافی هەیە بە شــێوەیەکی تایبەت لەگەڵ پارێزەرەکەی دابنیشــێت و بۆ پارێزەرەکەی ڕوون بکاتەوە، کە چەندێک گرنگە ئازادانە بتوانێت لەگەڵ نوێنەرێکی دیپلۆماتیی یاخود ڕاوێژکاریکی وڵاتەکەی خۆی گفتوگۆ بکات؛ کەسی دەستبەسەرکراو مافی ئەوەی دەدرێتێ پەیوەندیی لەگەڵ ئەو کەسانە هەبێت وا دەکەونە ژێر ئەم دوو دەســتەیەوە، ئەمەش واتە نابێت بەشی دەستبەسەرکردن چاودێریی ئەو پەیوەندییانە بکات.

ســەرەڕای ئەمانەش، وەزیر و ڕاوێژکاری ڕۆحیی و باوەڕ و ئایینیی دەتوانن لە ناوچەی بەشی دەستبەسەرکراوان، سەردانی کەسی دەستبەسەرکراوان بکەن.

بۆ هێشتنەوەی پەیوەندییە خێزانییەکان بەپێی ڕێنماییەکانی تۆمارگەکە، تۆمارکەرەکە سەرنجی تایبەت دەداتە سەردانیی خێزان و هاوژین و ئەویندارى دەستبەسەران، ئەگەر پێویستی کرد ڕێوشوێن بۆ هاوکاریی خێزانەکان لە ڕێکارە پێویستەکاندا دابین دەکات.

دەســتبەســەران خواردنی ئامادەکراوی گونجاویان بۆ دابین دەکرێت، گەرەکە ئەمە لەگەڵ جۆرێتیی و چەندێتیی پێودانگە خۆراکییە هاوچەرخەکاندا باش و گونجاو بێت، هەروەها دەتوانن خۆیان خواردنی خۆیان ئامادە بکەن و کەلوپەل و پێداویســتییەکانیان بکڕن، ئەمەش لە ڕیزبەندی بازاڕکردنی بەشــی

دەستبەسەراندا هاتووە و بەردەستە، تا بتوانن بەپێی حەز و ئارەزوو و پێویستیی کەلتووریی خۆیان ژەمەکانیان ئامادە بکەن.

بەگوێرەی ڕێککەوتننامەی نێوان دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی و خاچی سوور، کە لە ٢٩ی ئازاری ٢٠٠٦ مۆر کرا، خاچی سووری نێودەوڵەتیی دەبێتە دەسەڵاتی پشکنەر، سا دەستڕاگەیشتنی بێسنووری بەشی دەستبەسەرکردنی هەیە. نوێنەرەکان بەبێ ئاگادارکردنەوە سەردانی بەشی دەستبەسەرکردن دەکەن، ئەمەش بە مەبەستی لێکۆڵینەوەی چارەسەریی دەستبەسەرکراوان و بارودۆخی ژیان و جەستە و دەروونییان و بە گونجان لەگەڵ ئەو پێودانگە نێودەوڵەتییە پەسەندکراوانەی وا سەرپەرشتیی مامەڵە لەگەڵ کەسانی دەستەبەسەرکراو دەکەن.

دەستبەسەران بە بێتاوان هەژمار دەکرێن تا ئەو کاتەی تاوانبارییان دەسەلمێندرێت. ئەگەر لە ژێر دەسەڵاتی دادوەریی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی تاوانبار بکرێن، ئەوا ماوەی زیندانییەکەیان لە بەشی دەستبەسەرکراوانی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی نابەنە سەر، بەو پێیەی ئەو بەشە بۆ مەبەستی بەڕێوەبردنی زیندانییە تۆمەتبارەکان درووست نەبووە، بۆیە دەگوازرێنەوە بۆ زیندانییەک لە دەرەوەی هۆڵەندا، ئەمەش بۆ بەسەربردنی ماوەی زیندانییەکەیان بەپێی ڕێککەوتنی نێوان دادگای تاوانی نێودەوڵەتی و ئەو دەوڵەتە خانەخوێیەی وا زیندانییەکەی بۆ دەگوێزرێتەوە.